پەرلەمانی کوردستان ئەنجامی سەردانی شاندەکەی بۆ بەغدا و بیرۆکەیەک سەبارەت بە ژمارەی دانیشتووانی هەرێم خستەڕوو

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5830) چوارشەممە 18ی ئەیلوول 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

پێشنیوەڕۆی دوێنێ سێشەممە 2019/9/17 بە سەرۆکایەتیی د. ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و مونا نەبی قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (1)ی ئاساییی خولی پایزە لە سالّی یەکەمی خولی پێنجەمی هەلّبژاردن بەڕێوەچوو. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

پەیوەندیی بەهێز لە نێوان بازرگانانی کوردستان و ڕووسیا دروست کرا

ژووری پیشەسازی و بازرگانییەکانی کوردستان و هەرێمی مۆسکۆ ماوەی چەند ڕۆژێکە لە کۆبوونەوەی بەردەوامن لەپێناو بەهێزکردنی پەیوەندیی بازرگانیی کوردستان و ڕووسیا و بڕیارە دواجار یاداشتی لێکتێگەیشتن واژۆ بکرێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە وەزیری دەوڵەتی هیندستان بۆ کاروباری دەرەوە و پەرلەمان دەکات

سەرۆک بارزانی خۆشحاڵیی خۆی بۆ پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و هیندستان نیشان دا

دوێنێ سێشەممە 2019/9/17 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە ڤیرماقالی مۆرالی دەهاران وەزیری دەوڵەتی هیندستان بۆ کاروباری دەرەوە و پارلەمان و شاندێکی یاوەری کرد.

لە دیدارەکەدا وەزیری دەوڵەتی هیندستان بۆ کاروباری دەرەوە و پارلەمان، پێزانینی خۆی بۆ قوربانیدانی گەلی کوردستان لە شەڕی دژی تیرۆریستان ڕاگەیاند و وێڕای ئاماژەدان بەوەی کە بە باشی لە ئێش و ئازارەکانی گەلی کوردستان گەییشتووە، خۆشحاڵیی خۆیشی نیشان دا بەو پێشڤەچوونەی کە لە بواری گەشەسەندنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا هاتووەتە ئاراوە کە لەسەر ڕێچکەیەکی دروستیشە.

وەزیری دەوڵەتی هیندستان بۆ کاروباری دەرەوە و پارلەمان، ئامانجی سەردانەکەی بۆ هەرێمی کوردستان بۆ سەرۆک بارزانی شیکردەوە و داوای کرد کە پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتەکەی و هەرێمی کوردستان لە بواری کولتووری و تەندروستی و بازرگانی پەرە بستێنێت.

لەو دیدارەدا سەرۆک بارزانی سوپاسی وەزیری دەوڵەتی هیندستان بۆ کاروباری دەرەوە و پەرلەمان و شاندی یاوەری کرد و گەلی هیندستانی بە گەلێکی مەزن و خاوەن مێژوو وەسفکرد، هەروەها مەهاتما گاندیشی بە سەرچاوەی ئیلهام بۆ گەلانی ئازادیخواز و رزگاربوون لە چەوسانەوە لە قەڵەم دا. سەرۆک بارزانی خۆشحاڵیی خۆشی بۆ پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی هیندستان نیشان دا. هەر لەو دیدارەدا هەرێشەی تیرۆر و هزری توندڕێیی لەسەر ئاساییشی جیهان تاوتوێکرا و جەخت لە هەماهەنگیی نێودەوڵەتی و جیهانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر کرایەوە.



سەرۆک کۆمار و سەرۆکی هەرێم کۆبوونەوە و پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدایان تاوتوێ کرد

بەڕێزان بەرهەم سالّح سەرۆک کۆماری عێراق و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەختیان لە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدا و بەردەوامیی گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستوور کردەوە.

لە کۆبوونەوەیەکدا کە ئێوارەی دوێنێ 17/9/2019لە هەولێر بەڕێوە چوو و تیایدا دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان، جێگرانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دارایی عێراق و ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەی بوون، گفتوگۆ لە بارەی پرسە گرنگەکانی نێوان حکوومەتی فیدرالّ و حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە کرا، بەتایبەتی پرسەکانی بودجەی گشتیی سالّی داهاتووی عێراق و ماددەی (140و داڕشتنی یاساکان و هەڕەشە و مەترسییەکانی تیرۆ و تووندڕەوی.

لە کۆبوونەوەکەدا جەخت لە گرنگیی پاراستنی یەکڕیزیی لایەنە کوردستانییەکان لە عێراق و هێزە عیراقییەکان و کاری پێکەوەییان و یەکدەنگی لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان و بەرەودان بە پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدا کرایەوە.

شایەنی باسە سەرۆک بەرهەم سالّح و شاندێکی یاوەری، ئێوارەی دوێنێ بە سەردانێک گەیشتنە هەولێر و لەلایەن نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە پێشوازییان لێکرا.

دکتۆر فرسەت سۆفی

وەک پارێزگاری نوێی هەولێر دەستبەکاربوو

دوێنێ سێشەممە 17ی ئەیلوولی 2019 لە ڕێوڕەسمێکدا کە وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێبەر ئەحمەد و سەرجەم بەڕێوەبەرەکانی سنووری پارێزگای هەولێر ئامادەبوون پرۆسەی ئالّوگۆڕی پۆستی پارێزگاری هەولێر بەڕێوەچوو کە دکتۆر فرسەت سۆفی لە شوێنی نەوزاد هادی وەک پارێزگاری نوێی هەولێر دەستبەکاربوو. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی لیبرالّ دیموکراتی بەریتانی جەخت لە پتەوکردنی پەیوەندییەکان دەکەن

2

بەرپرسێکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هۆشداری لەبارەی ڕێکخستنەوەی داعش دەدات

بەرپرسی میحوەری باشوور و ڕۆژئاوای کەرکووکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هۆشداری لە ڕێکخستنەوەی داعش دەدات و دەڵێت، تیرۆریستانی داعش لە ناوچەکە بلاوبوونەتەوە و ئەگەر بەرەنگاریان نەبینەوە، مەترسیی ئەوەیان هەیە دەستبەسەر چەند ناوچەیەکدا بگرن. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



ئەشکەوتی بارەگای ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق دەکرێتە پڕۆژەیەکی گەشتیاری

دوای ئەوەی بوونی دەزگایەکی ڕاگەیاندنی بیستراو بە پێویست زانرا بە بڕیاری سەرکردایەتی شۆڕش بە ڕابەرایەتی بارزانیی نەمر ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق بە فەرمی لە (28ی ئەیلولی 1963) دەستی بە پەخش کرد.

(زیاتر لە ل14 بخوێنەوە)



60 هەزار پەنجە ماسی خرایە (بەنداوی سماقوڵی)یەوە

وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بێگەرد تاڵەبانی ڕایگەیاند کە بەرهەمی ناوخۆیی ماسی 40%ی پێداویستی ناوخۆ دابین دەکات و 60%ی هاوردە دەکرێت و ئاشکرایشی دەکات کە لە چوارچێوەی پەرەپێدانی بەرهەمە خۆماڵییەکاندا، سەد هەزار پەنجە ماسی-یان بەسەر جووتیاراندا دابەشکردووە بۆ ئەوەی بتوانن ڕێژەی سامانی ماسی بەرزبێتەوە.

(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)



سلێمانی.. لە مەراسیمێکدا بەرهەمەکانی شێخ سەلامی شاعیر بڵاوکرایەوە

شێخ سەلام عازەبانی شاعیر و ئەدیب و کەسایەتییەکی سیاسی و نیشتمانپەروەری کورد بووە و لەو سەردەمەدا دڵسۆزێکی شێخ مەحمودی نەمر بووە، ئەم ڕووناکبیرە یەکێکە لە پێشەوایانی شاعیرانی کورد لە سەدەی بیستەمدا کە بە شیعرە نەتەوەیی و شۆڕشگێڕیی و چاونەترسانەییەکەی هاتە نێو دنیای شیعر و ئەدەبیاتی کوردییەوە بۆ ئەو قۆناغە و لەو سەروەختە مێژوونووسیدا کە جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی کورد و شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی نەمر و ڕاپەڕینەکانی بارزان و شۆڕشی شکاک لە ئارادابوون. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**



سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندێکی باڵای هیندی کۆبوونەوە

نێچیرڤان بارزانی جەختی لە خواستی هەرێمی کوردستان بۆ بەرەوپێشبردنی زیاتری پەیوەندییەکانی لەگەڵ هیندستان کردەوە

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەختی لە خواستی هەرێمی کوردستان بۆ بەرەوپێشبردنی زیاتری پەیوەندییەکانی لەگەڵ هیندستان کردەوە و ئامادەیی هەرێمی کوردستانی بۆ پێشکەشکردنی هەموو ئاسانکارییەک لەمبارەیەوە نیشان دا.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی نیوەڕۆی دوێنێ سێشەممە 2019/9/17 لە هەولێر لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ بەڕێز ڤیرماڤالی مۆرالی دەهاران وەزیری دەوڵەتی هیندستان بۆ کاروباری دەرەوە و پەرلەمان و شانديکی یاوەری، پوختەیەکی دەربارەی قۆناغی ڕابردوو و ئێستای ناوچەکە، دۆخی دەستی کاری هیندی لە هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی هەولێر-بەغدا و بوونی ژینگە و یاسای لەبار بۆ وەبەرهێنەرانی بیانی لە هەرێمی کوردستان، پێشکەشکرد.

لای خۆیەوە بەڕێز دەهاران پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی لە سەرۆک نێچیرڤان بارزانی کرد و سڵاوی بەڕێزان سەرۆک و سەرۆک وەزیرانی هیندستانی پێگەیاند، هەروەها پێزانینی ولاتەکەی بۆ قوربانیدانی گەلی کوردستان لە شەڕی دژی تیرۆر و خواستی ولاتەکەی بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە.

تاوتوێکردنی گرنگیی بوونی گەشتی ڕاستەوخۆی ئاسمانی لەنێوان هەرێمی کوردستان و هیندستان، کاری هاوبەش بۆ لەناوبردنی تیرۆر، دیاریکردنی بواردکانی کاری هاوبەش لە کەرتە جیاوازەکاندا، دۆخی دەستی کاری هندی و هاوکاریی هەرێمی کوردستان بۆیان، هەروەها ڕێوڕەسمی پەردەلادان لەسەر پەیکەری غاندی لە پارکی شەهید سامی عەبدولڕەحمان لە هەولێر، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.



سەرۆکی حکوومەت پێشوازی لە وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوەی هیندستان دەکات

دوێنێ سێشەممە 2019/9/17 مەسرور بارزانی سەرۆکی وڵاتەکەشی دەربڕی بۆ ئەوەی لە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی وڵاتی هیندستان کرد بە سەرۆکایەتی ڤیرماڤالی مۆرالی دەهاران وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوەی هیندستان ئاماژەی بە گرنگیی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و هیندستان کرد بەتایبەتی کە ڕەوەندێکی گەورەی هیندی لە هەرێمی کوردستان دەژین. ئامادەیی وەبەرهێنەرانی بکەن. مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەوە کردەوە کە کابینەی نێچیرڤان بارزانی دەستبەکاربووە

پرسەنامەیەک لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی حاجی عەلی زێوێیی کەسایەتی نیشتمانپەروەر و کۆمەڵایەتی دیاری شاری سلێمانیم بیست. پرسە و سەرەخۆشی گەرمی خۆمان لە خانەوادە بەڕێزەکەی دەکەین و ئومێدەوارین خوای مەزن بە بەهەشتی شاد بکات و ئارامی و دڵنەواییش بە کەسوکارەکەی ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

نوێنەری هەرێم لە ڕووسیا بۆ «خەبات»:

پەیوەندیی بەهێز لە نێوان بازرگانانی کوردستان و ڕووسیا دروست کرا

ژووره پیشەسازی و بازرگانیەکانی کوردستان و هەرێمی مۆسکۆ ماوەی چەند ڕۆژێکە لە کۆبوونەوەی بەردەوامن لەپێناو بەهێزکردنی پەیوەندیی بازرگانیی کوردستان و ڕووسیا و بڕیارە دواجار یاداشتی لێکتێگەیشتن واژۆ بکرێت.

لەمبارەوە دانەر ئەبووبەکر، کاربەڕێکەری کاروباری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووسیا بە خەباتی ڕاگەیاند: لە کۆبوونەوەی هەردوو ژووره بازرگانی و پیشەسازییەکانی ڕووسیا و هەرێمی کوردستان گفتوگۆ لەسەر کۆمەڵێک بابەتی گرنگی ئابووریی نێوان کوردستان و ڕووسیا کراوە، وەک پلاندانان بۆ باشترکردن و بەهێزترکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان هەردوولا و پێشخستن و سوودبینین لە شارەزایی و لێهاتوویی هەرێمی فیدراڵی شاری مۆسکۆ لە بوارەکانی، وەبەرهێنان و بە کەرتی تایبەتیکردنی ڕێگەوبان و گواستنەوە، گەشتوگوزار و کارەبا، خاوێنڕاگرتنی شار و ڕێکخستنی تەواوی سێکتەرەکانی وەبەرهێنان لە نێوان هەردوو لایەندا".

کاربەڕێکەری کاروباری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووسیا گوتیشی: کۆبوونەوەیەکی گرنگ بووە بۆ کردنەوەی دەرگایەکی نوێی بازرگانی لە نێوان کوردستان و هەرێمی مۆسکۆ بۆ قۆناغی خوارەوەی پەیوەندییەکان، چونکە لە قۆناغی سەرەوەدا پەیوەندی باش هەیە، کۆمپانیا گەورەکانی وەک (ڕووست نەفت و گاز پرۆم) لە کوردستانن، بۆیە پێویستی دەکرد لە خوارەوەش ئەو پەیوەندییە بەهێز بکرێت و بیبێتە کرانەوەی دەرگایەکی نوێ.

دانەر ئەبووبەکر ڕاشیگەیاند: ژووره بازرگانی و پیشەسازییەکانی مۆسکۆ بەڵێنیان دا کاری تەواو لەسەر ئەو پرسە بکەن و خۆشیان دێنە هەرێمی کوردستان و کۆمەڵێک وەبەرهێنەر لەوێ ئامادەبوون و ناونیشانی بازرگانیان گۆڕییەوە و ئامادەکاریی تەواو کراوە کە کاری هاوبەش پێکەوە بکرێت و کاری وەبەرهێنان گرنگی پێ بدرێت.

ئاڵوگۆڕکردنی پۆستی پارێزگاری هەولێر بەڕێوەچوو

دکتۆر فرسەت سۆفی وەک پارێزگاری نوێی هەولێر دەستبەکاربوو

بڕوانامەی سوپاس و پێزانین بە نەوزاد هادی بەخشرا



دوێنێ سێشەممە 17ی ئەیلوولی 2019 لە ڕێوڕەسمێکدا کە وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێبەر ئەحمەد و سەرجەم بەڕێوەبەرەکانی سنووری پارێزگای هەولێر ئامادەبوون پرۆشەی ئالوگۆڕی پۆستی پارێزگاری هەولێر بەڕێوەچوو کە دکتۆر فرسەت سۆفی لە شوێنی نەوزاد هادی وەک پارێزگاری نوێی هەولێر دەستبەکاربوو.

وەزیری ناوخۆ لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێبەر ئەحمەد ڕایگەیاند کە لە پێناو گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوە و کارکردن و گۆڕینی میکانیزمەکانی کارکردن، پۆستی پارێزگار ئالوگۆڕکراوە و خزمەتکردنی بەرچاوی نەوزاد هادی وەک پارێزگاری پێشووش بە هەند وەرگیراوە.

پارێزگاری پێشووی هەولێر، نەوزاد هادی پشتیوانی خۆی بۆ پارێزگاری نوێ، فەرسەت سۆفی ڕاگەیاند و ئاماژەی بەوەکرد کە ئەو وەک کارمەندێک پۆستەکەی پێشووی بەڕێوەبردووە و ئامادەیە بۆ هەر بەرپرسیارێتییەک کە ڕایبسپێرن.

هەروەها پارێزگاری نوێی هەولێر، فرسەت سۆفی ڕوڵی پارێزگاری پێشووی بەرزنرخاند و ڕایگەیاند کە تەواوکەری کارەکانی پێشووی دەبێت و ئاماژەی بەوەیشکرد کە ستافی پارێزگاری هەولێر لە ماوەی ڕابردوودا گرنگی خۆی هەبووە لە گەشەپێدانی هەولێر و لەمەودواش بەیەکەوە کاردەکەن بۆ ئەوەی هەولێر زیاتر گەشە بکات.

فرسەت سۆفی دووپاتیشیکردەوە کە کار بۆ دڵسۆزی، ڕاستگۆیی، دەستپاکی و بێلایەنی دەکەن و ئاشکرایشی کرد کە لە ماوەی داهاتوودا، بەرنامەی کارەکانیان لەبەردەم ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر دەخەنەڕوو. لە کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا لە بەرانبەر ئەرک و ماندووبوونی، بڕوانامەی سوپاس و پێزانین بە نەوزاد هادی بەخشرا.

پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی لیبراڵ دیموکراتی بەریتانی جەخت لە پتەوکردنی پەیوەندییەکان دەکەن



لە میانەی بەشداریکردنی شێرکۆ حەبیب وەک نوێنەری پارتی، لە کۆنفرانسی ساڵانەی پارتی لیبراڵ دیموکراتی بەریتانی لە ڕۆژانی 15 تا 2019/9/16 کە لە شاری بورنموس سازکرا، سڵاوی جەنابی سەرۆک بارزانی و سەرکرایەتی پارتی گەیاندە ڕابەر و سەرۆکی حزبی لیبراڵ، و لە دیدارێک لە گەڵ ڕابەر و سەرۆک و بەرپرسی پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی جەخت لەسەر پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هەردوولا کرایەوەو باس لە ڕەوشی ئەمڕۆی هەرێم و ناوچەکە و دواپێشهاتەکانیش کرا.

هەر لە پەراوێزی کۆنفرانسەکەدا نوێنەری پارتی چاوی بە چەندین کەسایەتی سیاسی و دیبلۆمات کەوت لەوانە بالۆێز ئیبراهیم محیەدین سەرۆکی نووسینگەی کۆمکاری عەرەبی لە لەندەن بالۆێزی ولاتی ئەندەنووسیا دکتۆر ریزال سوکمە، نوێنەری بالۆێزخانەی بەرازیل، سەرۆکی پارتی لیبرالڵ دیموکراتی فەرەنسی پۆل فیشەر، جێگری سەرۆکی نوێنەری تایلەند لە بەریتانیا، بالۆێزی مۆریتانای، لە میانەی ئەو دیدارانە باس لە ڕەوشی هەرێم و پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا و بەرەوپێش چوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا کرا. جێگای باسە نوێنەری پارتی تاکە نوێنەری کوردستانی و عێراقی بوو کە بەشداری ئەو کۆنفرانسەی کرد.







نێچیرڤان بارزانی بەشداریی ڕێوڕەسمی پەردەلادان لەسەر پەیکەری گاندی لە هەولێر دەکات

ئێوارەی دوێنێ سێشەمە 2019/9/17 بە ئامادەبوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەڕێز ڤیرماڤالی مۆرالی دەهاران وەزیری دەوڵەتی هیندستان بۆ کاروباری دەرەوە و پەرلەمان، ڕێوڕەسمی پەردەلادان لەسەر پەیکەری مەهاتما گاندی لە پارکی شەهید سامی عەبدولڕەحمان لە هەولێر بەڕێوەچوو. ڕێوڕەسمەکە کە بۆ یادی 150 ساڵەی لەدایکبوونی گاندی بوو، ژمارەیەکی زۆری بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و دیپلۆماتکار و نوێنەرانی هیندستان و وڵاتانی بیانی تیایدا ئامادەبوون.

پەرلەمانی کوردستان ئەنجامی سەردانی شاندەکەی بۆ بەغدا و بیرۆکەیەک سەبارەت بە ژمارەی دانیشتووانی هەرێم خستەڕوو



پێشنیوەڕۆی دوێنێ سێشەمە 2019/9/17 بە سەرۆکایەتیی د. ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و مونا نەبی قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (1)ی ئاساییی خولی پایزە لە ساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن بەڕێوەچوو.

بەرنامەی کاری دانیشتنەکە لە چوار خاڵ پێکهاتبوو، خاڵی یەکەمی تایبەتبوو بەخستنەڕووی ڕاپۆرتێک سەبارەت بە سەردانی شاندی پەرلەمانی کوردستان بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی پەرلەمانەکانی ئاسیا و شێوازی ڕێکخستنی پەیوەندیی لێژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەلایەن جێگری سەرۆکی پەرلەمان، خاڵی دووەمیش بریتی بوو لە خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پێشنیازە یاسایانەی خوارەوە، هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، پێشنیازی یاسای بەرکارکردن و هەموارى یاسای بەرەنگاربوونەوەی قاچاغیکردن بە نەوت و بەڕووبوومەکان، پێشنیازەیاسای بەرکارکردنی یاسای فیدرالیی پاراستنی بەرهەمە عێراقییەکان، پێشنیازەیاسای ڕێکخستن و یەکخستنی عەلوەکان، پێشنیازەیاسای بەرکارکردنی یاسای فیدرالیی واژۆی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان، پێشنیازەیاسای بەرکارکردن و هەمواری یاسای گرتنی مایەی قاچاغ و قەدەغەکراو بۆ تالوگۆڕکردن لە بازاڕە نێوخۆییەکان، پێشنیازەیاسای بەرکارکردن و هەمواری یاسای هاوردەکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان.

خاڵی سێیەم و کۆتایی بەرنامەی کاریش بریتی بوو لە خستنەڕووی بیرۆکەی ئەندامی پەرلەمان هێڤیدار ئەحمەد، سەبارەت بە ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان.

بەپێی خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار لەلایەن هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامی سەردانی شاندی پەرلەمان بۆ بەغدا بەمەبەستی بەشداریکردن لە کۆنگرەی پەرلەمانەکانی ئاسیا و دیدار و کۆبوونەوەکانی شاندەکەی لە بەغدا بۆ پەرلەمانتاران خستەروو. لە ڕاپۆرتەکەدا جێگری سەرۆکی پەرلەمان ڕایگەیاند: بەشداریکردنی شاندی پەرلەمانی کوردستان لە کۆنگرەی پەرلەمانەکانی ئاسیا دەرفەتێکی گرنگ بوو بۆ پێشخستنی دیپلۆماسییەتی پەرلەمانی کە لە چوارچێوەی پەیڕەوی ناوخۆشدا جەخت لەگەشەپێدان و مومارەسەکردنی ئەو جۆرە دیپلۆماسییەتە پەرلەمانییە کراوتەوە و هەروەها ئەمەش بووە دەرفەتێک تاوەکو بتوانین کارو بەرنامەکانی لێژنەکانی پەرلەمانی کوردستان و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی تەشریعی بە بەشێک لەپەرلەمانەکانی جیهان بناسێنین. هەروەها ڕایگەیاند: لە ماوەی بەشداریکردن لە کۆنگرەی پەرلەمانەکانی ئاسیا، شاندی پەرلەمانی کوردستان ژمارەیەک دیدار و کۆبوونەوەی گرنگی لەگەڵ هەریەکە لە سەرۆکی کۆنگرەی پەرلەمانەکانی ئاسیا و پەرلەمانی عەرەبی و هەروەها لەگەڵ نوێنەرانی پەرلەمانەکانی ئێران و کوەیت و شانشینی ئوردن ئەنجامدا و تیایاندا باس لە ئالۆگۆڕی بیروبۆچوونەکان و کاری پەرلەمانی کرا و هەر لە چوارچێوەی ئەو کۆبوونەوانەشدا بە فەرمی بانگهێشتی پەرلەمانەکانی ئاسیامان کرد کە دیدار و کۆنگرەی پەرلەمانی لەهەرێمی کوردستان ئەنجام بدەن.

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتی شاندی پەرلەمانی کوردستان، جێگری سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی بەوەدا: جگە لەئەنجامدانی دیدارە پەرلەمانییەکان شاندی پەرلەمانی کوردستان چەند دیدارێکی سیاسیشی لەسەر ئاستی عێراق ئەنجامدا، لەوانەش کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و گەیاندنی نیگەرانییەکانی پەرلەمان و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بەو هەوڵ و ڕێککارە یاساییانەی کە لە ماوەی ڕابردوو لە لایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقییەوە کراون، بەتایبەتیش لە پرسی دەرچوواندنی قانوونی خدمەی مەدەنی و یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان کە بە هیچ شێوەیەک ڕەچاوی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان نەکراون، هەر لەسەر هەمان پرس و بابەتیش لەگەڵ نێردەی تایبەتیی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەغدا کۆبوونەوە و ئەو نیگەرانییەمان خستەروو، لە بەرامبەریشدا نێردەی تایبەتیی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق بەڵێنیدا بۆ ئەو بابەتە ڕاوێژ و کۆبوونەوە لەگەڵ پەرلەمانی عێراقی دەکەن و هەڵوێستی خۆیانیان لەوبارەوە پێڕادەگەیەنن.

بەپێی خاڵی سێیەم و کۆتایی بەرنامەی کاریش هێڤیدار ئەحمەد سلمان ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بیرۆکەیەک سەبارەت بە ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان خرایەڕوو.

لە نێو بیرۆکەکەیدا ژمارەیەک داتا و زانیاریی لەبارەی کێشەکانی گەشەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بۆ پەرلەمانتاران خستەڕوو و ڕایگەیاند: لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا گەشەی دانیشتووانی هەرێم لە2.8٪ دابەزیوە بۆ 2.4٪ پێشبینیش دەکرێت لە ساڵی داهاتوودا زیاتر دابەزێت و بگاتە2.2٪ ڕاشیگەیاند: ئەم بارودۆخەی لە گەشەی دانیشتووانی هەرێم هەستی پێدەکرێت بارودۆخێکی ترسناکە و کاریگەری نەرێنیی لەسەر داهاتووی هەرێمی کوردستان هەیە و پێویستە پەرلەمان و حکوومەتی هەرێم و ناوەندە ئەکادیمییەکان ئەو پرسە بەهەند وەربگرن و داواشی کرد کە پەرلەمانی کوردستان دانیشتنێکی تایبەت لەوبارەیەوە ئەنجامبدات.

هەر لە چوارچێوەی خستنەڕووی داتا و زانیاریەکاندا، هێڤیدار ئەحمەد ئەوەشی خستەڕوو: ئەم کێشەیە لە خاوبوونەوەی گەشەی دانیشتووانی هەرێم مەترسی لەسەر پێگە و داهاتووی هەرێم لە عێراق دروست دەکات لەکاتێکدا گەشەی دانیشتووان لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا زۆر بەرزتر و خێراترە و هەروەها جگە لە کێشەی خاوبوونەوەی گەشەی دانیشتووانی هەرێم، زیاتر لە 9.2% دانیشتوانی هەرێم وەکو دانیشتوان لەلایەن حکوومەتی عێراقییەوە هەژمارە ناکرێن. ئەوەشی خستەڕوو کە ڕێژەی مردن لەنێو منداڵانی تەمەن خوار پێنج ساڵان لە هەرێم زۆر بەرزە.

دوای خستنەڕووی داتاو زانیارییەکان سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وێڕای دەستخۆشیکردن لە پەرلەمانتار هێڤیدار ئەحمەد بۆ خستنەڕووی ئەو پرسە گرنگە ڕایگەیاند: دواتر لە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان ڕاوێژ لەسەر ئەو پێشنیازە دەکەین کە تایبەت بوو بە ئەنجامدانی دانیشتنێکی تایبەت لەوبارەیەوە، سەرۆکی پەرلەمان ڕاشیگەیاند: خستنەڕووی ئەوجۆرە بیرۆکانە کاری پەرلەمانی گرنگن و بۆیە هەر پەرلەمانتارێکی دیکە دەتوانێت بەهەمان شێوە بابەت و پرسی گرنگ بێنێتە ناو دانیشتنەکان و وەکو سەرۆکایەتی پێشوازیی لێدەکەین.

بەرپرسێکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هۆشداری لەبارەی ڕێکخستنەوەی داعش دەدات

بەرپرسی میحوەری باشوور و ڕۆژئاوای کەرکووکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هۆشداری لە ڕێکخستنەوەی داعش دەدات و دەڵێت، تیرۆریستانی داعش لە ناوچەکە بڵاوبوونەتەوە و ئەگەر بەرەنگاریان نەبینەوە، مەترسیی ئەوەیان هەیە دەستبەسەر چەند ناوچەیەکدا بگرن.

نووری حەمەعەلی، بەرپرسی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووک، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: پێشتر چەکدارانی داعش لە سنووری کەرکووک کپ کرابوون و هەروەک خۆیان لە ناوچەکە بوونیان هەبوو، بەڵام ڕاگەیاندنی کۆتاییهێنان بە داعش پێشتر پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بوو لە لایەن سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراقەوە، ئێستاش ئەو داعشانە بە شێوەی گرووپ خۆیان ڕێکخستووەتەوە و لە چوارچێوەی گرووپی بچووکدا دەستیان بە جوڵەکردووە.

بەرپرسەکەی پێشمەرگە گوتیشی: مەترسیی هەیە ئەو گرووپانەی داعش جارێکی دیکە یەکبگرنەوە، ئەوکات داعش توانای زۆری دەبێت و مەترسیی دەستبەسەرداگرتنی هەندێ ناوچەشیان دەبێت و سەنگەریش دادەمەزرێنن، ئەگەر چارەسەرێکی بەپەلەی جوڵەی داعش نەکرێت لە کەرکووک و دەوروبەری، ئەوە مەترسییەکەیان هیچی کەمتر نابێت لە رابردوو.

نووری حەمەعەلی ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: هێزەکانی عێراق و هاوپەیمانان لە مەترسیی داعش ئاگادارکراونەتەوە، ئەگەر بەزوویی چارەسەری ئالۆزیی هەندێ ناوچە نەکرێت، بە تایبەتی ئەو ناوچانەی نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراقی، کە پێویستە هێزی هاوبەش تێیدا جێگیر بکرێن، داعش مەترسیی زیاتر دەبێت و بڵاوەیان پێ کراوە و هەر کاتێک بتەقنەوە، زیانیان دەبێت.

بۆ رووبەڕووبوونەوەی نەخۆشیی (ئایدز) باشووری ئەفریقا پەنا بۆ ئاینەکان دەبات

لەهەر 8 کەس لە باشووری ئەفریقا یەکێکیان هەڵگری نەخۆشیی ئایدزە





مەریوان نەقشبەندی

سەرەڕای ئەوەی پێشکەوتووترین کۆمەڵگە و وڵاتی کیشوەری ئەفریقان، بەڵام نەخۆشی ئایدز تەنگی بەدانیشتووان و حکوومەتی (باشووری ئەفریقا) هەڵچنیوە، بەجۆرێک رۆژانە لەم وڵاتەدا نزیکەی1000 کەس بە نەخۆشی ئایدز دەمرن و رۆژانەش نزیکەی1600 کەس تووشی ئەم نەخۆشیە ترسناکە دەبن و بەسەدان منداڵیش رۆژانە لەدایک دەبن کە هەرلەکاتی لەدایکبوونیانەوە هەڵگری ڤایرۆسی نەخۆشیەکەن.

دوای ئەوەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لەباشووری ئەفریقا دەستپێکرد و بەئازادبوونی سەرکردەی رەشپێستەکانی باشووری ئەفریقا "نیلسۆن مانديلا" کە 20%ی ژیانی لەزیندانی رژێمە رەگەزپەرستیەکەی بریتۆریا بەسەربردووە و حکوومەتی یەکێتی نیشتمانی پێکهات و شەڕی نێوان سپی پێست و رەشپێستەکان و سیاسەتی رەگەزپەرستی لەم وڵاتەدا وەلانرا، هەڵمەتێکی گەورە بۆ بنبڕکردن یان کەمکردنەوەی هەنگاو بە هەنگاوی نەخۆشی ئایدز لەم وڵاتەدا دەستپێکرد، بەجۆرێک کە ساڵانە 22%ی بودجەی باشووری ئەفریقا بۆ بنبڕکردن و چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشیە ترسناکە جیهانییە تەرخان دەکرێت و بەدەیان کەنالی ئاسمانی و گۆڤار و رۆژنامە و بەرنامەی رادیۆیی لەباشووری ئەفریقا تەنها کاریان رۆشنبیرکردن و ئاگادارکردنەوەی دانیشتوانی باشووری ئەفریقایە لە مەترسیەکانی چۆنیەتی خۆپاراستن لەنەخۆشی ئایدز.

چونکە ئێستا باشووری ئەفریقا ژمارەی دانیشتوانی لە 47 ملیۆن کەس نزیک بۆتەوە و زۆرترین ژمارەی گەشتیاران زیاتر لەهەر وڵاتێکی کیشوەری ئەفریقا روو لەم وڵاتە دەکەن، باشووری ئەفریقا یەکێکە لەو وڵاتانەی جیهان کە لەسەرتاسەری دنیاوە خەڵک دێن بۆ گەشتوگوزار و بینینی دیمەنی جوان و دارستانە پڕ لە ئاژەڵ و گیاندارە جۆراوجۆرەکانی سەر رووی زەوی. بەشێکی زۆریش لەو گەشتیارانە لەو وڵاتانەوە دێن کە سێکس و پەیوەندی سێکسی نێوان ژن و پیاو لە دەرەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری و زەواج قەدەغەیە یان تاوانە و سزای یاسایی و زیندانیکردن و هەندێ جار کوشتنیشی لەسەرە، بۆیە کە دێنە وڵاتەکەی ئێمە و ئازادی تاکەکان دەبینن و هەستی پێدەکەن، کاتێک بەخۆیان دەزانن کە بوونەتە هەڵگری ڤایرۆسە کوشندەکە، چونکە ئێستا لەهەر 8 کەس لەباشووری ئەفریقا یەکێکیان هەڵگری نەخۆشی ئایدزە.

خاتوو باربارا ئیریک کۆمەڵناس و چالاک لەبواری هۆشداریدان بە مەترسییەکانی نەخۆشی ئایدز لە باشووری ئەفریقا کە مەسیحیەکی ئینجیلیە و ئەندامە لەکەنیسەی "ماراناسا" کە گەورەترین و کاریگەرترین کەنیسەی مەسیحیەکانە لەسەرتاسەری باشووری ئەفریقا، سەبارەت بە رۆڵی ئاین و ئیمانداری و باوەڕداری ئاینی بۆ کەمکردنەوەی نەخۆشی ئایدز دەڵێت: لە باشووری ئەفریقا زیاتر لە 200 ئاین و بیروباوەڕی ئاینیی جیاجیا هەیە، بەپێی ئەو لێکۆڵینەوە و راپرسیانەی کراون کەمترین ژمارەی هەڵگرانی ڤایرۆسی نەخۆشی ئایدز لەناو ئەو کەسانەدایە کە ئیماندارن بەیەکێک لەئاینەکان.

خاتو باربارا ئەوەشی تەئکید کردەوە کە ئاینی ئیسلام ئەگەرچی 2%ی دانیشتوانی راستەقینەی باشووری ئەفریقا پێکدێنن، بەڵام بەپێی لێکۆڵینەوەکان بەدیارکەوتووە کە کاریگەرترین ئاینە بۆ پاراستن و دوورخستنەوەی مرۆڤەکان لەتووشبوون بەنەخۆشی ئایدز، بۆیە ئێستا ئاینی ئیسلام یەکێکە لەو ئاینانەی کە بەشێوەیەکی فراوان و خێرا لە وڵاتەکەماندا گەشە دەکات و ئەوەشی نەشاردەوە کە موسڵمانان و مەرجەعە ئیسلامیەکانی باشووری ئەفریقا لە رووی سیاسی و ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و سەقامگیری کۆمەڵایەتیدا رۆڵێکی کاریگەریان هەیە و حکوومەتیان ناچارکردووە سوود لەتوانا و شارەزایی و نەریتی موسڵمانان وەربگرن.

وەزیری بەرگریی ئەمەریکا:

لە پێناو پاراستنی ڕێساکانی سیستەمی نێودەوڵەتی کە ئێران بنکۆڵی دەکات لەگەڵ هاوبەشەکانمان پێکەوە کاردەکەین

وەزیری بەرگریی ئەمەریکا، مارک ئیسپەر رایگەیاند بۆ بەرپەرچدانەوەی کردنەئامانجی دوو دامەزراوەی نەوتی کۆمپانیای ئارامکۆ لەگەڵ هاوبەشەکانمان پێکەوە کار دەکەین. مارک ئیسپەر لە هەژماری فەرمی خۆی لە توێتەر رایگەیاندووە کۆتایی هەفتە سەبارەت بە هێرشکردنە سەر دامەزراوە نەوتییەکانی کۆمپانیای ئارامکۆ لەگەڵ جێنشینی سعوودیە، شازادە محەمەد بن سەلمان و وەزیری بەرگریی عێراق، (نەجاح) شممەری گفتوگۆم کردووە.

وەزیری بەرگریی ئەمەریکا ئاماژەی بەوەش داوە کە لە کۆشکی سپی بەرپرسانی پێنتاگۆن و سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ لە هێرشەکە ئاگادارکراونەتەوە و گوتی: سوپای ئەمەریکا و تیمی نێوان دامەزراوەکانمان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم هێرشە بێتێنەیە و لە پێناو پاراستنی ڕێساکانی سیستەمی نێودەوڵەتی کە ئێران بنکۆڵی دەکات، لەگەڵ هاوبەشەکانمان پێکەوە کاردەکەین. بەرپرسانی ئەمەریکا بۆ میدیاکانی وڵاتەکەیان بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە ئەو هێرشانەی سەر دامەزراوە نەوتییەکان ئاڕاستەکردنی موشەک و بەرزبوونەوەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە خاکی ئێرانەوە ئەنجامدراون.

لە کاتێکدا هێشتا سعوودیە ئەو دەنگۆیانەی پشتڕاست نەکردووەتەوە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ کۆتایی هەفتە لە توێتێکدا بانگەشەی ئەوەی کرد کە هەرچەند سەرکۆماری ئێران، حەسەن روحانی و وەزیری دەرەوەی ئێران، محەمەد جەواد زەریف وای نیشان دەدەن کاری دیپلۆماسی ئەنجامدەدەن، بەڵام ئێران لە پشت نزیکەی100 هێرشە کە کراونەتە سەر سعوودیە.

رۆژی شەممە لە ڕێگای فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە هێرش کرایە سەر دوو کارگەی کۆمپانیای ئارامکۆ. هێرشەکە زیانی گیانی بەدوای خۆیدا نەهێنا و پەنجەی تۆمەتیش بۆ هیچ لایەنێک دریژ نەکرا، بەڵام حکوومەتی ئەمریکا لە ڕاگەیەندراوێکدا ناڕاستەوخۆ ئاماژەیان بەوە دا کە ئەوان بە 10 فڕۆکەی درۆن هێرشەکەیان ئەنجامداوە. حکوومەتی یەمەن لەم ماوەیەی دواییدا بە شێوەیەکی گشتی جگە لە بەکارهێنانی موشەکی بالیستی کورتمەودا و ناوەند مەودا کە لە لایەن سیستەمی بەرگری ئاسمانی سعوودیەوە تێک دەشکێندرێن، بە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانیش ژمارەیەک ناوچەی ئەو وڵاتە دەکەنە ئامانج. ماوەیەکی زۆرە ناسەقامگیری سیاسیی یەمەنی گرتووەتەوە و پێکدادانەکان لە نێوان حکوومەتی دانپێدانراو و هێزەکانی سەربە حکوومەتی یەمەن کە سعوودیە و ئیمارات پشتگیریان دەکەن، بەردەوامە. حکوومەتی یەمەن لە ئەیلوولی 2014وە سەنعای پایتەخت و ژمارەیەک ناوچەی دیکەی یەمەنیان لەژێر کۆنترۆڵدایە. هاوپەیمانییەتی عەرەبیش بەرپابەرایەتی سعوودیە لە ئاداری 2015وە پشتگیری حکوومەتی یەمەن دەکات دژ بە حوسییەکان.



کارمەندی پێشووی ئاژانسی ئەسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا بووە

ئێدوارد سنۆودن خوازیارە بگەڕێتەوە ئەمەریکا

ئێدوارد سنۆودن پێشتر ئاشکرای کردبوو هەوڵگریی ئەمەریکی گوێی لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی ئەنگێلا مێرکڵ گرتووە



کارمەندی پێشووی ئاژانسی ئاسایشی نەتەوەیی (NSA) ئێدوارد سنۆودن: دەمەوێت بگەڕێمەوە ئەمەریکا، ئامانجی کۆتاییم ئەوەیە، ئەگەر ئەو ژیانەی ماومە لە زیندانیش بەسەری بەرم، تاکە داواکاریم کە پێویستە لەسەری ڕێکبکەوین دادگاییکردنێکی دادپەروەرانەیە، بەڵام حکوومەتی ئەمەریکا دڵنیایی ئەوە نادات، چونکە ڕێگە نادات سوودمەندبم لە بەرگریکردن لە بەرژەوەندی گشتی. کاتێبەکەی ئێدوارد سنۆودن بە Permanent Record کە تیایدا یادەوەریەکانی نووسیوە، دوێنێ بڵاوکرایەوە.

ئەو بەڵگانەی کە ئێدوارد سنۆودن لە ساڵی2013 ئاشکرای کردن، دەریانخست کە ئاژانسی ئاسایشی نەتەوەیی دەتوانێت دەستی بگات بە هەموو ئەو زانیارییە تایبەتانەی پەیوەندی کە کۆمپانیاکانی بواری ئینتەرنێت لە ئەمەریکا کۆیدەکەنەوە و دەتوانێت بەبێ مۆڵەتی دادگا هەموو ئەو نووسینانەی ئینتەرنێت کە هاوواڵتیانی وڵاتانی بیانی بۆ یەکیان نووسیوە بەکار بهێنێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی. بەڵگەکان ئەوەشیان خستوەتەڕوو کە ئاژانسی ئاسایشی نەتەوەیی لە ڕێگەی یەکە نهێنییەکانەوە کە لە نوێنەرایەتییەکانی دەرەوەی وڵاتەکەیەوە بەرپێوەیان دەبات بە نهێنیی ئێدوارد سنۆودن ئاماژەی بەوەکرد کە داوای دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە لە حکوومەتی ئەمەریکا دەکات نەوەک لێخۆشبوون و گوتی: دەمەوێت بگەڕێمەوە ئەمەریکا، ئامانجی کۆتاییم ئەوەیە، ئەگەر ئەو ژیانەی ماومە لە زیندانیش بەسەری بەرم تاکە داواکاریم کە پێویستە لەسەری ڕێکبکەوین دادگاییکردنێکی دادپەروەرانەیە، بەڵام حکوومەتی ئەمەریکی دڵنیایی ئەوە نادات، چونکە ڕێگە نادات سوودمەندبم لە بەرگریکردن لە بەرژەوەندی گشتی. کارمەندی پێشووی ئاژانسی ئاسایشی نەتەوەیی (NSA) ئێدوارد سنۆودن کە لە ڕووسیا دەژیت، باسی لەوە کرد کە ئەگەر دادگاییکردنێکی دادپەروەرانەی بۆ گرەنتی بکرێت خوازیارە بگەڕێتەوە ئەمەریکا. ئێدوارد سنۆودن لە لێدوانێکیدا بۆ تەلەفیزیۆنی CBSی ئەمەریکی ئاماژەی بەوەکرد کە خوازیارە بگەڕێتەوە ئەمەریکا.

خامنەیی:

لە هیچ ئاستێکدا لەگەڵ ئەمەریکا کۆنابینەوە

ئاژانسی هەواڵیی ئیرنا بڵاویکردەوە کە ڕابەری ئایینی ئێران، عەلی خامنەیی لە تارانی پایتەخت ڕایگەیاندووە: لە سەرکۆمارەوە تاکو وەزیری دەرەوە سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکانی دەوڵەت بوون بە یەکدەنگ و ڕایانگەیاندووە کە کۆبوونەوەی دووقۆڵی و سێقۆڵی لەگەڵ ئەمەریکا ئەنجام نادەن.

عەلی خامنەیی ئاماژەی بەوەشداوە کە سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ هەوڵ دەدات بە ئۆپۆزسیۆن لە وڵاتی خۆی و وڵاتانی ئەوروپای بسەلمێنێت کە تاکە ڕێگای بەرەنگاربوونەوەی ئێران گوشاری زۆرە و لەبەر ئەوەی ئیدارەی تاران هەست دەکات دانوستان لەگەڵ ئەمەریکا بە واتای چۆکدادان دێت بۆ گوشارەکانی ئەمەریکا، ناچێتە سەر مێزی گفتوگۆ.


ڕابەری ئایینی ئێران، عەلی خامنەیی دەڵێت: ئەگەر گوێ لە بینا حکوومییەکانی وڵاتانی بیانی دەگرێت و تۆماریان دەکات. ئەو بەڵگانەی ئێدوارد سنۆودن بڵاویکردنەوە، دەریانخست کە هەواڵگری ئەمەریکی گوێی لە پەیوەندیە تەلەفۆنییەکانی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، ئەنگێلا مێرکڵ گرتووە، ئەو ڕووداوەش بووە هۆی سەرهەڵدانی قەیران لە نێوان هەردوو وڵاتی هاوپەیمانداً. ئێدوارد سنۆودن کە پێشتر شیکاری سیستمی ئاژانسی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا بووە، بەو بەڵگانەی لە ساڵی 2013دا دزەی پێ کردن ئەوەی ئاشکرا کرد کە ئەمەریکا لەگەڵ هەواڵگری بەریتانیادا چالاکی گوێگرتنی لە سەرتاسەری جیهان بەڕێوەبردووە. ئێدوارد سنۆودن لە ساڵی 2013وە بە مۆڵەتی کاتیی نشینگە لە ڕووسیا دەژی و داوا لە فەرەنسا دەکات مافی پەنابەریەتی پێببات.





سلێمانی.. لە مەراسمێکدا بەرهەمەکانی شێخ سەلام بڵاوکرایەوە

شاعیرێک هەمیشە لە خەمی نەتەوە و نیشتمانەکەیدا بووە و بەردەوام بۆی تێکۆشاوە





زانیار سەردار قرگەیی/ سلێمانی

شێخ سەلام عازەبانی شاعیر و ئەدیب و کەسایەتییەکی سیاسی و نیشتمانپەروەری کورد بووە و لەو سەردەمەدا دڵسۆزێکی شێخ مەحمودی نەمر بووە، ئەم رووناکبیرە یەکێکە لە پێشەوایانی شاعیرانی کورد لە سەدەی بیستەمدا کە بە شیعرە نەتەوەیی و شۆڕشگێڕیی و چاونەترسانەییەکەی هاتە نێو دنیای شیعر و ئەدەبیاتی کوردییەوە بۆ ئەو قۆناغە و لەو سەروەختە میژوویییەدا کە جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی کورد و شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی نەمر و ڕاپەڕینەکانی بارزان و شۆڕشی شکاک لە ئاراداببوون، شێخ سەلام ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی هەبووە لە پشتیوانیکردن و بەرگریکردنیان و تەنانەت بەشداریکردن لە شۆڕشی شێخ مەحمودیشدا. پاشانیش کاتێک لەلایەن دوژمنانی نەتەوەکەمانەوە هەوڵی کپکردنەوە و خاموشکردنی ئەو شۆڕشانە درا و بێ هیواییەکی زۆر باڵی بەسەر بارودۆخی سیاسی و کوردستاندا کێشا، شێخ سەلام بە تێکۆشان و بەکردار کوردایەتی کردووە، بە شیعرە شۆڕشگێڕی و نیشتمانپەروەرییەکانی بەرگری کردووە و وره و هێز و توانای بە جەماوەری کوردستان بەخشییەوە و هەستی بەرەنگاری و نیشتمانی سەرلەنوێ ژیاندۆتەوە و بە هیوایەکی گەشەوە لە ئاسۆی داهاتووی ڕوانیوە، بەرەنگاری دوژمن بۆتەوە بە چەک و بە قەڵەم بەرگری کردووە. پەیوەندی نەتەوەییەکانی گۆشکراون و هەستی کوردایەتییان بەهێزکراوە، لە کۆپلە شێعرێکیدا دەنووسێت:

وا مەزانن خاکی وەتەن ئاو و گڵ و دارو دەوەن
ئەم وەتەن و ئاوگڵە پشت و ئەژنۆ و جەرگ و دڵە
ئەجدادی تۆ، شێرانی کورد
لە ڕێی وەتەن بە مەردی مرد
مردن، ڕزین، بوون بە ئەم خاکە وەتەن دایک، وەتەن باوک، وەتەن کاکە
لە کۆپلەیە شیعرێکی دیکەیدا دەنووسێت:
ئیشی سەختە گڵ ئەکا هەردوو گڵێنەی چاوی کورد
دەردی بێ دەرمانە دەردی قەومی لێ قەوماوی کورد
هەرکەسێ هەڵسێ بەخۆیەوە ناهەڵێ یاری ئەکا
کەس نییە ڕەحمێ بکا ئیمرۆ بە دوو داماوی کورد
بۆچ ئەستێرەی بەختی شوومی کەوتە گڕم و خاکەوە..

کاروان عوسمان (خەیات)، کۆکەرەوە و ئامادەکردنی بەرهەمەکانە (شێخ سەلام)ی شاعیرە، دەڵێت: شاعیرێک کە تەنها خۆشەویستی کورد و کوردستان بووبێت و بۆ سەربەخۆیی و ئازادی هاندەر و ڕێکخەر و ڕێگا نیشاندەر بووبێ، بۆ دەبێت ناو و ئاڵاکەی بەرز ڕانەگیرێت. ئەم شاعیرە لە دەسپێکی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد لە باشووری کوردستان، بە چەک و قەڵەم بەشداری کاریگەر ئەکات و لە ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحمود و بەردەرکی سەرا و ئاوباریک ، جێگا دەستی دیار بوو.

سەلام لە خەباتی دژ بە دەسەڵاتی ئینگلیز و دوان لە گەڵی ملەکەوە و کێوە سەربەرزەکانی کوردستان و وەسفی خورەوشت و داب و نەریتی جوانی کوردەواری. ئەم جۆرە شیعرانەیش چەندەها گۆڵن لە باخێکی پڕ لە جۆراوجۆری گوڵی و دنیایەک لە عەتر و سیمبول و ریحانە، بەڵام بە خوێندنەوەی دیوانی سەلام هەمەچەشنە و ڕەنگە جیاجیاکانی یشیعرەکانی زۆر بە ڕوونی و بە وردی دەرئەکەون. هەرچەندە زۆر لە شیعرەکانی لەبەر هۆی جۆراوجۆر بزر بوون یان فەوتاون.

سەبارەت بە وەرگێڕانی شیعریش بۆ سەرزمانی کوردی: وەکو دەبینین سەلام لە شیعرێکدا چەند خاڵی وردوو سەلیقەی ورد و زانستیانە دەنووسێت و ئاماژەی پێ دەکات. ئەگەر بەوردی بەو وەرگێڕانەدا بڕوانیت، دەبینیت سەلام زۆر بەئاگایانە تڕەوە و زانستییانە تر دەستی داوەتە وەرگێڕانی شیعرەکان. چ لە بابەتی زۆری نووسخە و بەراوردکردن، چ لەسەر بیروبۆچوونی شاعیرانی پێش خییام و دوای خییامیش کە تێیانی ڕوانییوە.

شێخ سەلام عازەبانی، شیعرەکانی ئەوندا کوردانە و نەتەوەییانە بووە زۆرێک لە بەرهەمەکانی سانسۆری لەسەر بووە لە کاتی چاپکردن و بڵاوکردنەوەیدا کە تاکو ئێستاش بەشێکی ساغنەکراونەتەوە. هەرلەو ڕوانگەیەوە لە پرۆگرامی خوێندنیشدا چەند بەرهەمێکی خراونەتە ناو پرۆگرامی خوێندنەوە یا لە قوتابخانەکاندا ڕۆڵەکانی میللەتەکەمانی پێ گۆشکراون هەم لە ڕووی زانستەوە و هەم لە ڕووی ئەدەبی و مندالانیشی فەرامۆش نەکردووە، هەروەها شیعریشی بۆ ئاژەڵان نووسیوە. لە هەمان کاتدا شیعرو بابەتی دیکەی وەرگێڕاوە کە یەکێک لە بەرهەمە ناوازەکانی وەرگێڕانی چواریناکەیام (خییام)ە، بۆ سەر زمانی کوردی.

دوێنێ لە شاری سلێمانی لە مەراسیمێکی شایستەی کەم وێنەدا لەلایەن نووسەران و ڕۆشنبیران و ئەدیبان و بەرپرسانی حزبی و حکوومیەوە بە هاوئاهەنگی داگیرکەران و نۆکەرەکانی بە شیعر و بە بازوو دژیغی نەکردووە، دەربەدەری و ئێش و ئازار کاری تێ نەکردووە، هەروەها پیلانەکانی و دوژمنان و فرتوفێڵی دام ودەزگاکانی ئەخستە ڕوو و سەرپۆشی لێ ڕائەماڵین.

هەروەها کاروان عوسمان، دەڵێت: سەلام شیعری جوانی نازداری زۆرن باسی زۆرم لە شیعرە جۆراو جۆرەکانی نەکردووە، وەک نموونە باسی سرووشت و ڕاز و گلەیی و ڕۆشنبیرە ناسراوەکان)ی نووسیوە، لەگەڵ ئەوەیشدا چیرۆک و وتاریشی بڵاوکردۆتەوە و لایەنی ئەدەبی مندالانیشی فەرامۆش نەکراوە و بەوردی بەو وەرگێڕانەدا بڕوانیت، دەبینیت سەلام زۆر بەئاگایانە تڕەوە و زانستییانە تر دەستی داوەتە وەرگێڕانی شیعرەکان. چ لە بابەتی زۆری نووسخە و بەراوردکردن، چ لەسەر بیروبۆچوونی شاعیرانی پێش خییام و دوای خییامیش کە تێیانی ڕوانییوە.

شێخ سەلام عازەبانی، شیعرەکانی ئەوندا کوردانە و نەتەوەییانە بووە زۆرێک لە بەرهەمەکانی سانسۆری لەسەر بووە لە کاتی چاپکردن و بڵاوکردنەوەیدا کە تاکو ئێستاش بەشێکی ساغنەکراونەتەوە. هەرلەو ڕوانگەیەوە لە پرۆگرامی خوێندنیشدا چەند بەرهەمێکی خراونەتە ناو پرۆگرامی خوێندنەوە یا لە قوتابخانەکاندا ڕۆڵەکانی میللەتەکەمانی پێ گۆشکراون هەم لە ڕووی زانستەوە و هەم لە ڕووی ئەدەبی و مندالانیشی فەرامۆش نەکراوە و بەوردی بەو وەرگێڕانەدا بڕوانیت، دەبینیت سەلام زۆر بەئاگایانە تڕەوە و زانستییانە تر دەستی داوەتە وەرگێڕانی شیعرەکان. چ لە بابەتی زۆری نووسخە و بەراوردکردن، چ لەسەر بیروبۆچوونی شاعیرانی پێش خییام و دوای خییامیش کە تێیانی ڕوانییوە.

شێخ سەلام عازەبانی، شیعرەکانی ئەوندا کوردانە و نەتەوەییانە بووە زۆرێک لە بەرهەمەکانی سانسۆری لەسەر بووە لە کاتی چاپکردن و بڵاوکردنەوەیدا کە تاکو ئێستاش بەشێکی ساغنەکراونەتەوە. هەرلەو ڕوانگەیەوە لە پرۆگرامی خوێندنیشدا چەند بەرهەمێکی خراونەتە ناو پرۆگرامی خوێندنەوە یا لە قوتابخانەکاندا ڕۆڵەکانی میللەتەکەمانی پێ گۆشکراون هەم لە ڕووی زانستەوە و هەم لە ڕووی ئەدەبی و مندالانیشی فەرامۆش

یەکێک لەو شیعرە ناوازانەی لە پرۆگرامی خوێندندایە فتۆگۆیەکە لەگەڵ شاخی سەربەرزی میللەکەی پێنجوێن دا کە دەڵێت:

هەی ملەکەوە بۆچی داماوی؟
بۆچی وا کەوە و شین هەڵگەڕاوی؟
بۆچی ڕەنگی خاکی لە ڕووت بڕاوە؟
بۆچی سەوزەگیات لێ نەڕواوە؟
بۆچی ئاوەڵ و شیوەڵ و دۆڵی؟
بۆچی بێدەنگی، بۆچی وا چۆڵی؟
کوا سروە و شنە و کزەی شەمالت؟
کوا هاژە و تافەی ئاوی قەدپالت
چوابم بەڕەوە تۆ بە دەستوبرد
شاخی سەربەرز و قەڵای قەومی کورد!



تووندوتۆڵی لەگەڵ ڕۆشنبیراندا بەستووە و داکۆکیکارێکی هەژارانیش بووە. خەڵکیش لە کۆنەوە ئاشنای شیعرەکانی بوون. بەهۆی توانا و بەهرە و سەلیقەی شیعری لە بەرهەمەکانیدا وەک کەسایەتیی و ڕووناکبیرێکی گەورە دەرکەوتووە کە زیاتر بووژانەوەی هەستی نەتەوەیی و کوردایەتییەکی ڕاستەقینەی پێوە دیار بوو. هەمیشە لە ناوەندەکانی خوێندنیشدا مندالان بە هۆنراوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

لە بارەی کۆچی دواییەکەشی ناهیدە خانی کچی دەڵێت: شێخ لاسەمی شاعیری نیشتمانپەروەری کورد لە 1959/3/3 لە گوندی (دۆڵان)ی سەر بە ناوچەی قەرەداخە کۆچی دوایی کردووە. ئەو ڕۆژە بەفرێکی زۆر باری بوو، نەمانتوانی تەرمەکەی بهێنینەوە بۆ سلێمانی، ناچار لە دیوەخانەکەی خۆیدا ناشتیان بۆ ماوەی چل ڕۆژ، لە پاشدا تەرمەکەیان دەرهێنا و هێنایانەوە بۆ شاری سلێمانی. دانیشتوانی قەرەداخ و گوندەکانی لەگەڵ تەرمەکەدا هاتن، لەلایەن دانیشتوانی شاری سلێمانی و ئەدیب و نووسەرانی بە (مەئموری ناوچەی پشدەر)، دواتر لە 1948-1949 بەهەمان وەزیفە دەچێتە هەڵەبجە، لە 1951 یش دەچێتە (هەولێر).

چوارینەکانی (عومەر خیام) شاعیری ئێرانی لە فارسییەوە

بەرپرسێ لقا ئێک پێشوازیا کەسایەتیەکێ ئولێ ئێزدیان کر



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ل بارەگایێ لقێ پێشوازیا بابێ کابانی کو ئێک ژ کەسایەتێن ئولێ ئیزدیانە دگەل ریڤەبەریّ کاروبارێن ئێزدیان ل پارێزگەها دهۆکێ کر، د رینشتنەکێ دا بەرپرسێ لقێ ئاماژە دا وێ چەندێ کو کوردستان بقێ موزایکا خوە یا رەنگە و رەنگ یا جوانە و رۆژ بو رۆژێ ئەڤ رەشمالا وێ یا مەزنتر دبیت ژ وێ پێکڤە ژیانا ئولی و نەتەوایەتی و ئێزدی ژی ئێک ژ وان پێکهاتەیێن هەرە رەسەنێن ئاخا کوردستانێیە و خوینا مە مەهیا تێکەلی ئیک بۆ یە ژ بو ئازادکرنا ڤێ ئاخێ، لهەمبەر وان ئێش و ئازارێن ئێزدیان دیتین د دەستێن تیرورستێن داعش دا هێش ئەو برین د ناڤ هش و هزرێن مە دا ساریژ نەبینە بەلێ ژ بۆ ئازادکرنا وان دەڤەرا و هەروەسا وان دایک و خوشکێن ئێزدی قوربانێن مەزن مە پێشکێشکرینە ژ بۆ رزگارکرنا وان و دنیا ژی شاهدێ وێ قەهرەمانیا سەروک مەسعود بارزانی و پێشمەرگێن کوردستانێ بوینە ژ وان داستان و بەرگریکرنا کەرامەت و ئاخێ ، کەسایەتێ ئولێ ئێزدیان سوپاسیا بەرپرسێ لقی کر ژ بۆ پالپشتیا وی و گوت ئەم دەستا ژ کوردینا خوە بەرنادەین و دێ تێکوشین بۆ ڤێ ئاخێ.

21ی ئەیلوول دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندنە



وەزیری پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت، 21ی ئەیلوول لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندنە. بەڕێوەبەری ناوەندی هەولێریش دەڵێت، بەپێی بڕیاری وەزیر، بە چالاکی و بەرزکردنەوەی ئالای کوردستان خوێندن دەست پێدەکات.

هەر لەو بارەیەوە، بەڕێوەبەری پەروەردەی ناوەندی هەولێر، دلێر عەبدوڵڵا حەسەن، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی گوتووە: وەزارەتی پەروەردە و تەواوی بەڕێوەبەرایەتییەکان سەرقاڵی ئامادەکارین بۆ دەستپێکی نوێی خوێندن بۆ ساڵی خوێندنی 2019-2020 کە بە پێی بڕیاری وەزارەتی پەروەردە، لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان، 21ی ئەیلوولی 2019 دەرگای قوتابخانەکان بە ڕووی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، رایگەیاندوە: ئامادەکارییەکی تەواو بۆ ساڵی نوێی خوێندنی 2019-2020 کراوە و بە هیچ شێوەیەکیش ساڵی نوێی خوێندن دوانەکەوێت، 2019/9/21 کە دەکاتە رۆژی شەمە، یەکەم رۆژی دەوامی قوتابخانەکانە لە سەرجەم خوێندنگاکانی هەرێمی کوردستان.

هەر لەو بارەیەوە، بەڕێوەبەری پەروەردەی ناوەندی هەولێر، دلێر عەبدوڵڵا حەسەن، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی گوتووە: وەزارەتی پەروەردە و تەواوی بەڕێوەبەرایەتییەکان سەرقاڵی ئامادەکارین بۆ دەستپێکی نوێی خوێندنن بۆ ساڵی خوێندنی 2019-2020 کە بە پێی بڕیاری وەزارەتی پەروەردە، لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان، 21ی ئەیلوولی 2019 دەرگای قوتابخانەکان بە ڕووی قوتابیاندا دەکرێتەوە.

بەڕێوەبەری پەروەردەی ناوەندی هەولێر، گوتیشی: ئاگاداری سەرجەم بەڕێوەبەری قوتابخانەکان کراوەتەوە کە رەچاوی یەکپۆشی بکرێت و ئەوەش بەپێی قۆناغ دیاری کراوە لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە، لەبەر ئەوە بۆیان نییە جلی تایبەت بە خۆیان بەسەر قوتابیاندا بسەپێنن یان شوێنێکی دیاریکراویان بۆ دیاری بکەن، کە لەم جێگایە بیکڕن، قوتابی و خانەوادەی قوتابیش ئازادە لە کوێ جلی خۆی ئامادە دەکات، بەپێی ئەو بڕیارەی لە وەزارەت دراوە. دەشڵێ: رۆژی پێنجشەمەی داهاتوو، کۆبوونەوە لەگەڵ چەند بەڕێوەبەرێکی قوتابخانەکان دەکرێت دەربارەی کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان بە چالاکی و بەرزکردنەوەی ئالای کوردستان و هاندانی قوتابیان بۆ خوێندن لە قۆناغی باخچەی منداڵان و قۆناغی یەکەمی بنەڕەتی.

ڕانیە... بارەگای هێزی خەباتی پشدەر و بیتوێن کرایەوە



سەرلەبەیانی سێشەمە، ڕێکەوتی 2019/9/17 لە ڕێوڕەسمێکیدا لەشاری ڕانیە بە ئامادەبوونی هیوا گەیلانی بەرپرسی لقی 11ی پارتی دیموکراتی کوردستان و کارگێڕانی لق و شاندی فەرماندەیی هێزەکانی خەبات، بارەگای هێزی خەباتی پشدەر و بیتوێن سەر بە فەرماندەیی هێزەکانی خەبات کرایەوە.

هیوا گەیلانی بەرپرسی لقی 11ی پارتی لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی بارەگای هێزی خەباتی پشدەر و بیتوێن وتەیەکی پێشکەش کرد و تیایدا وێرای پیرۆزباییکردن لە پێشمەرگە قارەمانەکان، بە بۆنەی کردنەوەی ئەو بارەگا تازەیەیان، هاوکات باسی لە گرنگی و پێویستیی دامەزراندنی هێزی خەبات بۆ پشتیوانی لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پارێزگاریکردن لە خاک و خەڵکی کوردستان کرد.

عومەر عەلی بەرپرسی هێزی خەباتی پشدەر و بیتوێن لە بارەی کردنەوەی بارەگاکەیان ڕایگەیاند کە وێڕای پیرۆزباییان لە پێشمەرگە قارەمانەکانی گوڵان، فەرماندەیی هێزەکانی خەبات پێکهاتووە لە پێشمەرگەکانی گوڵان و لەسەر بڕیاری بارەگای بارزانی دامەزراوە و هێزێکی ئامادەیە و ئامانجی پارێزگاریکردنە لە خاک و خەڵکی کوردستان. ڕاشیگەیاند کردنەوەی ئەم بارەگایە لە سنوورەکەمان پێویست و گرنگە.

بڕیارێکی نوێی سەبارەت بە پزیشکان دەدرێت

بە پێی نووسراوەک کە واژووی د. باساک بەرزنجی سەرۆکی سەندیکای پزیشکانی کوردستانی لەسەرە، تێیدا هاتووە کە ئەنجومەنی باڵا بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی بڕیارداوە هەر پزیشکێک مۆڵەتی نەخۆشی لە حکوومەت وەرنەگرێت، دەبێت بەهەمان شێوە لە نۆرینگە و کەرتی تایبەتیش کارنەکات، جگە لەمۆڵەتی دایکایەتی. لە بەشێکی دیکەی نووسراوەکەدا هاتووە، ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت، هەر پزیشکێکیش پێوەی پابەند نەبێت خۆی بەرپرسیار دەبێت.

کفری... 40 ماتۆرسکیلی بێ سەرەتا دەستی بەسەردا گیرا



خەبات- سەبریە یوسف:

دوێنێ سێشەمە لە شارۆچکەی کفری سنووری ئیدارەی گەرمیان هەڵمەتێک بۆ دەست بەسەرداگرتنی ماتۆرسکیلە بێ سەرەتاکان ئەنجامدرا. لەوبارەوە، نەقیب کارزان مەجید، بەرپرسی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی گەرمیان، بەخەباتی ڕاگەیاند: ڕۆژی سێشەمە 2019/9/17 لە شارۆچکەی کفری سنووری ئیدارەی گەرمیان لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی کفرییەوە هەڵمەتێک بۆ دەست بەسەراگرتنی ماتۆرسکیلی بێ سەرەتا و بێ تابلۆ ئەنجامدرا. گوتیشی: لەوهەڵمەتەدا دەست بەسەر 40 ماتۆرسکیلی بێ سەرتا و بێ تابلۆدا گیرا.ئەو بەرپرسەی هاتوچۆ ڕاشیگەیاند: لە ڕووی ئەمنییەوە ماتۆرسکیلە بێ سەرەتا و بێ تابلۆکان مەترسییان هەیە.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێزان حەسەن کوێخا ڕەسوڵ و عەزیز کوێخا ڕەسوڵ

بەدڵگرانیەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو(فاتیمە ڕەسوڵ ئەحمەد)دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت.

سەرەخۆشی ئاڕاستەی خانەوادەکەتان و خزم و دۆستانتان دەکەین و خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین.

لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خواێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

ئاناللە و انا الیە راجعون

بارەگای بارزانی

* * *

بەڕێزان لە خانەوادەی خواێخۆشبوو عەلی زێوەیی

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن(عەلی مەحمود) ناسراو بە(زێوەیی)مان پێگەیشت.

سەرەخۆشی ئاڕاستەی خانەوادەکەتان و خزم و دۆستانتان دەکەین و خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین.

لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خواێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

ئاناللە و انا الیە راجعون

بارەگای بارزانی

* * *

هەڤاڵ و هاوکارانی بەڕێز/ عەبدولوەهاب و عەبدولڕەزاق و بەرهەم عەلی

خەمبارییەوە بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی و پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلول و گوڵان، خواێخۆشبوو حاجی عەلی زێوێیی باوکی بەڕێزتان. بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان و تەواوی کەسوکار و خزم و هەڤاڵانی خواێخۆشبوو دەکەین و شەریکی خەمتانین. لە خودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی باوکی کۆچکردوویشتان بە بەهەشتی بەرین شاد بکات..

انا لله وانا الیه راجعون

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن

* * *

بۆ بنەماڵەی خواێخۆشبوو حاجی عەلی زێوەیی

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی (حاجی عەلی زێوەیی)مان پێگەیشت. کە دەکاتە باوکی هاوکارانمان (عەبدولوەهاب و عەبدولڕەزاق و بەرهەم عەلی). بەناوی سەرنووسەرو کارمەندان و ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژنامەکەمان سەرەخۆشیتان لێدەکەین، لەخوا داکارین خواێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شادبکات و سەبووری بەخانەوادەو کەسوکاری ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

هەولێر... شەش نۆرینگەی پزیشکی و سەنتەرێکی جوانکاری داخران



خەبات- سەید فاتیح پەرزنجی: نەبەز عەبدولحەمید، قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر بە خەباتی ڕاگەیاند: لەلایەن لیژنەی بەدواداچوونی دەرمان و بەرپرسانی تەندروستی هەولێرەوە کۆنترۆڵی جۆری دەرمان و ئاسایشی هەولێر و بەشی پۆلیسی شارەوانی، لە هەڵمەتێکدا شەش نۆرینگەی پزیشکی بە هۆی پابەندنەبوونیان بە ڕێنماییەکانی تەندروستی داخران و ڕێککاری یاسایش لەبەرامبەر سەرپێچیکاران گیراوەتە بەر و هاوواڵتیان دڵنیادەکەینەوە، کە ئەو لیژنەیە بەردەوام دەبێت لە پشکنین و بەدواداچوون لە هەموو نۆرینگەکان و کارەکانیش لە پێناو بەرژەوەندی هاووڵاتیان و پاراستنی تەندروستی ئەوان کاردەکات. لەلایەکی دیکەیش هەر لە لایەن لیژنەی بەدواداچوون و چاودێری دەرمان و بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی دەرمان و بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوانی ڕێکخراوی سەر بە ئاژانسی پاراستن و بەشی پۆلیسی شارەوانی، سەنتەرێکی جوانکاری لەناو تابلۆمۆڵ لەشاری هەولێر بەهۆی هاوردەکردن دەرمانی ڕێگە پێنەدراو و نەشیاو بە شێوەیەکی نایاسایی، داخرا و لەلایەن لیژنەکەوە دەستی بەسەر دەرمانەکاندا گیرا و لێرەوە داوا لە دەرمانخانەکان دەکەین مامەڵە بەو دەرمانانە نەکەن کە نایاسایین، لەبەر ئەوەی زیان بە تەندروستییان دەگەیەنن.

پۆلیسی سلێمانی: کەسێک دوای 9 ساڵ دەستگیر کرا



هێزەکانی پۆلیسی سلێمانی تۆمەتبارێکیان دەستگیر کرد، کە تۆمەتبارە بە کوشتنی کەسێک لەساڵی2010 دا.

دوێنێ سێشەمە 2019/9/17 بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سلێمانی ڕاگەیاندراوێکی لە پەیجی فەرمیی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بڵاو کردەوە، تێیدا هاتووە: لە بەروواری 2010/10/27دا، هاووڵاتی ک، م، غ لە گەڕەکی چوارچرای شاری سلێمانی کوژرا و ئەنجامدەری تاوانەکە هەڵهات. دوای ئەوەی بنکەی پۆلیسی ڕزگاری زانیاری لەسەر تۆمەتبارەکە دەستکەوت، کە بەنیازە بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان هەڵبێت، بە نووسراوی فەرمی سەرجەم هێزەکانی پۆلیسی لە بازگەکان ئاگادار کردەوە. پۆلیسی سلێمانی ئاماژە بەوەش دەکات:ڕۆژی 2019/9/11 مەفرەزەکانی بەشی پۆلیسی قەزای چۆمان بە هاوکاریی هێزە ئەمنییەکانی دەروازەی سنووریی حاجی ئۆمەران توانییان تۆمەتباری ناوبراو لەو دەروازە سنوورییە دەستگیر بکەن. لە ڕاگەیاندراوەکەدا ئەوەش خراوەتەڕوو، تۆمەتبار ناوی (ش، ت، م)ە و دوای دەستگیرکردنی، ڕادەستی بنکەی پۆلیسی ڕزگاری کراوەتەوە. پۆلیسی سلێمانی ڕوونیشی کردۆتەوە تۆمەتبار بە بڕیاری دادوەر و بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی بەندە، بنکەی پۆلیسی ڕزگاری پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بۆ ڕێک خستووە و لێکۆڵینەوەکان بەردەوامن.



هەولێر..
60 هەزار پەنجە ماسی خرایە (بەنداوی سماقولی)یەوە

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان، هاوردەکردنی هەنگوین قەدەغە دەکات

وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بێگەرد تالەبانی رایگەیاند کە بەرهەمی ناوخۆیی ماسی 40%ی پێدراویستی ناوخۆ دابین دەکات و 60%ی هاوردە دەکرێت و ئاشکرایشی دەکات کە لە چوارچێوەی پەرەپێدانی بەرهەمە خۆماڵییەکاندا، سەد هەزار پەنجە ماسی-یان بەسەر جووتیاراندا دابەشکردووە بۆ ئەوەی بتوانن ڕێژەی سامانی ماسی بەرزبێتەوە.

بێگەرد تالەبانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: "وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ، ٦٠ هەزار پەنجە ماسی-مان خستە نێو ئاوی بەنداوی سماقولی-یەوە، ئەوەی کە مایەی خۆشحاڵییە، کارمەندەکانمان سەرەڕای بوونی قەیرانی بەردەوامیان لە پەرەپێدانی بەرهەمی ناوخۆیی ڕۆڵێکی کاریگەریان بینیووە".

وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان گوتیشی: "بۆ ئەمساڵ ٦٠ هەزار پەنجە ماسی-مان پەروەردە کردووە و بۆ پەرەپێدانی بەروبوومی ناوخۆیی خستمانە نێو ئاوی بەنداوی سماقولی-یەوە، ئومێد دەکەین لە ساڵانی داهاتوودا بۆ بەنداوەکانی دیکە بەهەمان شێوە وەزارەتی کشتوکاڵ پەرە بەسامانی ناوخۆیی بدات".

وەزیری کشتوکاڵ: بەرهەمی ناوخۆیی ماسی 40%ی پێداویستی ناوخۆ دابین دەکات و 60%ی هاوردە دەکرێت

لەبارەی ڕێژەی بەرهەمی ماسی لە هەرێمی کوردستان، بێگەرد تالەبانی گوتی: "سامانی ماسی یەکێکە لە بەرهەمە سەرەکییەکان کە ساڵانە هەشت هەزار تۆن دەخرێتە ناو بازاڕەکانەوە کە دەکاتە ڕێژەی لەسەدا ٤٠ی خواستی ناوخۆیی کوردستان و لەسەدا ٦٠کەی دیکەیش هاوردە دەکرێت، بۆ زیاتر پەرەپێدان بە سامانی ماسی، بۆ ئەمساڵیش 100هەزار پەنجە ماسی-مان داوەتە جووتیاران".

بێگەرد تالەبانی گوتیشی: "بەرهەمی ماسی یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی خۆراک لە هەرێمی کوردستان کە لە ساڵانی ڕابردوودا کەمتر بەکارهاتووە، بەڵام لەئێستادا خواستی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە ئاست بەکارهێنانی سامانی ماسی خەریکە پەردەستێنێت و هیوادارین لە ئاست خواستی هاوواڵتییاندا بتوانین پەرە بەو سامانە بدەین، هیواشمان وایە کە ساڵانە لە وەرزی زاوزێدا لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان پاریزگاری لەو سامانە بکەین بۆ ئەوەی ببین بە خاوەن ڕێژەیەکی بەرچاو لە سامانی ماسی".

بەنداوی سماقولی (جەلی) دەکەوێتە ڕۆژهەاڵتی شاری هەولێر و دوریەکەی ٣٣٦ مەتر و پانییەکەی لەژێرەوە ١٤٠ مەترە و بەرزایی بەندەوەکە ٢٠ مەترە و توانای گلدانەوەی ٦،٨ ملیۆن مەترسێجا ئاوی هەیە.

هاوکات وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بێگەرد تالەبانی ڕایگەیاند کە بڕیاریانداوە ئاوردەکردنی هەنگوین بۆ هەرێمی کوردستان قەدەغەبکرێت.

بێگەرد تالەبانی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: "هەر بەرهەمێکی ناوخۆ بەشی پێویستی بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان و خواستی ئاوڵاتییان دابین بکات، ئەوا بێگومان ئاوردەکردنی قەدەغە دەکرێت، یاخود بەپێی پێویستی بازاڕ سنوردار دەکرێت ئەمەش لە پێناو پەرەپێدانی بەرهەمی ناوخۆ".

وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بێگەرد تالەبانی گوتیشی: "ئەمساڵ ڕێژەیەکی باش لە هەنگوین لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەرهەم هاتووە، بۆیە لە ئەمڕۆوە هاوردەکردنی هەنگوین قەدەغە دەکرێت".

بێگەرد تالەبانی گوتیشی: "پێشتریش هاوردەکردنی چەند بابەتێکی دیکەی وەک تەماتە و هەنار قەدەغەکراوە ئەمەش وەک پاڵپشتی بۆ جووتیاران و پەرەپێدانی بەرهەمی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان".

ئەو شوێنەی نابێ بکرێتە قوتابخانە

ژمارەیەک لە دانیشتوانی گوندی کۆری لە هەولێر لە ڕێگەی داواکارییەکەوە دەڵێن: نەبوونی قوتابخانە کێشەیەکی هەرە سەرەکی ئێمەیە، لە ئێستایشدا بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر بۆ چارەسەری ئەو گرفتە بەنیازە ئەو چەند کابینەیەی لە وێنەکان دەرکەوتوون بکاتە قوتابیخانە وەک چارەسەرێکی کاتی، بەڵام ئەو کابینانە بەهیچ شێوەیەک بۆ قوتابخانە شیاونین و داواکارین چارەسەرێکی دیکەمان بۆ بدۆزنەوە.

ئا/ بارزان کەمال

شوێن و گرنگییەکەی لە تێپەڕاندنی قەیرانەکاندا

بەڕێوەبردنی قەیرانەکان لە ڕوانگەی کارگێڕی گشتیدا، گرنگی بە شوێن دەدات، چونکە وەک قەیرانێکی کارگێڕی دەبێ سەیر بکرێت، کە پەیوەستە بە قەوارەی کارگێڕی و جێبەجێکردن و سیستەمی سیاسی، ئەویش چوار قۆناغی لەخۆی دەگرێت:

1- قۆناغی ئاگادار کردنەوە: ئەو قۆناغەیە کە دەکەوێتە پێش دروستبوونی قەیرانەکە، کە دەبێ دەت بکرێت بە بەکارهێنانی تواناکان لە سەرپەرشتیکردن و گۆڕانکاری و گریمانە و جێگرەوەکانی.

2-قۆناغی سەرهەڵدانی قەیران: لەسەر بنەمای نەبوونی توانای بڕیاردەر بینا دەکرێ، لە ئەگەر پێشبینیکردنی سەرهەڵدانی قەیرانەکاندا.

-3قۆناغی تەقینەوە: ئەویش ڕاستەوخۆ دوای شکستهێنانی خاوەنی بڕیار دێت، لە سەرکردایەتیکردنی کارگێڕی و مامەڵەکردن لەگەڵ فاکتەری جوولانەوەی قەیرانەکەدا، یاخود نەبوونی توانای کۆنترۆڵکردنی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی ڕوودەدەن، کە پێویستە ئەو ڕەگەزانەی لای خوارەوە لەو ڕێکخراو و دامەزراوەیەدا هەبن، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانەکان:

ا ژ توانای تەواوکاری لەنێوان چالاکییە جیاوازەکان کە سرووشتی قەیرانەکە دەیخوازێت.

ب ژ بوونی توانای دروستکردنی ژینگەیەکی کارگێڕی لەسەر بنەمای تێگەیشتن و هاوبەشیکردن لەنێوان هەموو ئاستەکاندا.

ج _توانای بیناکردن و گەشەپێدانی تۆڕەکانی پەیوەندیکردنی کارا، کە هەموو وردەکارییەکان بەردەست بخات.

د _توانای پێشبینیکردنی ئایندەو بەدەستهێنانی هەستکردنی تەواو لەسروشتی قەیرانەکەو مەترسییەکانی.

ھ _بوونی توانای گەشەپێدانی پەیوەندییە هاوبەشەکان لەگەڵ ژینگەی دەرەوە.

4- قۆناغی گەمارۆدانی قەیران: ئەو قۆناغەیە کە فاکتەرکانی قەیرانەکە بەرەو باڵاوبوونەوە دەچن و هەوڵی ئەوەیش دەدرێت کە هاوسەنگی سروشتی بە شێوەیەکی سەرەکی بهێنێتەوە، ئەویش بەرێگەچارەی ئاشتییانە یان بە پێچەوانەوە، هەروەهاش چارەسەری قەیانەکە بەشێوەی هاوسەنگ یاخود ناهاوسەنگ.

هاوکات پێداویستییە کارگێڕییەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ قەیران ئەمانەن:

1- ملکەچ نەبوون بۆ هەمان ئەو فاکتەر و شێوازانەی بۆ قەیرانێکی پێشوو بەکارهاتوون و چونکە ئەوەی لە پێشووتردا بۆ چارەسەری قەیرانێک شیاو بووە، مەرج نییە بۆ چارەسەری قەیرانێکی ئێستا شیاوبێت، هەروەها ڕەگەزی دیکەیش زیاد دەکرێن وەک خێرایی و پێوانەکردنی کات و حاڵەتی ئاسانکردن نەک ئاڵۆزکردنی قەیرانەکان.

2- ملکەچ بوون بۆ مامەڵەکردنی زانستییانە لەگەڵ قەیرانەکان و بە گوزراشتێکی دیکە، مامەڵەنەکردنی هەڕەمەکییانە و سەردەڕییانە لەگەڵ بارودۆخەکە، بەڵکو دەبێ قەیرانەکە بخرێتە ژێر سیستەمی دروست و پێوبستیشە ئەو هەنگاوانە بکیرێنەبەر:

ا - پلاندانان: واتا دیاریکردنی پێشوەختەو چۆنیەتی کارکردن و دیاریکردنی کات و وردبینیکردن بۆ حاڵەتەکەو ئایندەی، وێڕای پێشبینیکردنی ڕووداوی لەناکاو.

ب- ڕێکخستن: بەدەستهێنانی جۆرێک لە ڕێکەوتن ز ڕەزامەندی و تەواوکاری جیاواز لەنێو هەوڵە گشتییەکاندا، چونکە هاوپەیمانێتییەکان دەبنە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی نوێ و پێویستە یارمەتیدەرو بەرپرس و شێوازەکانی پەیوەندی و کات و جێبەجێکردن دیاری بکرێت.

ج - ئاراستەکردن: هونەری ڕووبەڕووبوونەوەی بوێرانەو خێراو دروستە بۆ ڕووداوەکانی نێو قەیرانەکە، لێرەوەش دەبێ بزانین کێن ئەوانەی کار لەو ڕووبەڕووبوونەوەیەدا دەکەن.

ئا: رامیار حوسێن

بەسەرکردنەوەی ئافرەتێکی تێکۆشەر



ساسان دەرویش/ هۆڵەندا

رێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە دریژایی مێژووی پرشکۆی خەبات و تێکۆشانیان لە قۆناغە جیاوازەکانی شۆڕش چ لە شار بووبێ یا خود شاخ رۆڵی گرنگیان بینیووە لە پەروەردەکردنی نەوەکانیان بە بیری شۆڕشگێڕی و خۆشەویستی خاک و گەلەکەیان.

ئەوانەشی لەم رێکخراوەدا خۆیان بینیوەتەوە و کاریان تێداکردووە لە نەوەی خانەوادە تێکۆشەرەکانی نێو شۆڕش و قوربانییەکانین لە کچ و خێزانی شەهیدان کە ئەم کاروانەیان گەیاندە قۆناغێک کە ئافرەتانی کورد بەشێکی گرنگ بن لە کایبەکانی ژیان و کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو دیاری بکەن لە پێناو کۆمەڵگەیەکی تەندروست و خزمەت بە گەل و نیشتیمانەکەیان. بە نموونە لە نێو ئەو هەزاران ئافرەتە، یادگار مەحمود بەرپرسی ئەنجومەنی سلێمانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کە خاوەنی دوو برا و باوکی شەهیدە لە خانەوادەیەک چاوی کردۆتەوە کە هەمیشە پێشمەرگە بوون و بە ئاواتی سەربەخۆیی کوردستان بوون. قەدری خوێنی شەهیدان و دەسکەوتەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستانیان لەبەرچاوە کە بە فرمێسک و خوێن کۆشکی هیوای لەسەر هەڵچنراوە، بۆیە لە پێگەی خۆیەوە بە هەمیشەیی ڕاستگۆیانە کاری خۆی دەکات لە خزمەتکردنی کەسوکاری شەهیدان و تێکۆشەرانی ئافرەتان و بەسەرکردنەوەیان و دڵنەوایکردنیان و ئاراستەکردنیان بۆ گرتنەوەی شوێن هەنگاوەکانی خۆیان و پێش خۆیان کە پێش خاتوو یادگار مەحمود، خاتوو ناسک سەعید ئەم ئەرکەی لە ئەستۆ بوو کە ئەویش بە هەمان شێوە لە نێو کۆمەڵگەکەی خۆیدا بوو خزمەتی پێشکەش دەکردن. ئەوەی زۆر سەرنجی منی ڕاکێشا لەم غوربەتەوە بۆ نووسینی ئەم چەند دێرە بۆ ئەم خاتوونە یادگار مەحمود وێرای خەرمانی خزمەتکردنی لەم ڕۆژانەدا بە یاوەری هەقاڵی دێرینی ئەنجومەنی ئافرەتان خاتوو پاکیزە نەجم سەردانی خاتوو پەیمان بەرزنجی شۆڕشگێڕ و شاعیر کردووە لە شاری سلێمانی کە نزیکەی 20ساڵ زیاترە لە کوردستان دابڕاوە و لە تاراوگە نیشتەجێی ولاتی بەریتانیایە کە بەنیازی چارەسەری نەخۆشییەکانی چۆتە ئەو ولاتە و لە بارەی ئەم خاتوونەوە خاتوو یادگار مەحموود دەڵێت: ئەم خاتوونە کوردپەروەر و نیشتیمانپەروەرە مێژووی خەباتی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژە سەختەکانی خەبات و لە ڕێکخستنە نهێنیەکاندا ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە هەروەها زیندانی سیاسی بووە و هەموو جەستەی شوێنی کوژاندنەوەی جگەرەیە، بەڵام هەرگیز بۆ ساتێکیش وەری بەرنەداوە و شیعرەکانی بۆ نیشتیمان و ئازادی بەتینتر بوون و سوورتربوونە لە بەشداریکردن لەخەبات و خزمەتکردن بە ڕێبازی بارزانی نەمر. خاوەنی چەند نامیلکە شیعرییەکە هەموو خەم و ویست و ئامانجی ئەم خاتوونە گەیشتنی گەلەکەیەتی بە سەربەخۆیی هەر بۆیە زۆر بە پەرۆشەوە بە هەڵمەت بوو بۆ ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان. خۆشحاڵ بووم ئەم ئافرەتەم لە نزیکەوە ناسی و سەردانیمان کرد.

بە ڕاستی ئەمەیە کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو، لەگەڵ ئەمەشدا نابێت دڵسۆزی کوڕە پێشمەرگەیەکی هەڵگری مەدالیایی بارزانیش لەیاد بکەین کامەران غەریب کارگێڕی لقی چواری پارتی کە هەنگاوەکانی باوکی پێشمەرگەی دەبڕێ و خاتوو پەیمان بەرزنجی گەیاندە لقی چوار و لەلایەن سەعید ئاغا بەرپرسی لقی چوار پێشوازی لێکرد و ڕێزی لەخەبات وتێکۆشانی گرت بە هەمان شێوەش بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی و سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و چەند دەزگا و ناوەندێتر ڕێز لەم خاتوونە گیرا و لە کۆتایدا سوپاسی هەمووانی کرد و گوتی هەست بە ماندووبوون ناکەم بەڵکو هێز و توانای زیاترتان دامێ بۆ ئەوەی خزمەتی زیاتربکەم.



سەردانیکردنی پەیمان بەرزنجی لەلایەن یەکێتیی ئافرەتانی سلێمانییەوە

ترسی منداڵان لە قوتابخانە بە هەند وەربگرن

ئا/ ژیلا کەریم

ڕەوانناسێک دەڵێت: زۆر لە منداڵان، حەز لە چوون بۆ قوتابخانە ناکەن، چونکە لە ڕوانگەی ئەوانەوە قوتابخانە شوێنێکی ترسێنەرە.

کەماڵ پەرهون ڕەوانناس و ڕاوێژکار لەو بارەوە دەڵێت: زۆربەی کات دەسپێکی قوتابخانە بۆ زۆرترینی منداڵان ڕووداوێکی چێژبەخش و پڕ لە هەیەجانە و نیشانەیەکی ڕوون لە گەشە و پێگەیەشتنی منداڵان ئەژمار دەکرێت.

هەروەها وتی: ژمارەیەک لە منداڵانیش هەن کە هیچ حەز بە قوتابخانە ناکەن و بۆ بەشێکیان قوتابخانە ئەوەندە ترسێنەر و پڕ دڵەڕاوکێیە کە بۆ چوون بۆ سەر پۆل هیچ شەوقێکیان تیا بەدیناکرێت.

ئەم ڕەوانناسە دەڵێت: ئەو منداڵانە زۆربەی کات بە هۆی نیگەرانیی چوون بۆ قوتابخانە، نەخۆش دەکەون یان بە ئانقەست ڕۆڵی کەسی نەخۆش دەگێڕن و بەو هۆیەوە خۆیان لە ماڵەوە دەهێڵنەوە.

پەرهون ڕاشکاوانە دەڵێت: ئەوانەی کەبەیانیان پێداگری لە نەچوونیان بۆ قوتابخانە دەکەن، بەڵام لە کۆتایی ئامادەی پۆل دەبن، ئەوانەی دەچنە قوتابخانە بەڵام بە هۆکارێک واز لە قوتابخانە دەهێنن، ئەو منداڵانەی بەو پەڕی دڵەڕاوکێ و ترسەوە لە قوتابخانە ئامادە دەبن و ئەمکارەش دەبێتە بیانوو لە داهاتوودا کە ئامادەی قوتابخانە نەبن و ئەوانەی تەواوی ڕۆژ خۆیان لە چوون بۆ قوتابخانە دەدزنەوە، هەموو دووچاری فۆبیای " ترس لە قوتابخانە بوون". هەروەها پێیوایە ترس و پێداگری لە نەچوون بۆ قوتابخانە لە نێوان کچان و کوڕاندا بە یەک ڕادە بەربڵاوە و دەڵێت: ترس لە قوتابخانە لەنێو 5بۆ 6 سالّی و 10بۆ 11ساڵان دەبێندرێت. ترسی زۆر و ناسروشتی لە قوتابخانە زۆربەی کات بۆ یەکەمجار لە قۆناغی باخچەی ساوایان یان پۆلی یەک دەسپێدەکات و لە پۆلی دووهەم دەگاتە ئەو پەڕی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی زۆری لەسەر داهاتووی منداڵ دەبێت و لاوازی کەسایەتی زۆری بۆ ئەو منداڵە دەبێت.

پەرهون لە بارەی ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی شێواوی لە تاکدا وتی: چۆنیەتی هەڵسوکەوتی دایک _منداڵ، شێوازی ئەو دایک و باوکانەی کە بە شێوەیەکی بەرفراوان و دوور لە تێگەیشتن پاڵپشتی منداڵن، ئاڵۆزی بارودۆخی بنەماڵە، شەرمێون بوون و ترس لە هەڵسەنگاندن لە نێو جەماوەردا، دڵەڕاوکێی جیابوونەوە، ترس لە ئەزموونی شکست لە قوتابخانە، لاوازی لە متمانەبەخۆبوونداد، تاقانەبوون، هۆکار و یاساکانی قوتابخانە، پەیوەندی مامۆستا _قوتابی، کێشە ڕەوتاریەکان و بوونی دڵەڕاوکێ لە منداڵدا دەتوانن هۆکار گەلی ترس لە قوتابخانە بن.

هەروەها ئاماژە بەوە دەدات کە دەبێت بوێرانە پێداگری لە چوونی منداڵ بۆ قوتابخانە بکەن، چونکە چەندی کات تێپەڕ بێت ترسی دیکە دێنە سەر ترس لە قوتابخانە و ڕەنگە بە هۆی پاڵپشتیکردنی لە ماڵەوە و ترس لە پاشکەوتنی لە هاوپۆلەکان ئەو کێشەیە جیدیتر بێت.

پاڵنەرە نێگەتیڤەکان وەک دوورکەوتنەوە لە شوێنی ئازاربەخش و پڕدڵەڕاوکێی قوتابخانە و دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵەی ئازاربەخش کە منداڵ وابیردەکاتەوە لەو کۆمەڵەیە دەکەوێتە بەر ڕەخنە و پاڵنەرە پۆزەتیڤەکان وەک ئەنجامدانی ئەو یارییانەی حەزی لێیەتی، خەو و بەرنامەی تەلەفیزیۆن کە بە دڵیەتی لە قوتابخانەدا دەتوانێت ترسی منداڵ کەم بکاتەوە.

لە دڕێژەدا پەرهون باس لەوەدەکات کە: هاوئاهەنگی قوتابخانە و خێزان، چارەسەرکردنی هەرچی زووتر، گوێپێنەدان بە سکاڵا جسمییەکان، پێداگری لە ئامادەبوون لە قوتابخانە و پێدانی ئیزنی مانەوە لە حەوشەی قوتابخانە بە دایکی بە مەبەستی چاوەڕێکردن بە ئاگەداری منداڵەکە دەتوانێت هۆکاری کەم کردنەوەی ئەم ترسە بن و لە بەرامبەردا تەمێکردنی منداڵ دەتوانێت کێشەکان زیاتر بکات، بۆیە بەردەوام ئامۆژگاری بنەماڵە و مامۆستایان دەکرێت کە بە هیچ شێوەیەک تەمێ وەک شێوەیەکی بەرپەرچدانەوە بەکار نەهێنن.

پێویستە بەر لە کرانەوەی قوتابخانە بنەماڵە بە بردنی منداڵەکەیان بۆ قوتابخانە ئاشنای شوێن و کەشی قوتابخانەی بکەن. سوودوەرگرتن لەو چیرۆک و یارییانەی کە کەشی قوتابخانە خۆش و دڵڕفێن پیشان دەدەن ڕێگەیەکیتری ڕەواندنەوەی ترسەکەیە. جیاکردنەوەی منداڵ لە سەرچاوەی پەیوەندی پێشووتر دەبێت هەنگاو بە هەنگاو و دوور لە هەر هەستیارییەک ڕووبدات. ڕۆژی یەکەم پێویستە دایک لەگەڵ منداڵی ئامادەبێت، ڕۆژی دووهەم داپیرە یان پوور یان هەر کەسێک لە خێزان کە منداڵ لە لای هەست بە ئاسوودەیی دەکات، ڕۆژی سێهەم باوک و ...تا ئەو سەرچاوەی پەیوەستبوونە لە کەسی یەکەمە بگوازرێتەوە بۆ دووهەم و سێهەم و کەم کەم منداڵ خوو بە دوورکەوتنەوە لێیان بگرێت.





دایکا یارایێ:

دەما سەردانا سەنگەرێن پێشمەرگەی دکەم هزر دکەم ل ناڤ زاروکێن خوەدامە

خەبات/ شیراز چاربۆتی: ونسا ئەو ئافرەتە ئەوا ل ئەلمانیا بۆ خزمەتکرنا خەلکێ کوردستانێ ل بهارا سالا 2014ێ قەستا باشوریّ کوردستانێ کری و چەندین ساله ل باشوریّ کوردستانێ بێ جوداهی خزمەتا تەخ و چینێن کوردستانێ دکەت.

دایکا یارا ئەوا ب دایکا پێشمەرگەی هاتیە ناسین بۆ خەبات گۆتن: بەریا شەرێ داعش من جارەکێ سەردانا کوردستانێ کربۆ هەر وی دەمی من ڤیا ل کوردستانێ مینم بەلێ وێ جارێ زڤڕیمڤە پاشی ل گەل هاتنا داعش هاتمە کوردستانێ ژبەر وێ ڤیانا بۆ ئاخ و ئالا و گەلێ خوە کو من هەی بزڤمڤە کوردستانێ و خزمەتا کوردستانی و پێشمەرگەی بکەم بەختەوەرم کو ژبەر خزمەتا منا بەردەوام ل سەنگەرا ناسناڤێ دایکا پێشمەرگەی بن هاتە دان.

گوتژی: بۆ ب ڕێڤەبرنا ژیانا خوە ل کومپانیایەکێ کاردکەم و بەلێ پتریا روژانێن خوە ل سەنگەرێن پێشمەرگەی دەرباز دکەم ل گەل پێشمەرگەیان، گرنگ نیە کەس هاریکاریا من بکەت گرنگ ئەوە ئەز بشێم بەردەوام سەردانا پێشمەرگەی بکەم ل بن سێبەرا ئالای کوردستانێ و لسەر ڕێبازا پیروزا پارتی و بارزانی بژیم.

خویاکر پێشمەرگەیا هەمیا ب زاروکێن خو دزانم گەلەک جارا ببریا زاروکێن خوە دکەم بەلێ خزمەتکرنا وەلاتی ژی ئەرکەکێ نەتەوی یە دڤێت مروڤ خزمەتا وەلاتی خوە بکەت وەک زاروکێن خوە، دەما سەردانا سەنگەرێن پێشمەرگەی دکەم هزر دکەم ل ناڤ زاروکێن خوەدامە.

ئافرەتانی سۆران بەرەو پیشەی فۆتۆگرافی هەنگاو دەنێن





تاپۆ کردنی هەندێ کار و چالاکی لەسەر جیهانی پیاوانە و ڕێگەنەدان بە ئافرەتان بۆ چوون بۆ ئەو بوارە لە کۆمەڵگە ڕۆژهەلاتییەکان بە ڕوونی دەبینرێت، بەڵام پێویستە بە بوێری ڕووبەڕووی ئەو بیرە بوەستیتەوە، بۆیە ئافرەتانی کورد بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان هەندێ لە سنوورە تاپۆکراوەکان دەشکێنن. ئەوەتا ئافرەتانی سۆران بە بەشداری لە خولێکی فۆتۆگرافی بەنیازن ئیتر وەک پیشە لەو بوارەدا خۆیان هەڵسەنگێنن. ئەنجومەنی سۆرانی یەکێتی ئافرەتان کوردستان لە چالاکییەکی نوێی خۆیدا هەڵسا بە کردنەوەی خولێکی فۆتۆگرافی بۆ 30ئافرەتی سنوری سۆران بۆ ماوەی دە ڕۆژ بە کرداری و وتنەوەی وانە کە لە لایەن مامۆستا و فۆتۆگرافەری نێودەوڵەتی "سابر دری" خولەکە بەڕێوەچوو.

خاتوو نازنین عەزیز بەرپرسی ئەنجومەنی سۆرانی یەکێتی ئافرەتان لەو بارەوە بۆ خەبات وتی: بۆ زیاتر بەرزکردنەوەی ئاستی توانای ئافرەتانمان لە هەموو ڕوویەکەوە بە پێویستمان زانی ئەو خولە بکەینەوە بۆ ئەوەی ئافرەتانی ئێمەش وەکو ڕەگەزی بەرانبەر بتوانن فۆتۆگرافی بکەن و وەک پیشەیەک بەکاری بهێنن تا ببنە سەرچاوەیەکی داهات بۆ خۆیان و خێزانەکانیان. ئەم خولە لە ژێر ناونیشانی "با ئافرەتانیشمان فۆتۆگرافەر بن" بەڕێوەچوو و ئافرەتانی سۆران پێشوازییەکی باشیان لێکرد.


خۆپێشاندانەکەی بەردەرگای سەرای سلێمانی 6ی ئەیلوولی 1930


شەهید عەولە سپس لە ڕاپەڕینەکەی 6ی ئەیلوول 1930 لە بەردەرگای سەرای سلێمانی شەهید کرا

لە یادی ڕاپەڕینی 6ی ئەیلوولی 1930 بەردەرکی سەرای سلێمانیدا

زانیار سەردار قرگەیی/ سلێمانی

یەکێک لە ڕۆژە خۆێناوی و مێژوویییەکانی شاری سلێمانی ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرای شاری سلێمانییە، واتا ڕۆژی 6ی ئەیلوولی ساڵی 1930، کە جەماوەری شاری سلێمانی لەو دەمەدا دژی داگیرکەران و خۆفرۆشان بۆ بەگژداچوونەوەی ڕژێمی ئەو سەردەمە ڕاپەڕینیان بەرپاکرد، لەپێناو پوچەڵکردنەوەی ئەو پەیماننامەیەی کە لەنێوان حکوومەتی عێراق و ئینگلیز کە بەسترابوو، دوا بەدوای ئەوەیش کورد داوای مافی خۆی دەکرد.

لە ئەنجامی وەڵامی دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمە، دەسەڵاتدارانی عێراق بە دەسڕێژی گولە وەڵامیان دانەوە و هێرشیان کردە سەریان، لەئەنجامدا 45 کەس لە هاوڵاتیانی شاری سلێمانی بە گوللەی دوژمنان شەهید و بریندارکران و 170 کەسیش دەستگیرکران. ئەو ڕۆژە ناوزەد کرا بە(ڕۆژی ڕەشی ئەیلوول) یان (ڕۆژی شەشی ئەیلوول) یا (شەڕی بەردەرکی سەرا)، چونکە لە هەموو سەردەمێکدا بەردەرکی سەرا کە سەنتەری شار بووە بەردەوام جموجۆڵی سیاسی هەبووە و کوردایەتی پەرەی تێدا سەندووە، بۆیە ڕژێمە سەرکوتکەرەکان لەوێوە هەوڵی سەرکوتکردنی جەماوەریان داوە و ئەو شوێنەی کۆنترۆڵ کردووە و کردوویانەتە بنکەیەکی سەربازیی گرنگ بۆ دژایەتیی خەڵکی سلێمانی.

ئەوەی کە پێویستە ئاماژەی پێ بدرێت ڕۆڵی ئازایانەی چەندین کەسی ئەو شارە بوو لەنێویاندا کەسایەتی ناسراو (عەولەسیسی پالەوان)ە، کە لە کاتی هەڵمەتبردنیدا بە خەنجەرەوە بۆ سەر ئەو ڕەشاشەی تەقەی لە خۆپێشاندەران دەکرد، عەولەسیس شەهیدکرا.

زۆرێک لە خەڵکی شارەکە بەشداربیان تێدا کرد، ڕۆشنبیران و شاعیران و ڕووناکبیرانیش لەوکاتەدا ڕۆڵێکی بەرچاو و گرنگی خۆیان تێدا بینی لە هاندان و پشتگیری کردنی داوا ڕەواکانی میللەتی کورد بە هوتافکێشان و وتارخوێندنەوە و هۆنراوە بۆ پەرەسەندنی هەستی کوردایەتی. ئەو ڕاپەڕینە بووە بناغەدانەر و هۆشیارکەرەوەی خەڵکی سلێمانی. لە دوای ئەو ڕاپەڕینە و ساڵانی دواتریش چەندین هۆنراوە بۆ ئەو یادە نووسرا و بڵاوکرایەوە و بەرز ڕایانگرت. ئەو شاعیرانەیش بریتی بوون لە "شێخ سەلام، پیرەمێرد، بێکەس، ئەحمەد موختار جاف، گۆران، قانع، ئەخۆل" و چەند کەسێکی دیکە.

بۆ بەزیندوو هێشتنەوەی ئەو یادە پیرۆز و گرنگە و، بە بۆنەی تێپەڕبوونی 89 ساڵ بەسەریدا، هەر یەک لە بەڕێزان (دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر) مامۆستای مێژوو لە زانکۆی سلێمانی، (مامۆستا حەمە ساڵح سەعید) و (مامۆستا جەمال بابان) بەم شێوەیە دوان:

لێرە بەدوایش ڕق و تۆڵەی جەماوەری کوردستان بە گشتی و شاری سلێمانی بەتایبەتی، لە ڕژێمی پادشایەتی زیادی کرد. بەتایبەت شاری سلێمانی، کە خۆیان بە خاوەنی یەکەمی حکوومەت دەزانی و شارەکەیان لە (سێ) کات و لەنێوان ساڵانی "17ی تشرینی یەکەمی 1918 بۆ 17ی حوزەیرانی 1919، 10 ی تشرینی یەکەمی 1922 بۆ 16ی مایسی 1923، 26ی حوزەیرانی 1923 بۆ 19ی تەموزی 1924" پایتەختی کوردستانی باشوور و حکوومەتەکەی (شێخ مەحمودی نەمر) بوو، هەر بۆیە بۆ ڕۆژێک دەگەڕان ڕقی پەنگخواردووی خۆیان بەسەر حکوومەتی عێراق و بەریتانیای داگیرکەردا بڕژێن.

ئەمە و لەلایەکی دیکەوە دوای سەرەتا دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر مامۆستای مێژوو لە زانکۆی سلێمانی بەم شێوەیە لەو ڕاپەڕینە دوا و گوتی: ڕۆژانێک هەن چەندین لاپەڕەی نەمریان بۆ مێژووی نەتەوەکەمان تۆمارکردووە، ئەو سەروەریانەی شانازی گەوردیان بۆ نەوەکانی ئایندە بەجێ هێشتووە. هەر بۆیە بێگەڕانەوە بۆ مێژوو، ئەستەمە لە مانا و گەورەیی دەسکەوتەکان تێبگەین. نازانن دەسکەوتەکانی سەردەمەکەمان بەرهەمی کام خەبات و قوربانیدانە، تا ئەوەی هەندێک هەن وا بیردەکەنەوە کە ئەوەی بەدەست هاتووە هیچ نییە، بەڵام ئەگەر هەر یەکێک لەوان بۆ ئەو سەردەمە بگەڕێنەوە و داوای لێ بکرێت، کە با هەوڵ و توانەکانی خۆی تێدا بخاتە گەڕ، ئەوا لام وایە هەر زوو دان بەوەدا دەنێن کە خەبات لە ڕابردوودا زۆر سەختتر بووە لەوەی کە ئێستا هەیە.

ئەو ڕاستییانە دەکرێت بمانباتەوە بۆ ڕێک (89) ساڵ لەمەوبەر. بۆ ئەو ڕۆژەی لە ناوەندی شاری سلێمانی کە بە (بەردەرکی سەرا) ناسراوە، ڕاپەڕینێکی جەماوەری سەری هەڵدا، کۆمەڵێک ڕقی ئاخ و حەسرەتی پەنگخواردووی بە ڕووی ڕژێمی پادشایەتی عێراقدا تەقاندووە. ئەو ڕۆژە 6ی ئەیلوولی 1930 بوو، کە بۆ کورد و شاری سلێمانی هێز و سەروەری و، بۆ دەسەڵاتدارانی عێراقیش لاوازی و ترس و دڵەڕاوکێ بوو.

بەڵەوەی دانیشتوانی شاری سلێمانی ئەو ڕاپەڕینە بەڕووی دام و دەزگاکانی ڕژێمی پادشایەتیدا بەرپا بکەن، بۆ چەند ساڵێک بوو بارودۆخی شاری سلێمانی ئارام بوو. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە بەر لە (شەش) ساڵ هێزەکانی بەریتانیا لە 19ی تەموزی 1924 لە حکوومەتەکەی "شێخ مەحمود"یان دا. بەوەیش دوایەمین حکوومەتی کوردی لە باشووری کوردستان کۆتایی بە دەسەڵاتی هات. بەدوای ئەو ڕووداوەشدا سەرجەم ناوچەکانی باشووری کوردستان بە فەرمی خرانە سەر دەوڵەتی عێراق و بە پادشاکەیەوە "فەیسەڵی کوڕی حوسێن" وابەستە کران.


پەیامنێری (خەبات)و د.کەیوان ئازاد ئەنوەر

بڵاوکردنەوەی پەیماننامەکە دەرکەوت هیچی لە بارەی کوردەوە تێدا نییە.

د. کەیوان لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: لە ئاستانەی ئەو ڕاستییانەشدا موتەسریفی سلێمانی، کە کوردێکی شاری سلێمانی بوو بە ناوی ئەحمەد تۆفیق، دوور لە ویستی هاوشارییەکانی کاری دەکرد. هەر بۆیە خەڵکی ئەو شارە خۆشیان نەدەویست و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی خۆیاندا بە خراپ باسیان دەکرد، ئەمە و لە تۆمارێکی مێژوویی ساڵی 1930دا هاتووە ئەگەرچی لیوای سلێمانی، کە مەرکەزەکەی شاری سلێمانییە لە لایەن کوردێکی ئەو شارەوە نیدارە دەکرێت و ناوی "ئەحمەد تۆفیق بەگ"ە، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆرینە لە حکوومەتەوە دانیشتوانی لیواکە دەبینێت، سەرۆک وەزیران بە یاوەری هەردوو وەزیر (جەمیل مدفعی و جەلال بابان) و (مێجەر یانگ) لە بری نوێنەری بااڵی حکوومەتی بەریتانیا لە عێراق، سەردانی شاریان کرد و تا 12ی ئاب مانەوە.

بەڵام هیچ یەک لەو هەواڵانەی حکوومەتی عێراق لە ڕقی جەماوەری شاریان کەم نەکرد، وەک ئەوەی ئەوان بە هیچ یەک لەم کارە و هەوڵەکانیان ڕازی نەبن، چونکە لە بۆچوونی دانیشتوانی شاردا ئەو سەردانانە تەنیا بۆ دڵنەوایی و هێورکردنەوەی بارودۆخەکە بوو، نەوەک بۆ جێبەجێکردنی داواکانی خەڵک، هەر بۆیە لە نێو ئەو بارودۆخە خراپەدا، زەمینەی ڕاپەڕینەکە ڕەخسا.

لە وەڵامی پرسیارێکماندا کە ڕاپەڕینەکە چۆن ڕوویدا؟ بۆ لە 6ی ئەیلوولدا بوو؟

ئەوەک لە دانیشتوانەکەیەوە، بۆیە جێگای ئومێد نییە، ئەمە و پێدەچێت دانیشتوانی شاری سلێمانی هیوایەکیان بە موتەسریفەکە کوردەکەی خۆیان نەمابێت، بۆیە هەر بەهۆی دانیشتوانەکەیەوە لە کارەکەی دوورخرایەوە و (ئەحمەد عوسمان)ی خەڵکی شاری هەولێر لە شوێنی دانرا، بەڵام ئەوەیش ڕقی جەماوەری سلێمانی نەهێنایە خوارەوە.

بەر لە ڕوودانی ڕاپەڕینەکە بە چەند مانگ و ڕۆژێک بەرپرسانی ڕژێمی پادشایەتی عێراق هەستیان بەوە کردبوو کە دانیشتوانەکەی، خۆیان بۆ هەڵچوونێکی جەماوەری ئامادە کردووە، بۆیە سەرباری ئەوەی لە 11ی مایسی 1930 جارێکی دی کەسایەتییەکی شاری سلێمانییان بە ناوی (تۆفیق وەهبی بەگ) لە بری (ئەحمەد عوسمان) کردە موتەسریفی سلێمانی و (غازی کوڕی فەیسەڵ)یش کە جێنشینی باوکی بوو، لە تەموزی 1930 سەردانی شاری سلێمانی کرد، هەورەها لە 10ی ئابی 1930 شاندێکی بااڵی حکوومەتی عێراق، کە پێکهاتبوون لە جەعفەر عەسکەری جێگری ئەو شکستەی کوردی ئەم بەشەی کوردستان، قەیرانێکی ئابووریی جیهانی لە نێوان ساڵانی (1929 -1932) گرتەوە، کە کاریگەری خۆی لەسەر کوردستان و شاری سلێمانیش دروستکرد. بەتایبەت لەسەر کەمبوونی کاڵا سەرەکییەکان و کەمی داهات و خەرجی و بێکاری زۆر. لە پاڵ ئەو قەیرانەیشدا ستەمی دەسەڵاتدارانی بەغدا لەسەر کورد و ناوچە کوردنشینەکان لە زیادبووندا بوو، وەک ئەوەی لە کۆی (731) فەرمانبەری دەوڵەتی لە ناوچە کوردییەکاندا تەنیا (324)یان کورد بوون، واتە (407) فەرمانبەریان لە عەرەب و تورکمان و ئاسووری پێکهاتبوون. بەمەیش نزیکەی (60%)ی فەرمانبەرانی دەوڵەتی لە ناوچە کوردییەکاندا کورد نەبوون!.

ئەمە و هەر لەو سەروبەندەدا پەیمانی نێوان حکوومەتی عێراق و بەریتانیا (لە 30ی حوزەیرانی 1930 واژۆ کرا). بە پێی ئەو پەیمانەش حکوومەتی بەریتانیا عێراقی دەکردە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان. بەڵام دوای ئەوەتا لە دانیشتوانەکەیەوە، نزیک بە سی کەس دەبوون، کە کۆمەڵێک کەسایەتی ناسراو بوون کە لە نێویاندا (حاجی ئیبراهیم ئاغا، مەجید بەگی حاجی ڕەسوڵ بەگ، غالب ئاغا، حاجی کەریم، کەریمی عەلەکە، سەید ئەحمەدی تونچی، کەریم بەگی مەحەمەد بەگ، حاجی کاکەحەمە، حاجی مەلامحێدین، حاجی عەلی حاجی حەسەن ئەفەندی) ناسرابوونەوە. لەوانەشی دژی هەڵبژاردن بوون و زۆربەشیان لە بەردەرکی سەرا کۆبوونەوە تا دەست بدەنە ڕاپەڕین پرۆسەکە و تێک بدەن، کۆمەڵێک بوون کە لە نێویاندا ئەمانەی تێدا بوون: (ئیبراهیم ئەحمەد، ڕەشولی هونەرمەند، فایەق بێکەس، حەمە سەعید دارتاش، محێدینی ساڵە سوور، محێدینی حەمامچی، ساڵح قەفتان، فوئاد ساڵح قەفتان، عەزمی بەگی بابان، محەمەد ساڵح بەگی محەمەد عەلی بەگ، حەمەی ئەورەحمان ئاغا، عیزەت بەگی وەسمان پاشا، فایەق بەگی مارف بەگ، شێخ محەمەدی گوڵانی، مەجید ئەفەندی کانیسکانی، ڕەمزی فەتاح و تۆفیق قەزاز)، لە بەرامبەر ئەو (دوو) بۆچوونە جیاوازەی دانیشتوانی شاریشدا بەرپرسانی حکوومەت بۆ پاراستنی باری ئاسایشی پرۆسەکە و ڕێگرتن لە هەر کارێکی نەخوازراو، هێزێکی زۆری لەسەر باڵەخانەی بەردەرکی سەرا دامەزراندبوو. کاتێکیش دەست بە پرۆسەکە کرا، دەنگی خۆپیشاندەران بە دروشمی تایبەت و هوتاف کێشان دەستی پێکرد، بەمەش هێزەکانی حکوومەت کەوتنە تەقە لە خۆپیشاندەران و ڕاپەڕینەکەی خستە قۆناغێکی ترسناکەوە، کە لە دەرئەنجامدا (13) کەس بوونە قوربانی و ژمارەیەکی بەرچاویش لە خۆپیشاندەران بریندار بوون. لە کاتێکدا لە هێزەکانی حکوومەت تەنیا (یەک) کوژراو و (دوو) بریندار هەبوو.

سەختی ئەو بارودۆخەی شار، بەرپرسانی حکوومەتی ناچار کرد هێزێکی تایبەت لە ژێر فەرماندەیی (بەکر سدقی) ڕەوانەی سلێمانی بکەن و لە چەند شوێنێکی شار و لەوانەش لەسەر مزگەوت و تەکییەکان بنکەی سەربازی دابنێن. هەموو ئەوانەشی لەو بنکانە دایاننان لە سەربازی عەرەب و سیخ پێکهاتبوون، بەڵام هیچ یەک لەو گوشار و هێزانە نەچۆکی بە ئیرادەی شار و دانیشتوانەکەی دا، نە بە بەرژەوەندیی حکوومەتیش گەڕا، تەنیا ئەوەندە نەبێت ڕاپەڕینێکی دامرکاندەوە. لێرەوەش ڕاپەڕینەکەی شەشی ئەیلوولی 1930بووە مێژوییەکی بەرنگاری بۆ دانیشتوانی شاری سلێمانی، تا ئەوەی شارەکە دوای ناوی (شێخ مەحمود) بە ناوی (ڕۆژی شەشی ئەیلوول) ناسرا.

لەو مێژووەوە و تا ئەو کاتەی دەسەڵاتی داگیرکاری بەسەر شاری سلێمانییەوە بوون، هەمیشە ئەو شارە و دانیشتوانەکەی بوونە نەیار و ئۆپۆزسیۆن بەڕووی دەسەڵاتدارەکانی بەغدادا. پێدەچێت هەر ئەو تۆزەش بێت، کە بیری ئۆپۆزسیۆنی و نەیار بە دەسەڵاتی لە ناخی هەندێک لە دانیشتوانەکەیدا دروستکردبێت، تا ئەوەی بەر لە (46) ساڵ بەشێکیان بوونە نەیاری (شۆڕشی ئەیلوول) و بۆ (دوو) ساڵیش بوونە نەیاری کار و پرۆژە و دەسکەوتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان!.

بەشێنەیی

کاروان محەمەد سینۆ

ئێران و ئەمریکا لەنێوان سیاسەتی (گیسکی هەیاس) و (پەنجە نەرمەکان)

ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو 15ی ئەیلوول، مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە (تویت)ێکدا نووسیبووی: "ئێران لەپشت نزیکەی 100 هێڕشە لەسەر سعودیە، لەکاتێکدا (ڕوحانی وزەریفی) وا نیشاندەدەن کە ئەوان خزانەتە نێو دیپلۆماسییەت. ئێستا لە میانەی هەوڵەکانی وەستاندنی گرژی، ئێران هێڕشێکی بێوێنەی کردۆتە سەر ئەو وزەی کە جیهان بەکاری دەهێنێت. هیچ بەڵگەیەک نییە کە هێڕشەکان لە یەمەنەوە هاتبێ". ئەم تویتەی پۆمپیۆ لە کاتێکدا بوو کە ڕۆژی پێشتر شەممە 14ی ئەیلوول، هێڕشێکی بەهێز کرایە سەر گەورەترین دوو پاڵاوگای نەوتی کۆمپانیای (ئارامکۆ) لە سعودیا لە هەردوو شاری (بقەیق، خرەیص) و 19 پێگە بەئامانج کران و نیوەی تونای سعودیە لە هەناردەکردنی نەوت پەکخرا. دەمودەست میلیشاکانی حوسی یەمەنی بەرپرسێتی خۆیان لەم هێڕشە ڕاگەیاند کە ئەوان بە 10 فڕۆکەی بێفڕوکەوان هێرشیان کردۆتە سەر سێکتەری وزەی سعودیە. دواتر ئاژانسەکانی هەواڵ و میدیاکان و هەندێک دەزگای هەواڵگری جیهانی، ئەوەیان بڵاوکردەوە کە ئێران بە فڕوکەی بێفڕوکەوان هێڕشەکەیان ئەنجامداوە و فڕوکەکان لە باشووری عێراقەوە هەڵفڕیون.

بەڵام ڕۆژی یەکشەممەی 15ی ئەیلوولی ڕابردوو، مایک پۆمپیۆ لە (تویت)ەکەیدا ڕاستەوخۆ ئێرانی تۆمەتبارکردووە بەهێڕشەکانی سەر پاڵاوگە و کەرتی وزە و نەوتی سعودیە، ئەو نەوتەی کە هەموو جیهان سودی لێوەردەگرێت (هەروەک پۆمپیۆ ڕایگەیاندووە).

بەشێنەیی و ئاماژە بە (تویت)ەکەی پۆمپیۆ، کەواتە ئێران دەستی گەیشت بەو وزەی کە هەموو جیهان عەودالێیەتی. شایانی باسە، لە چەند مانگی ڕابردوودا، ئێران هەژموونی خۆی لە تەنگەی (هورمز) سەپاندووە کە ڕێڕەوی نزیکەی 40%ی وزەی جیهانە، هەروەها دوو هەفتە لەمەوپێش ئێران بەرزکردنی ڕێژەی پیتاندنی یۆرانیۆمی خۆی ڕاگەیاند بۆ ئاستێک کە دەتوانێ لە ماوەیەکی کورتدا بگات بە دەروازەی یانەی چەکی ئەتۆمی جیهان. بەم شێوەیە ئێران توانی ئەو فاکتەرانەی دەستکەوێت کە لە دانوستان و گفتوگۆکاندا بتوانێ مەچەکی ئەمریکای پێ بابدات و هیچ نەبێ جەخت و داکۆکی لە هەندێک خواستی سەروەری خۆی بکات. لە لایەکی دیکەشەوە ئێران سیاسەتی (پەنجە نەرمەکان) پەیڕەو دەکات و هەوڵە دیپلۆماسییەکانی (بەئاشکرا و پەنا) لە جۆشدان بۆ هێورکردنەوە و کۆنترۆڵکردنی قەیرانەکە و فەراهەم کردن و وەدەست هێنانی کاتی پێویست، تا ئەوەدەمەی ئەمریکا دەکەوێتە نێو جەنجاڵی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا 2020و بەڵکو دۆناڵد ترامپ لە هەڵبژاردنەکە دەرنەچێت، ئەگەر دەریش چوو ئەوکات کورد گوتەنی (هەر سویکێک و بازارێکە).

ئێستا چەند پرسیارێک دێنە پێشەوە، (ئایا ئەم ڕووداوە -بۆمبەباران کردنی پاڵاوگە نەوتییەکانی سعودیە- دەبێتە ئەگەری هەڵچوونی قەیرانی نێوان ئەمریکا و ئێران؟. ئەی هەڵوێستی سعودیە چی دەبێت؟. ئایا ئەمریکا پەرچەکرداری دەبێت بەرامبەر ئێران؟، گەر هەبوو پەرچەکردارەکە چی و چۆن دەبێت؟!) ئەوە ئەگەر ئەمریکا پەرچەکرداری هەبوو؟!، یان ئەم ڕووداوە دەبێتە پاڵپشت و ئەگەری خوسەپاندنی ئەمریکا بەسەر وڵاتانی کەنداو بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی (گیسکی هەیاس) لەو دەڤەرەدا؟!.

وون بوون

ناسنامەی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر بەشی کارگێری کار بەناوی عبدالباری مصطفی حاجی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

پسوولەیەکی پارەی شارەوانی کەلار، بەژمارە (٣٧ئ) (٠٠١٤٨٤٣). بە بڕی دووسەدهەزار دینار، بەرواری ٢٠١٩/٤/٢٥. بەناوی خلیل ابراهیم عزیز ونبووە، هەرکەس دۆزییەوە، بهێنێتەوە بۆرۆژنامەی خەبات نوسینگەی گەرمیان.

* * *

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای صباح نعمان رشید جۆری ئۆتۆمبێل لکزز استیشن LX٥,٧. ژمارە ٤٣٠٦٥ کاتی مۆدێل ٢٠١٩ ڕەنگی سپی ژمارەی شاصی: JTJHY٠٠W٣K٤٢٨٨٧٢ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

محكمة تحقيق الشمال

اعلان

الى المفقود : فاضل سليمان ابراهيم

قدم السيد / جاني الياس خلف طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / وليد فيصل البيجواني

* * *

دائرة كاتب عدل دهوك

العدد / الانذار المرقم ١١٢١٣

التاريخ /٢٠١٩/٩/١٦

م / اعلان

المنذر / وحيده موسى حجي

المنذر اليه / شوكت يوسف مطو / العنوان مجهول محل الاقامة

سبق ان وكلتكم وكالة عامة مصدقة من دائرة كاتب عدل دهوك بالعدد (٥٢٦٧) في ٢٠١٧/٩/٢٨ ولانتفاء الحاجة اليها قرنا عزلك وعدم استعمالها اعتبارا من تاريخ تبليغكم بهذا الانذار ولكونك مجهول محل الاقامة حسب اشعار المختار المتضمن عدم سكنك في المحلة الان وكتاب مركز شرطة تناهي المرقم ٢٨٢٨ في ٢٠١٩/٩/١٦ والانذار المرقم (٤/١١٢١٣) المصدق لدى دائرة كاتب عدل دهوك في ٢٠١٩/٨/٢٧ عليه ننذرك بواسطة الصحف المحلية عدم استعمالها اعتبارا من تاريخ نشرها في الصحف وقد اعذر من انذر

نيدار محمد محمد مهدي المفتي / المدير(كاتب عدل دهوك)

* * *

سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر

ژمارە: ١٠٣

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٧

ئاگاداری

لەسەر داوای هاوواڵتی (عسل علی صالح) میراتگرانی هاوواڵتی (ثالثە قدیر محیمید) سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەڵدەستێت بە ڕاستکردنەوەی ناو:- لە (ثالثە غدیر محیمید) بۆ (ثالثە قدیر محیمید) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەویەکانی ژمارە (٢٨، ٣٠ ، ٧٧ ، ٩٨ ، ١٠٣) کەرتی ١٩/شرائع، کە لەساڵانی تەسویە بەهەلە تۆمار کراوە, پێویستە لەسەر خاوەن داواکە بەڵگەنامەی فەرمی و یاساییەکان لەگەڵ شاهیدەکان و موختاری گوندەکە ئامادە بکات لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٣) کارەکەمان ئەنجام دەدەین.

کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لیژنە

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/٣

ژمارە: ٤٣٥١/ش٢٠١٩/٣

ڕێکەوت:٢٠١٩/٩/١٦

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (رەوند احمد اسماعیل)

شوێنی دانیشتنت (نادیارە)

داواکار (دونیا سەربەست خالد) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت تۆماکردووە بە ژمارە (٤٣٥١/ش٢٠١٩/٣) تیایدا داوای (جیابوونەوە) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی نووسراوی ئیشعاری مختاری (هەولێر- گەرەکی ژیان) بۆیە دادگا بریاریدا بەپێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ و ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/١٠/٢٧ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.

دادوەر/ صباح قادر کاملا

* * *

دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم

فەرمانگەی کارگێری و دارایی

خۆیەتی

ژمارە: ٧٢٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٥

بۆ خاتوو/ میسم عبدالستار عبدالجبار/ فەرمانبەر بەناونیشانی (ی. ئەندازیار) لەسەر میلاکی دەستەکەمان

بەکرێ گیراو لەبەشی to٣ دروستکراو لەسەر پارچە زەوی ژمارە ١٤٩ ، ١٥٠ ، ١٥٢ ، ١٥٣ ، ٨/١٥٤ کەرتی ٤٦ وارش لە ڕۆیال مۆل وە دانەوەی شوێنەکە بە داواکاران (کامران جلیل خلیل) و (دیار جلیل خلیل) و (دارا جلیل خلیل) بە چۆل کراوی بەتالی، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی شۆرش) لە ٢٠١٩/٤/٧ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بەپێراگەیاندنت بەم بیارە لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی وە ئێوە مافی تانەی (اعتراض) و تێهەلچوونەوە و پێداچوونەوە تان هەیە لە بریاری نەهاتووی پاشملەی دادگا لە ماوەی یاسایی بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.

دادوەر/ محمد بهاءالدین عبدالله

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٢

ژمارە: ١٥٦٦/ب٢٠١٩/٢

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٦

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (نازاد عبدالرحمن خورشید)

داواکار (سلیمان پیرداود حمد) داوای ژمارە ١٥٦٦/ب٢٠١٩/٢ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داوالێکراو (نازاد عبدالرحمن خورشید) پابەندکردنت بەدانی برە پارەی (٦٥٠٠٠) شەست و پێنج هەزار دۆلار کە دەکاتە (٧٨١٣٠٠٠٠) حەفتا و هەشت ملیۆن و سەدو سی هەزار دینار وە رد کردنەوەی زیادە بەبری (٨٤١٤٠٠٠) هەشت ملیون و چوار سەد و چواردە هەزار دینار لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (گەرەکی ژیان) و (دیار جلیل خلیل) و (دارا جلیل خلیل) بە چۆل مۆل وە دانەوەی شوێنەکە بە داواکاران (کامران جلیل خلیل) و (دیار جلیل خلیل) و (دارا جلیل خلیل) بە چۆل کراوی بەتالی، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی شۆرش) لە ٢٠١٩/٤/٧ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بەپێراگەیاندنت بەم بریارە لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی وە ئێوە مافی تانەی (اعتراض) و تێهەلچوونەوە و پێداچوونەوە تان هەیە لە بریاری نەهاتووی پاشملەی دادگا لە ماوەی یاسایی بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.

دادوەر/ محمد بهاءالدین عبدالله

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٢

ژمارە: ١٥٦٦/ب٢٠١٩/٢

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٦

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (نازاد عبدالرحمن خورشید)

داواکار (سلیمان پیرداود حمد) داوای ژمارە ١٥٦٦/ب٢٠١٩/٢ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داوالێکراو (نازاد عبدالرحمن خورشید) پابەندکردنت بەدانی برە پارەی (٦٥٠٠٠) شەست و پێنج هەزار دۆلار کە دەکاتە (٧٨١٣٠٠٠٠) حەفتا و هەشت ملیۆن و سەدو سی هەزار دینار وە رد کردنەوەی زیادە بەبری (٨٤١٤٠٠٠) هەشت ملیون

ژمارە / ٢٠١٤/٢٨٢٤

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٩/١٦

ڕاگەهاندن

بریار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (١٢٤/١) کەرتێ (١٣/مالطا اسلام) کو دکەڤیتە (دهۆك) وتومار کریە بنافێ قەردار (کاروان حجی محمد) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (مصرف جیهان) بکوژمێ (٤٢١١٢٥٠٠) چل ودوو ملیون وسەد ودوازدە هزار وپێنج سەد دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا ریڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠/سیە) ڕوژاد کو دەست پێ دکەت ژ ڕوژا پشتی ڕاگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٨٤٠٠٠٠٠٠) هەشتێ وچار ملیون دینار دگەل ڕەگەناما عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ وەدلالیەت لسەر بکری یە

سالوخەت : جە وژمارە (دهۆك) مولکێ ژمارە١/(١٢٤) کەرتێ(١٣/مالطا اسلام) جور پێك هاتیە ژ

(خانیێ ئاکنجیبوونێ) سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ (هۆل داخلی ولێنانگەه وپێك هاتێن ساخلەمیێ ودوو ژۆرێت نڤستنێ وژۆرەکا پێشوازیێ) دکەڤیتە سەر شارعەکێ فەرعی (١٠م) واجیهە (جەنوب) روبەر (٢٠٠) م٢ کوژمێ خەملاندی (٨٤٠٠٠٠٠٠) هەشتێ وچار ملیون دینار

هلات عبدالکریم محمد / جێ بەجێ کاری داد

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر

بەشی یاسا

ژمارە: ١٦٧٠٢

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٦

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (هلال) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (هلال) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/١٤) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (اکو رسول رحمان) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٩/١٦

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر

بەشی یاسا

ژمارە: ١٦٨٣٥

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٧

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (کانی تەلان) بۆ (کرینی و فرۆشتنی خانووبەرە و زەوی/ سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (کانی تەلان) بۆ (کرینی و فرۆشتنی خانووبەرە و زەوی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/١٦) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ریکان شاکر صالح) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٩/١٧

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

جمهورية العراق

وزارة التخطيط

اعلان مناقصة

مشروع قرض الصندوق الاجتماعي للتنمية / فرع دهوك

اسم المناقصة : انشاء وتوسيع وترميم خمس مدارس في خمس نواحي 1-ناحية قسروك (قرية بيبافا)2-ناحية باعدرى(مركز ناحية) 3-ناحية اتروش(مركز الناحية) 4-ناحية ديرالوك(قرية برجى)5-ناحية ماتكيش(قرية بروشكا سعدينى) في محافظة دهوك

رقم المناقصة : DHK.01-7

استلمت حكومة العراق قرضا من البنك الدولي لتمويل (الصندوق الاجتماعي للتنمية) ، وترغب بتخصيص جزء من القرض لتمويل عقد انشاء وتوسيع وترميم خمس مدارس في خمس نواحي 1-ناحية قسروك (قرية بيبافا)2-ناحية باعدرى(مركز ناحية) 3-ناحية اتروش(مركز الناحية) 4-ناحية ديرالوك(قرية برجى)5-ناحية ماتكيش(قرية بروشكا سعدينى) في محافظة دهوك

تدعو وزارة التخطيط / الصندوق الاجتماعي للتنمية / فرع دهوك الشركات والمقاولين من ذوي الاهلية والمؤهلين لتقديم عطاءاتهم لتنفيذ مشروع انشاء وتوسيع وترميم خمس مدارس في خمس نواحي 1-ناحية قسروك (قرية بيبافا)2-ناحية باعدرى(مركز ناحية) 3-ناحية اتروش(مركز الناحية) 4-ناحية ديرالوك(قرية برجى)5-ناحية ماتكيش(قرية بروشكا سعدينى) في محافظة دهوك

رقم المناقصة (DHK.01-7) وحسب جدول الكميات و المواصفات والمخططات المرفقة في وثيقة المناقصة .

مدة تنفيذ المشروع (300 يوم بضمنها ايام العطل والاعياد) .

يمكن شراء مجموعة وثائق العطاءات الكاملة باللغة العربية من قبل المتناقصين الراغبين لدى تقديم طلب خطي في العنوان أدناه ودفع مبلغ قدره (200) دولار امريكي غير قابل للرد نقدا" تم تسليم وثائق العطاء عن طريق التسليم باليد .
تقدم العطاءات بظرف مغلق ومختوم مكتوب عليه اسم ورقم المناقصة يودع في صندوق العطاءات في العنوان ادناه مرفقة معه الوثائق والمستمسكات التالية:-

1. سيتضمن العطاء ضمان عطاء على شكل خطاب ضمان او صك مصدق بقيمة (8000) ثمانية الاف دولار امريكي او مايعادله بالدينار العراقي ساري المفعول حتى 28 يوم من تاريخ سريان العطاء (118 مائة و ثمانية عشر يوما من تأريخ الغلق) و يكون باسم الشركة المتناقصة حصرا ولحساب وزارة التخطيط / الصندوق الاجتماعي للتنمية / فرع دهوك
2. مدة صلاحية العطاء 90 يوما بعد الموعد النهائي لتسليم العطاءات المذكور في ورقة بيانات العطاء.
3. عدد نسخ العطاء الواجب تعبئتها وإعادتها هو نسختان (اصلية + نسخة)
4. .

اولاً:- سيتم تنفيذ المناقصة وفقا لاجراءات العطاءات التنافسية الوطنية ويحق لجميع الشركات والمقاولين من ذوي الاهلية التقدم للتنافس كما هو محدد في (ارشادات التوريدات).

ثانياً:- يمكن للمتناقصين ذوي الاهلية الراغبين ان يحصلوا على معلومات اضافية من وزارة التخطيط / الصندوق الاجتماعي للتنمية / فرع دهوك / مبنى محافظة دهوك –الادارة المحلية – الطابق الرابع –الصندوق الاجتماعي للتنمية غرفة رقم(4)
وعلى البريد الالكتروني . sfd.iraq.dhk@gmail.com حيث يقدم طلب التوضيحات من قبل المتناقصين من خلال الايميل المذكور

ثالثاً:- يجب تسليم العطاءات في العنوان ادناه وان اخر موعد لتسلم العطاءات / الساعة الحادية عشر صباحاً من يوم الخميس الموافق 10/ 10/ 2019 بتوقيت دهوك ، العطاءات الالكترونية لايسمح بها ، العطاءات المتأخرة سيتم رفضها ، وسيتم فتح العطاءات فعلياً وبوجود ممثلين عن المناقصين الراغبين بالحضور شخصياً في العنوان ادناه في نفس يوم الغلق . وسيكون يوم الخميس 26/ 9/ 2019 الساعة التاسعة والنصصف صباحاً موعداً للاجتماع مع المناقصين لتوضيح اسلوب ملئ وثائق العطاء والاجابة على الاستفسارات.

وان تسليم العطاءات

مبنى محافظة دهوك –الادارة المحلية – الطابق الرابع –الصندوق الاجتماعي للتنمية غرفة رقم(4)

وزارة التخطيط
الصندوق الاجتماعي للتنمية / فرع دهوك

هەرێمی کوردستان - عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری
ب٠مومتەلەکات

Kurdistan Region – Iraq
Presidency Council of Ministers
Ministry of Finance & Economy
General Directorate of Accounting

اقلیم کوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة المالية والاقتصاد
مديرية المحاسبات العامة
م٠ممتلكات

ژمارە: ٢٧٧٩ کوردی ڕێکەوت: / / ٢٠١٩ زایینی ڕێکەوت: / /

ئـــــاگـــــادارى

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری سەر بە وەزارەتی دارایی ونابووری نیازی فرۆشتنی کۆمەڵێك ئۆتۆمبێلی لە کارکەوتووی جۆراو جۆری هەیە بەزیادکردنی ئاشکرا بەپێ ی یاسایی فرۆشتن وبەکرێدانی مولك و سامانی دەولەت ژمارە (٣٢) ی سالی ١٩٨٦ی هەموار کراو لە بنکەی کۆکردنەوە سەر بە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان لەناو بەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر ، جا هەر کەسێك نارەزووی کرینی هەیە نامادەبێت لە ڕۆژی(یەك شەم) ڕێکەوتی(٢٠١٩/١٠/٦) کاتژمێر (١٠)ی بەیانی لە گەڵ ڕەچاو کردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە بەپێی ڕێنماییە کانی دارایی :

١/پێشکەش کردنی بارمتەی یاسایی (تامینات)٠

٢/دەتوانن ئەم(ئۆتۆمبێلانە) ببینن لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە شوێنی ئاوبراو لەسەرەوە.

٣/لەسەر کرێیارە لە ماوەی(٣)ڕۆژ ئەم ئۆتۆمبێلانە هەڵگرێت ٠

٤/کارەکانی فرۆشتن بە پارەی جایی عیراقی بەشێوەی نەختینەیی (نقدی) وەردەگیرێت٠

٥/وەرگرتنی ڕێژەی ٢٪ لەکۆی فرۆشتنەکە بەزیاد لەگەڵ پارەی ڕۆژنامە لەسەر کرییارەدەبێت.

- لیستی ئۆتۆمبێلەکان:-

ژ	جۆری ئوتومبیل	مودیل	ژمارەی ئوتومبیل	تیبینی
١	هۆندای باس ٢٤ نەفەری	٢٠٠٤	٢٠/هاووجۆ	تۆمار دەکرێت
٢	تویوتا لاندگروز استیشن	٢٠٠٣	٢٩٤/ئاوەدانکردنەوە	تۆمار دەکرێت
٣	تویوتا باس ١١ نەفەری	٢٠٠٤	٢٢/ سامانە سروشتییەکان	تۆمار دەکرێت
٤	استکانیا ١٤٣ سکس ویل تنکر	١٩٩٦	٢٥/ سامانە سروشتییەکان	تۆمار ناکرێت
٥	هۆندای باس ١١ نەفەری	٢٠٠٧	٢٨/ سامانە سروشتییەکان	تۆمار دەکرێت
٦	نیسان ماگزیما صالون اوتوماتیك	٢٠٠١	١٩١٢/ئاوەدانکردنەوە	تۆمار دەکرێت
٧	دۆر گرین ویل پیکب دەبل هماره	٢٠٠٦	١٩١١/ ئاوەدانکردنەوە	تۆمار دەکرێت
٨	دۆر گرین ویل پیکب دەبل هماره	٢٠٠٦	١٩١٠/ ئاوەدانکردنەوە	تۆمار دەکرێت
٩	تویوتا لاندگروز	٢٠٠٢	١٤/دەزگای مین	تۆمار دەکرێت
١٠	کیا بریدجۆ ١٤ نوفەری	٢٠٠٤	٤١٩/گواستنەوە وگەیاندن	تۆمار دەکرێت
١١	میسوبوشی دەبل هماره	١٩٩٢	٢٧٧/کشتوکال وسەرجاوەکانی ئاو	تۆمار ناکرێت
١٢	نیسان پیکب دەبل هماره	٢٠١٢	١٤٢/پلان دانان	تۆمار دەکرێت
١٣	نیسان باس کۆستر	٢٠٠٢	٤٨/بازرگانی وپیشەسازی	تۆمار دەکرێت
١٤	نیسان باس ١٤ نوفەری	٢٠٠٩	٢٥٨/کار	تۆمار دەکرێت
١٥	نیسان باس ١٤ نوفەری	٢٠٠٨	٢٥٧/کار	تۆمار دەکرێت
١٦	هۆندای باس ٢٣ نەفەری	٢٠٠٦	١١٧/کار	تۆمار دەکرێت
١٧	نیسان پترۆل استیشن	٢٠٠٧	٢٥٩/پۆلیس	تۆمار دەکرێت
١٨	تویوتا پیکاپ ستاوت	٢٠٠٥	٢١٩/پۆلیس	تۆمار ناکرێت
١٩	شۆفرلێت پیکاپ دەبل	٢٠٠٦	٢٥٤/ پۆلیس	تۆمار دەکرێت
٢٠	شۆفرلێت پیکاپ دەبل	٢٠٠٦	٢١٧/ پۆلیس	تۆمار دەکرێت
٢١	فورد پیکاپ دەبل	٢٠٠٦	٢٨٨/ پۆلیس	تۆمار دەکرێت
٢٢	فورد پیکاپ دەبل	٢٠٠٦	٢١١/ پۆلیس	تۆمار دەکرێت
٢٣	فورد پیکاپ دەبل	٢٠٠٦	٢٢١/ پۆلیس	تۆمار دەکرێت
٢٤	فورد پیکاپ دەبل	٢٠٠٦	٢٢٦/ پۆلیس	تۆمار دەکرێت
٢٥	فورد پیکاپ دەبل	٢٠٠٧	٢٥٦/ پۆلیس	تۆمار دەکرێت
٢٦	فورد پیکاپ دەبل	٢٠٠٧	٢٧٢/ پۆلیس	تۆمار دەکرێت
٢٧	فورد پیکاپ دەبل	٢٠٠٧	٢٧٦/ پۆلیس	تۆمار دەکرێت
٢٨	مارسیدس صالۆن ئۆتۆماتیك	١٩٩٦	١٧٩/مکەزنامە	تۆمار ناکرێت
٢٩	نیسان باس ٢٥ نەفەری	٢٠٠٨	٢٢٨/کار	تۆمار دەکرێت

ئاوات جەناب نوری
وەزیری دارایی وئابووری

بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان
بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکانی گەرمیان
بەروار ١٧/ ٩ / ٢٠١٩
بانگەواز
بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکانی گەرمیان لە شارۆچکەی کەلار ،هەڵدەستی بە زیاد کردنی ئاشکرا بۆ بەکرێدانی زیاتر لە (٥٠) جۆری کەل و پەلی لەکارکەوتووی جیاواز بە شێوەی زیاد کردنی ئاشکرا لەرۆژی ٢٤ / ٩ / ٢٠١٩ ، ئەگەر نەورۆژە کەوتە پشووی فەرمیەوە رۆژی دواترزیاد کردنەکە ئەنجام دەدرێ.
کەرەستەلەکارکەوتوەکان بریتین لە جۆرەها مێزی کورسی وکورسی دەوار وسپلت وفەرشی ئێرانی وگسکی کارەبایی وقاعیدەی ئاو تەلەفزیۆن و سەتەلایت وتەلەفزیۆن و ڤۆڵتاج و ماتۆری ئاو ماتۆری موبەریدە وپانکەوساحیبەو سۆبا و هیتەر ودەرگا ئەلەمنیرم ودەرگای دار بۆژووری خواستنی کتێب وپەنکەی سەفغی و جۆرەها کەوستەی تر.
کرەستەکانی کتێبخانە گشتیەکانی گەرمیان بە ٧٧٤ حەوت سەت و حەفتاو چوار هەزا و ٥٠٠ دینار د ە خە ملێنر یت .
تێبینی . کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری و بانگەواز دەکەوێتە سەر کڕیار.

جیهان محەمەد ابراهیم
بەڕێوەبەری کتێبخانە گشتیەکانی گەرمیان
* * *
وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە : ١٦٧٤
ریکەوت : ٢٠١٩/ ٨/ ٢٨
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (حسین حەمەصالح محمد) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (١٠١٦٧) داوای ریگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەویە هەیە لەماوەی (٣٠) رۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگاداریە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .
ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی رزگاری
* * *
دادگای باری کەسایەتی باتیفا
ژمارە: ٨٦/ش/٢٠١٩
ریکەوت: ٢٠١٩/٩/١٢
ئاگەهداری
داواکار/ وفاء اغاك اغوك/ بریکاریّ وێ پاریّزەر (شیروان محمود مشختی)
داوالیّکراو/ ادریس محمد حاجی/
دانیشتوویّ باتیفا – تاخیّ باتیفا کەڤن ژبەری نوکە - جهیّ ئاکنجی بوونا نوکە نەدیارە.
بو داوالیّکراو (ادریس محمد حاجی) هەڤژینا تە (وفاء اغاك اغوك) دانیشتوویا باتیفا رابویە ب داواکرنا لسەری بەرامبەر ڤیّ دادگەهیّ دژی تە، کوتیّدا داخازا ژێکڤەبوونیّ دکەت (تفریق للهجر) و ژبەر نەدیاربوونا جهیّ ئاکنجی بوونا تە لدیف رونکرنا هەلبژاریّ تاخیّ باتیفا کەڤن بریار هاتە دان تە ئاگەهداربکەن ب ریکا دوو رۆژنامێن رۆژانە داکو ئامادەبی بەرامبەر دادگەها باریّ کەسایەتی باتیفا ل روژا دادبینیّ ل ریکەفتی ٢٠١٩/١٠/٣ و بەروڤاژی ڤیّ چەندیّ دی دادبین هێتە ریڤەبرن دەرحەقیّ تەدا ب شێوەیەکی نەئامادەبوونی لدیف بەندیّ ١/٢١ ژ یاسایا دادبینیا شارستانی عێراقی.
دادوەر/ خالد سلیمان مصطفی
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە:٥٠/ت/٢٠١٩
ریکەوت: ٢٠١٩/٩/١٧
جاردان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٧٦٨١٤/هەولێر) جۆری (مازدا صالون) مۆدیل (١٩٩٠) ڕەنگی (شین) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (کامران صدیق احمد) لە ڕۆژی (٢٠١٩/١٠/٢) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت،ە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: (٤,٢٠٠,٠٠٠) چوار ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار).
دادوەری یەکەم / دیار محمد علی
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/٢
ژمارە/٣٣٥/ك٢/٢٠١٨
ریکەوت/ ٢٠١٩/٩/١٢
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ یونس رشید حمه سلیم
ئاگادارکردنەوە
ئاماژە بەداواى ٣٣٥/ك٢/٢٠١٨ تۆمەتباری هەڵاتوو (یونس رشید حمه سلیم) شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣) لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزا دادگا بریاری دا لە ریگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کات ژمێر (٩)ی بەیانی لە ریکەوتی ٢٠١٩/١٠/٢٠ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددە (٤٥٦) لە یاسای (سزاکان) بە پێچەوانەوە دادگایی کردنت بەشێوەی پاشملە (غیابی) بەریوە دەچێت بەگوێرەی ریساکان.
دادوەر/ حسن علی مراد امین
* * *
دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر
ژمارەی:٥٢١/ش/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٩/١٦
جارِدان
بۆ داوالێکراو (رعد چیاد عبد) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (ایهان هادی احمد) داوای ژمارە ٥٢١/ش/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە, کەتیایدا داوای (جیابوونەوە دەکات) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختارەکانی (کۆمەڵگای ئاشتی/ هەولێر) بۆیە دادگا بریاری دا کە پێت رابگەیەنرێت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی رۆژی ٢٠١٩/١٠/٢١ کاتژمێر (٩) بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشەمڵە و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام ئەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ عبدالله عثمان خضر
* * *
سەرۆکایەتی شارەوانی چوارقورنە
یاسا
ژمارە: ٢٣٦٣
ریکەوت: ٢٠١٩/٩/١٥
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی چوارقورنە ئاگاداری سەرجەم هاوڵاتیانی شارۆچکەی چوارقورنە و دەوروبەری دەکات کە شارەوانیان هەڵدەستێت بەئەنجامدانی زیادکردنی ئاشکرا بۆ مەبەستی دروستکردنی پرۆژەی (کۆگای هەڵگرتنی مەوادی خۆراکی) لەسەر بەشێك لە مولکی ژمارە (٥/٩٠٢) کەرتی ٢٣ی چوارقورنە بە رووبەری (٣٩٨٧)م٢ بەپێی یاسای (٣٢) ساڵی (١٩٨٦) بەشێوەی مزایدە بۆ ماوەی (١٣) ساڵ، بۆیە هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە (٣٠) سی رۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە کاتژمێر (١٠) سەر لەبەیانی لە بینای سەرۆکایەتی شارەوانی چوارقورنە لەناو کۆمەڵگای فەرمانگەکانی ئامادەبێت وە بارمتەی یاسایی ٢٠٪ی نرخی خەملێنراو لەگەڵ خۆیدا بیهێنێت وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە زیادکردنەکەی بۆ دەردەچێت.
سوارە فتاح سلیمان
سەرۆکی شارەوانی چوارقورنە
* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٦٧١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٧
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (چرای ژین) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٦٧٢٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٧
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (کاوان) بۆ (بازرگانی گشتی و بازرگانی کەل و پەلی بزوێنەری سیستەمی غاز/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٩/١٧
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٦٧٢٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٧
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (بنچین) بۆ (بەڵێندەرایەتی گشتی/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

جمهورية العراق
وزارة التخطيط
اعلان مناقصة
مشروع قرض الصندوق الاجتماعي للتنمية / فرع دهوك

اسم المناقصة :انشاء و تأهيل الشوارع بطول (8.85)كم في ناحيتين 1-ناحية ديرالوك (قرية كه لكا ومهيدي) (قرية سركلي) 2- ناحية سرسنك 4 قرى (بليجانكي , همزيكي , بوتيا , به رى كه ر) في محافظة دهوك
رقم المناقصة : DHK.01-3

استلمت حكومة العراق قرضا من البنك الدولي لتمويل (الصندوق الاجتماعي للتنمية) ، وترغب بتخصيص جزء من القرض لتمويل عقد انشاء و تأهيل الشوارع بطول (8.85)كم في ناحيتين 1-ناحية ديرالوك (قرية كه لكا ومهيدي) (قرية سركلي) 2- ناحية سرسنك 4 قرى (بليجانكي , همزيكي , بوتيا , به رى كه ر) في محافظة دهوك

تدعو وزارة التخطيط / الصندوق الاجتماعي للتنمية / فرع دهوك الشركات والمقاولين من ذوي الاهلية والمؤهلين لتقديم عطاءاتهم لتنفيذ مشروع تأهيل الشوارع بطول (8.85)كم في ناحيتين 1-ناحية ديرالوك (قرية كه لكا ومهيدي) (قرية سركلي) 2- ناحية سرسنك 4 قرى (بليجانكي , همزيكي , بوتيا , به رى كه ر) في محافظة دهوك
رقم المناقصة (DHK.01-3) وحسب جدول الكميات و المواصفات والمخططات المرفقة في وثيقة المناقصة .

مدة تنفيذ المشروع (240 يوم بضمنها ايام العطل والاعياد) .

يمكن شراء مجموعة وثائق العطاءات الكاملة باللغة العربية من قبل المتناقصين الراغبين لدى تقديم طلب خطي في العنوان أدناه ودفع مبلغ قدره (200) دولار امريكي غير قابل للرد نقدا" وسيتم تسليم وثائق العطاء عن طريق التسليم باليد .
تقدم العطاءات بظرف مغلق ومختوم مكتوب عليه اسم ورقم المناقصة يودع في صندوق العطاءات في العنوان ادناه مرفقة معه الوثائق والمستمسكات التالية:-

1. سيتضمن العطاء ضمان عطاء على شكل خطاب ضمان او صك مصدق بقيمة (6000) ستة الاف دولار امريكي او مايعادله بالدينار العراقي ساري المفعول حتى 28 يوم من تاريخ سريان العطاء (118 مائة و ثمانية عشر يوما من تأريخ الغلق) و يكون باسم الشركة المتناقصة حصرا ولحساب وزارة التخطيط / الصندوق الاجتماعي للتنمية / فرع دهوك
2. مدة صلاحية العطاء 90 يوما بعد الموعد النهائي لتسليم العطاءات المذكور في ورقة بيانات العطاء.
3. عدد نسخ العطاء الواجب تعبئتها وإعادتها هو نسختان (اصلية + نسخة)
4.

اولاً:- سيتم تنفيذ المناقصة وفقا لاجراءات العطاءات التنافسية الوطنية ويحق لجميع الشركات والمقاولين من ذوي الاهلية التقدم للتنافس كما هو محدد في (ارشادات التوريدات).
ثانياً:- يمكن للمتناقصين ذوي الاهلية الراغبين ان يحصلوا على معلومات اضافية من وزارة التخطيط / الصندوق الاجتماعي للتنمية / فرع دهوك / مبنى محافظة دهوك –الادارة المحلية – الطابق الرابع –الصندوق الاجتماعي للتنمية غرفة رقم(4)
وعلى البريد الالكتروني . sfd.iraq.dhk@gmail.com حيث يقدم طلب التوضيحات من قبل المتناقصين من خلال الايميل المذكور

ثالثاً:- يجب تسليم العطاءات في العنوان ادناه وان اخر موعد لتسلم العطاءات / الساعة الحادية عشر صباحاً من يوم الاحد الموافق 6/ 10 / 2019 بتوقيت دهوك ، العطاءات الالكترونية لايسمح بها ، العطاءات المتأخرة سيتم رفضها ، وسيتم فتح العطاءات فعلياً وبوجود ممثلين عن المناقصين الراغبين بالحضور شخصياً في العنوان ادناه في نفس يوم الغلق . وسيكون يوم الخميس 26 / 9 / 2019 الساعة التاسعة ونصف صباحاً موعداً للاجتماع مع المناقصين لتوضيح اسلوب ملئ وثائق العطاء والاجابة على الاستفسارات.

عنوان تسليم العطاءات
مبنى محافظة دهوك –الادارة المحلية – الطابق الرابع –الصندوق الاجتماعي للتنمية غرفة رقم(4)

وزارة التخطيط
الصندوق الاجتماعي للتنمية / فرع دهوك

جمهورية العراق
وزارة التخطيط
اعلان مناقصة
مشروع قرض الصندوق الاجتماعي للتنمية / فرع دهوك

اسم المناقصة : انشاء شوارع بطول (3,15)كم في ناحيتين 1-ناحية باعدرى(مركز الناحية , قرية نيسيان)2-ناحية باتيل (مركز الناحية) في محافظة دهوك
رقم المناقصة : DHK.01-4

استلمت حكومة العراق قرضا من البنك الدولي لتمويل (الصندوق الاجتماعي للتنمية) ، وترغب بتخصيص جزء من القرض لتمويل عقد انشاء شوارع بطول (3,15)كم في ناحيتين 1-ناحية باعدرى(مركز الناحية , قرية نيسيان)2-ناحية باتيل (مركز الناحية) في محافظة دهوك

تدعو وزارة التخطيط / الصندوق الاجتماعي للتنمية / فرع دهوك الشركات والمقاولين من ذوي الاهلية والمؤهلين لتقديم عطاءاتهم لتنفيذ مشروع انشاء شوارع بطول (3,15)كم في ناحيتين 1-ناحية باعدرى(مركز الناحية , قرية نيسيان)2-ناحية باتيل (مركز الناحية) في محافظة دهوك
رقم المناقصة (DHK.01-4) وحسب جدول الكميات و المواصفات والمخططات المرفقة في وثيقة المناقصة .

مدة تنفيذ المشروع (240 يوم بضمنها ايام العطل والاعياد) .

يمكن شراء مجموعة وثائق العطاءات الكاملة باللغة العربية من قبل المتناقصين الراغبين لدى تقديم طلب خطي في العنوان أدناه ودفع مبلغ قدره (200) دولار امريكي غير قابل للرد نقدا" وسيتم تسليم وثائق العطاء عن طريق التسليم باليد .
تقدم العطاءات بظرف مغلق ومختوم مكتوب عليه اسم ورقم المناقصة يودع في صندوق العطاءات في العنوان ادناه مرفقة معه الوثائق والمستمسكات التالية:-

1. سيتضمن العطاء ضمان عطاء على شكل خطاب ضمان او صك مصدق بقيمة (7000) سبعة الاف دولار امريكي او مايعادله بالدينار العراقي ساري المفعول حتى 28 يوم من تاريخ سريان العطاء (118 مائة و ثمانية عشر يوما من تأريخ الغلق) و يكون باسم الشركة المتناقصة حصرا ولحساب وزارة التخطيط / الصندوق الاجتماعي للتنمية / فرع دهوك
2. مدة صلاحية العطاء 90 يوما بعد الموعد النهائي لتسليم العطاءات المذكور في ورقة بيانات العطاء.
3. عدد نسخ العطاء الواجب تعبئتها وإعادتها هو نسختان (اصلية + نسخة)
4.

اولاً:- سيتم تنفيذ المناقصة وفقا لاجراءات العطاءات التنافسية الوطنية ويحق لجميع الشركات والمقاولين من ذوي الاهلية التقدم للتنافس كما هو محدد في (ارشادات التوريدات).
ثانياً:- يمكن للمتناقصين ذوي الاهلية الراغبين ان يحصلوا على معلومات اضافية من وزارة التخطيط / الصندوق الاجتماعي للتنمية / فرع دهوك / مبنى محافظة دهوك –الادارة المحلية – الطابق الرابع –الصندوق الاجتماعي للتنمية غرفة رقم(4)
وعلى البريد الالكتروني . sfd.iraq.dhk@gmail.com حيث يقدم طلب التوضيحات من قبل المتناقصين من خلال الايميل المذكور

ثالثاً:- يجب تسليم العطاءات في العنوان ادناه وان اخر موعد لتسلم العطاءات / الساعة الحادية عشر صباحاً من يوم الاربعاء الموافق 9/ 10/ 2019 بتوقيت دهوك ، العطاءات الالكترونية لايسمح بها ، العطاءات المتأخرة سيتم رفضها ، وسيتم فتح العطاءات فعلياً وبوجود ممثلين عن المناقصين الراغبين بالحضور شخصياً في العنوان ادناه في نفس يوم الغلق . وسيكون يوم الخميس 26 / 9/ 2019 الساعة التاسعة ونصف صباحاً موعداً للاجتماع مع المناقصين لتوضيح اسلوب ملئ وثائق العطاء والاجابة على الاستفسارات.

عنوان تسليم العطاءات
مبنى محافظة دهوك –الادارة المحلية – الطابق الرابع –الصندوق الاجتماعي للتنمية غرفة رقم(4)

وزارة التخطيط
الصندوق الاجتماعي للتنمية / فرع دهوك

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣
ژمارە: ٢٠٧/ت/٢٠١٦
رۆژ: ٢٠١٩/٧/٣٠
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: عمر حوسین حسن و نسرین حوسین حسن
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٢٢) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بتوین) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١١/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / احمد حجی داهر
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ٩٠٤/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٧/٢٣
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: کامران فتاح روستم
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢١) لەیاسای چەك لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (راپەرین) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١١/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / احمد حجی داهر
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ٩٠٤/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٧/٢٣
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: کامران فتاح روستم
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢١) لەیاسای چەك لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (راپەرین) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١١/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / احمد حجی داهر
* * *
دادگای کەتنی دوکان
ژمارە: ٤٣/ج/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٨/١٩
پسولەی ئاگادارکردنەوە
ناوی سکالاکار/ بهاء ناجی ابراهیم + حسن هادی محمد
لەبەر ئەوەی لە دۆسیەی ژمارە ٤٣/ج/٢٠١٩ لە دادگای کەتنی دوکان سکالاکاری وە شوێنی نیشتەجێبوونت دیاری کراو نییە بۆیە بریارماندا بە ئاگادارکردنەوەت لە رێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆییەوە بۆیە پێویستە لەسەرت ئامادەبیت لەدادگای کەتنی دوکان لە رێکەوتی ٢٠١٩/١١/١١ لەکاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی لەسەر کێشەی ژمارە (٤٣/ج/٢٠١٩) بەپێی ماددەی ١/٢٣ لە یاسای هاتووچۆ بەبێ دواکەوتن بەپێچەوانەوە بەر پرسیاری بەرامبەر بە یاسا.
دادوەر/ ابوبکر مولود عبدالله
* * *
دادگای کەتن لە رانیە
ژمارە: ١١٠/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٨/٢١
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: محمد عزت عولا
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی بەشی (٤٣٢) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رانیە) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو رۆژنامە ناوخۆیی رۆژانە ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١٠/٣٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ نایف عثمان رمضان
* * *
دادگای کەتن لە رانیە
ژمارە: ٢٧٢/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٨/٢١
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: محمد احمد حمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی بەشی (١/٤٢) لەیاسای چاککردن و پاراستنی ژینگە لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی دارستان و ژینگەی (رانیە) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو رۆژنامە ناوخۆیی رۆژانە ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١٠/٣٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ نایف عثمان رمضان
* * *
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٩٨/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٨/٧
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (رائد عباس عوده)
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٦٧) لەیاسای سزادان وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١٢/١٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٥
ژمارە: ١١٣٢/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٨/٨
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: چۆمان فائق حمه لاو
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٧٧) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئازادی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١١/٢٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / قادر سعید محمود
* * *
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١
ژمارە: ٤٦/ت/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٨/٢٦
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: مؤید ابراهیم احمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٣١٠) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (دەست پاکی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١١/٢٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / قادر سعید محمود
* * *
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١
ژمارە: ٤٦/ت/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٨/٢٦
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: مؤید ابراهیم احمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٣١٠) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (دەست پاکی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١١/٢٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / بێخاڵ محمد مصطفی
* * *

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (هلال) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (کانی تەلان) بۆ (کرینی و فرۆشتنی خانووبەرە و زەوی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

جمهورية العراق
وزارة التخطيط
اعلان مناقصة
مشروع قرض الصندوق الاجتماعي للتنمية / فرع دهوك

اسم المناقصة : انشاء شبكات ماء وخزانين كونكريتين (200,500)م3 في ناحية مانكيش(المركز وقرية بروشكا سعدينى) وانشاء شبكات ماء في ثلاثة نواحي ناحية باتيل , ناحية اتروش , ناحية سرسنك(5 قرى: بليجانكى,همزيكى,بوتيا,به رى كه ر,بيبادى)في محافظة دهوك

رقم المناقصة : DHK.01-5

استلمت حكومة العراق قرضا من البنك الدولي لتمويل (الصندوق الاجتماعي للتنمية) ، وترغب بتخصيص جزء من القرض لتمويل عقد انشاء شبكات ماء وخزانين كونكريتين (200,500)م3 في ناحية مانكيش(المركز وقرية بروشكا سعدينى) وانشاء شبكات ماء في ثلاثة نواحي ناحية باتيل , ناحية اتروش , ناحية سرسنك(5 قرى: بليجانكى,همزيكى,بوتيا,به رى كه ر,بيبادى)في محافظة دهوك

تدعو وزارة التخطيط / الصندوق الاجتماعي للتنمية / فرع دهوك الشركات والمقاولين من ذوي الاهلية والمؤهلين لتقديم عطاءاتهم لتنفيذ مشروع انشاء شبكات ماء وخزانين كونكريتين (200,500)م3 في ناحية مانكيش(المركز وقرية بروشكا سعدينى) وانشاء شبكات ماء في ثلاثة نواحي ناحية باتيل , ناحية اتروش , ناحية سرسنك(5 قرى: بليجانكى,همزيكى,بوتيا,به رى كه ر,بيبادى)في محافظة دهوك

رقم المناقصة (DHK.01-5) وحسب جدول الكميات و المواصفات والمخططات المرفقة في وثيقة المناقصة .

مدة تنفيذ المشروع (180 يوم بضمنها ايام العطل والاعياد) .

يمكن شراء مجموعة وثائق العطاءات الكاملة باللغة العربية من قبل المتناقصين الراغبين لدى تقديم طلب خطي في العنوان أدناه ودفع مبلغ قدره (200) دولار امريكي غير قابل للرد نقدا" وسيتم تسليم وثائق العطاء عن طريق التسليم باليد .
تقدم العطاءات بظرف مغلق ومختوم مكتوب عليه اسم ورقم المناقصة يودع في صندوق العطاءات في العنوان ادناه مرفقة معه الوثائق والمستمسكات التالية:-

1. سيتضمن العطاء ضمان عطاء على شكل خطاب ضمان او صك مصدق بقيمة (6000) ستة الاف دولار امريكي او مايعادله بالدينار العراقي ساري المفعول حتى 28 يوم من تاريخ سريان العطاء (118 مائة و ثمانية عشر يوما من تأريخ الغلق) و يكون باسم الشركة المتناقصة حصرا ولحساب وزارة التخطيط / الصندوق الاجتماعي للتنمية / فرع دهوك
2. مدة صلاحية العطاء 90 يوما بعد الموعد النهائي لتسليم العطاءات المذكور في ورقة بيانات العطاء.
3. عدد نسخ العطاء الواجب تعبئتها وإعادتها هو نسختان (اصلية + نسخة)
4.

اولاً:- سيتم تنفيذ المناقصة وفقا لاجراءات العطاءات التنافسية الوطنية ويحق لجميع الشركات والمقاولين من ذوي الاهلية التقدم للتنافس كما هو محدد في (ارشادات التوريدات).
ثانياً:- يمكن للمتناقصين ذوي الاهلية الراغبين ان يحصلوا على معلومات اضافية من وزارة التخطيط / الصندوق الاجتماعي للتنمية / فرع دهوك / مبنى محافظة دهوك –الادارة المحلية – الطابق الرابع –الصندوق الاجتماعي للتنمية غرفة رقم(4)
وعلى البريد الالكتروني . sfd.iraq.dhk@gmail.com حيث يقدم طلب التوضيحات من قبل المتناقصين من خلال الايميل المذكور

ثالثاً:- يجب تسليم العطاءات في العنوان ادناه وان اخر موعد لتسلم العطاءات / الساعة الحادية عشر صباحاً من يوم الاثنين الموافق 7/ 10 / 2019 بتوقيت دهوك ، العطاءات الالكترونية لايسمح بها ، العطاءات المتأخرة سيتم رفضها ، وسيتم فتح العطاءات فعلياً وبوجود ممثلين عن المناقصين الراغبين بالحضور شخصياً في العنوان ادناه في نفس يوم الغلق . وسيكون يوم الخميس 26 / 9 / 2019 الساعة التاسعة ونصف صباحاً موعداً للاجتماع مع المناقصين لتوضيح اسلوب ملئ وثائق العطاء والاجابة على الاستفسارات.

عنوان تسليم العطاءات
مبنى محافظة دهوك –الادارة المحلية – الطابق الرابع –الصندوق الاجتماعي للتنمية غرفة رقم(4)

وزارة التخطيط
الصندوق الاجتماعي للتنمية / فرع دهوك

جمهورية العراق
وزارة التخطيط
اعلان مناقصة
مشروع قرض الصندوق الاجتماعي للتنمية / فرع دهوك

اسم المناقصة : تأهيل الشوارع بطول (7.95)كم في ثلاث نواحي 1- ناحية مانكيش(مركز ناحية,قرية بروشكا سعدينى) 2-ناحية قسروك (قرية بيبافا) 3- ناحية اتروش (قرية الوكا) في محافظة دهوك .
رقم المناقصة : DHK.01-2

استلمت حكومة العراق قرضا من البنك الدولي لتمويل (الصندوق الاجتماعي للتنمية) ، وترغب بتخصيص جزء من القرض لتمويل عقد تأهيل الشوارع بطول (7.95)كم في ثلاث نواحي 1-ناحية مانكيش(مركز ناحية,قرية بروشكا سعدينى) 2-ناحية قسروك (قرية بيبافا) 3-ناحية اتروش (قرية الوكا) في محافظة دهوك .

تدعو وزارة التخطيط / الصندوق الاجتماعي للتنمية / فرع دهوك الشركات والمقاولين من ذوي الاهلية والمؤهلين لتقديم عطاءاتهم لتنفيذ مشروع تأهيل الشوارع بطول (7.95)كم في ثلاث نواحي 1-ناحية مانكيش(مركز ناحية,قرية بروشكا سعدينى) 2-ناحية قسروك (قرية بيبافا) 3-ناحية اتروش (قرية الوكا) في محافظة دهوك .
رقم المناقصة (DHK.01-2) وحسب جدول الكميات و المواصفات والمخططات المرفقة في وثيقة المناقصة .

مدة تنفيذ المشروع (240 يوم بضمنها ايام العطل والاعياد) .

يمكن شراء مجموعة وثائق العطاءات الكاملة باللغة العربية من قبل المتناقصين الراغبين لدى تقديم طلب خطي في العنوان أدناه ودفع مبلغ قدره (200) دولار امريكي غير قابل للرد نقدا" وسيتم تسليم وثائق العطاء عن طريق التسليم باليد.
تقدم العطاءات بظرف مغلق ومختوم مكتوب عليه اسم ورقم المناقصة يودع في صندوق العطاءات في العنوان ادناه مرفقة معه الوثائق والمستمسكات التالية:-

1. سيتضمن العطاء ضمان عطاء على شكل خطاب ضمان او صك مصدق بقيمة (5000) خمسة الاف دولار امريكي او مايعادله بالدينار العراقي ساري المفعول حتى 28 يوم من تاريخ سريان العطاء (118 مائة و ثمانية عشر يوما من تأريخ الغلق) و يكون باسم الشركة المتناقصة حصرا ولحساب وزارة التخطيط / الصندوق الاجتماعي للتنمية / فرع دهوك
2. مدة صلاحية العطاء 90 يوما بعد الموعد النهائي لتسليم العطاءات المذكور في ورقة بيانات العطاء.
3. عدد نسخ العطاء الواجب تعبئتها وإعادتها هو نسختان (اصلية + نسخة)
4.

اولاً:- سيتم تنفيذ المناقصة وفقا لاجراءات العطاءات التنافسية الوطنية ويحق لجميع الشركات والمقاولين من ذوي الاهلية التقدم للتنافس كما هو محدد في (ارشادات التوريدات).
ثانياً:- يمكن للمتناقصين ذوي الاهلية الراغبين ان يحصلوا على معلومات اضافية من وزارة التخطيط / الصندوق الاجتماعي للتنمية / فرع دهوك / مبنى محافظة دهوك –الادارة المحلية – الطابق الرابع –الصندوق الاجتماعي للتنمية غرفة رقم(4)
وعلى البريد الالكتروني . sfd.iraq.dhk@gmail.com حيث يقدم طلب التوضيحات من قبل المتناقصين من خلال الايميل المذكور

ثالثاً:- يجب تسليم العطاءات في العنوان ادناه وان اخر موعد لتسلم العطاءات / الساعة الحادية عشر صباحاً من يوم الخميس الموافق 3/ 10 / 2019 بتوقيت دهوك ، العطاءات الالكترونية لايسمح بها ، العطاءات المتأخرة سيتم رفضها ، وسيتم فتح العطاءات فعلياً وبوجود ممثلين عن المناقصين الراغبين بالحضور شخصياً في العنوان ادناه في نفس يوم الغلق . وسيكون يوم الخميس 26 / 9 / 2019 الساعة التاسعة ونصف صباحاً موعداً للاجتماع مع المناقصين لتوضيح اسلوب ملئ وثائق العطاء والاجابة على الاستفسارات.

عنوان تسليم العطاءات
مبنى محافظة دهوك –الادارة المحلية – الطابق الرابع –الصندوق الاجتماعي للتنمية غرفة رقم(4)

وزارة التخطيط
الصندوق الاجتماعي للتنمية / فرع دهوك

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/9/18 ژمارە (5830)
خەبات



تونس..

دەنگدەران زەنگی هۆشداریيان دا بە سیاسەتمەداران

دوو شرۆڤەکاری سیاسی: بەشداریکردنی کەمی دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتییدا، زەنگێکی هۆشداری و سزادانی کاندید و پارتەکان بوو، هەروەها ئەوەش نیشان دەدات کە ڕەوشی وڵات جێگەی ڕەزامەندی گەنجان نییە

دوو شرۆڤەکاری سیاسی تونسی ڕایانگەیاند کە بەشداریکردنی کەمی دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەو وڵاتەدا، زەنگێکی هۆشداری و سزادانی کاندید و پارتەکان بوو، هەروەها ئەوەش نیشان دەدات کە ڕەوشی ئێستای وڵات جێگەی ڕەزامەندی گەنجان نییە.

دەستەی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی تونس ڕایگەیاندووە، ڕێژەی بەشداریکردنی دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکانی تونس کە دوێنێ یەکشەمە بەڕێوەچوو گەیشتووەتە 45لەسەدا لە کاتێکدا لە ساڵی 2014دا، 63لەسەدا بوو.

شرۆڤەکار و ئەکادیمیست، عەبدولمەجید عەبدلی لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی ئانادۆلو شیکردنەوەی بۆ ڕێژەی کەمی بەشداریکردنی دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کرد و گوتی: "زۆربەی ئەو دەنگدەرانەی کە بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتییان کردووە و دەنگیان نەداوە لە چینی گەنجانن کە ویستوویانە بەو شێوەیە سزای سیاسەتمەداران بدەن". عەبدولمەجید عەبدلی ئەوەی وەبیرهێنایەوە کە لە میانی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی، هیچ کاندیدێک نەبینرا کە بەڕاستی باس لە چارەسەرکردنی بێکاری و ڕەخساندنی هەلی کار بکات بۆ ئەو گەنجانەی کە بێکارن و یان هەڵگری بڕوانامەی زانکۆن. شرۆڤەکار و ئەکادیمیست، عەبدولمەجید عەبدلی جەختیکردەوە لەسەر ئەوەی کە لەئێستادا، هاوواڵاتی تونسی هوشیارە و دەتوانێت لە میانی بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان سزای سیاسەتمەداران بدات.

عەبدولمەجید عەبدلی وای بۆ دەچێت کە ڕێژەی کەمی بەشداریکردن، هۆشداریيەکە بۆ ئەنجامدانی شۆڕشێکی نوێ لە تونس، چونکە سەدا 70ی گەلی تونس ڕازیی نین لە ڕەوشی گشتی وڵات و کە ئەوەش بۆخۆی هۆشداریيەکە بۆ سیاسیەتمەداران.

ناوبراو گوتیشی: "پێویستە ئەو سیاسەتمەدارانەی کە نیازیان هەیە لە داهاتوودا خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکان کاندید بکەن دەبێت بترسن لەوەی لە لایەن گەل و دەنگدەرانەوە سزا دەدرێن".

لای خۆیەوە شرۆڤەکاری سیاسی، بولبابە سالم وای بۆ دەچێت کە بەشداریکردنی سەدا 45ی دەنگدەران، بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی شارەوانیی باشتربوو.

بولبابە سالم گوتی: "ئەم ڕێژەیە باشترە لە ڕێژەی بەشداریکردنی دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانیی 2018دا کە لە ئایاری 2018دا بەڕێوەچوو کە ڕێژەی بەشداریکردنی دەنگدەران، 6.36لەسەدا بوو".

ئەو گوتیشی: "زۆربەی ئەو دەنگدەرانەی کە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی بەشداریان نەکردووە، ئەو گەنجانەن کە باوەڕیان بە سیاسەتمەداران نەماوە و لێیان وەرسبوون".

بولبابە سالم باسی لەوەشکرد کە ڕێژەی کەمی بەشداریکردنی دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە کە تایبەتن بە خراپی ڕەوشی ئابووری کە هاوواڵاتیان ڕووبەڕووی بوونەتەوە، جگە لەوەش ژمارەیەکی زۆری هاوواڵتیان لە ڕەوشەکە بێزاربوون و سیستەمی حکومڕانی لە لایەن دەسەڵات و تەنانەت ئۆپۆزسیۆنەوە ڕەت دەکەنەوە.

یوسف شاهد: ڕێز لە ئەنجامی فەرمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی دەگرین



سەرۆکوەزیرانی تونس و کاندید بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی، یوسف شاهد ڕایگەیاند کە ڕێز لەو پێشبینییانە دەگرن کە ئاژانسی «Sigma Konsai» بۆ دەربڕینی ڕاوبۆچوون سەبارەت بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی بڵاویکردووەتەوە. دوێنێ یەکشەمە دەزگای "Sigma Konsai"بۆ دەربڕینی ڕاوبۆچوون پێشبینییەکانی سەبارەت بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی تونس بڵاوکردەوە. بەپێی پێشبینییەکان، کاندیدی سەربەخۆ، قەیس سەعید پێش کاندیدەکانی دیکە کەوتووە و 50.19ی لەسەدای دەنگەکانی بەدەستهێناوە.

هەروەها سەرۆکی پارتی "دڵی تونس"، نەبیل قوڕەوی بە بەدەستهێنانی 5.15لەسەدای دەنگەکان لە پلەی دووەمدایە، هەروەها کاندیدی پارتی نەهزە، عەبدولفەتاح مۆرۆ 11 لەسەدای دەنگەکانی بەدەستهێناوە و لە پلەی سێیەمدایە.

هەر بەپێی پێشبینییەکانی دەزگای «Sigma Konsai» بۆ دەربڕینی ڕاوبۆچوون، کاندیدی سەربەخۆ، عەبدولکەریم زوبەیدی بە بەدەستهێنانی 4.9ی لەسەدای دەنگەکان لە پلەی چوارەمدایە و سەرۆکوەزیرانی ئێستا، یوسف شاهد لە پلەی پێنجەمدایە بە بەدەستهێنانی 5.7ی لەسەدای دەنگەکان و سافی سەعیدیش 5.7 لەسەدای دەنگەکانی بەدەستهێناوە و لە پلەی شەشەمدایە.

دوای بڵاوکردنەوەی ئەو پێشبینیانە سەبارەت بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی تونس، یوسف شاهد ڕایگەیاند کە ئەنجامی فەرمی هەڵبژاردنەکان هەر چۆنێک بێت ڕێزی لێ دەگرن و گوتی: "ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی وەک پێویست نەبوو و لاواز بوو کە ئەویش کاریگەری خراپی لەسەر پرۆسەی دیموکراتی لە وڵاتەکەمان دروست دەکات". یوسف شاهد ڕاشیگەیاند کە گرنگە کە هەمووان لەوە تێ بگەن "بۆچی تونسییەکان بەو شێوەیە دەنگیان داوە؟"

مانشێت



سکای نیوز:
دوای شکستهێنانی دانوستانی نێوان بزووتنەوەی تاڵیبان و ئەمەریکا ،سەربازێکی دیکەی ئەمەریکی لە ئەفغانستان کوژرا.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
بە تۆمەتی کڕینی فڕۆکەی درۆنز و دابینکردنی کەلوپەلی دیکە بۆ ڕێکخراوی داعش ،دادگایەکی دانیمارکی دەستی بە دادگاییکردنی 3 کەس کرد.



ئیلاف:
بە بەشداریی 128هەزار سەربازی سەر بە ژمارەیەک وڵاتی هاوپەیمان، ڕووسیا مانۆڕێکی سەربازیی بەرفراوانی لە دۆزال و سیبیریا و دەریای قەزوێن دەستپێکرد .



ئەی ئێف پی:
یەکێتی ئەورووپا ڕایگەیاند کە سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا سەبارەت بە سنوورەکانی نێوان بەریتانیا و ئێرلەندا بەڵگەی پێویستی نەخستۆتەڕوو.



فرانس :24
دەسەڵاتدارانی ئێران ڕایانگەیاند کە لە نزیک تەنگەبەری هورمز کەشتیەکیان دەستبەسەر کردووە ، بەنیاز بووە گاز بۆ ئیمارات بگوازێتەوە .




کەنالی ئار تی :
لە بەیاننامەی کۆتایی کۆبوونەوەی لوتکەی وڵاتانی تورکیا و ئێران و ڕووسیا ، بەشداربووان جەختیان لەسەر سەروەریی خاکی سووریا کردەوە.

چەمکی سیاسی



دەستوور

یاسای بنەڕەتی دەوڵەتە و کۆی ئەو بنەما سەرەکیانە دەگرێتە خۆی کە سیما و پێکهاتەی لایەنی دەسەڵاتدار دەخاتەڕوو، هەروەها دەسەڵاتە گشتیەکان و پەیوەستبوونیان بە یەکەوە و ئەرک و کاری هەریەکەیان و ئاشکراکردنی ماف و ئازادیە گشتیەکانی تاک دەخاتە ڕوو. لە بنەڕەتیشدا وشەی دەستوور فارسیە.


گوندی گەشتیاری سەکران لە باڵەکایەتی


تەلەفریکی بابلۆ لە دهۆک

ئەمساڵ گەشتوگوزار لە وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان بەڕێژەی لە 38%پلەی یەکەمی تۆمارکرد

لە ساڵانی ڕابردوو لە لایەن سەرمایەداری بیانی و ناوخۆی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان لە کەرتی جۆراوجۆر کراوە، بە تایبەت لە کەرتی نیشتەجێکردن و کشتوکاڵ و پیشەسازی و تەندروستی و گەشتوگوزار، بە پێی زانیاریەکانی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان کەرتی گەشتیاری لە پلەی چواردم بوو بەڵام ساڵ دوای ساڵ بەرزبۆتەوە و هاتۆتە پێشەوە، لە ساڵی ٢٠١٣ گەیشتە ئاستێکی بەرز و لە ٢٦ %وەبەرهێنانی پێکهێناوە، بەڵام ساڵی ٢٠١٩ ئاستی وەبەرهێنان لە کەرتی گەشتیاری زۆر جیاوازترە و لە 8مانگی ڕابردوو زۆر بەرز بۆتەوە و ژمارەیەکی پێوانەی تۆمارکرد و بوو بە یەکەم کەرت و بە ڕێژەیەکی زۆر جیاواز پێش کەرتەکانی تر کەوت کە لە ٣٨ %ی تۆمار کرد، بڕی پارەکەشی گەیشتە نزیکەی یەک ملیار دۆلار، ئەمەش ژمارەیەکی پێوانەی زۆر گرنگە، سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆریش پڕۆژە هەیە کە لە سەر زەوی گەشتوگوزار و شارەوانی کراون و لە دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان تۆمار نەکراون، هەندێک پڕۆژەی دیکەش هەیە لە مامەلەدان و تۆمار نەکراون، کاتێک سەرجەمیان تۆمار دەکرێن ڕێژەی وەبەرهێنانی گەشتیاری بەرزدەبێتەوە بۆ زیاتر لە ٥٠.%

هەموو ئەمانە ئاماژەی زۆر گرنگن بۆ پێشکەوتنی کەرتی گەشتیاری بە شێوەیەکی خێرا و پێشبینی نەکراو، ئەمەش بەرەنجامی بەرقەراربوونی ئاسایشی هەرێم و ئەو پلانەیە کە لە دەستەی گەشتوگوزار بۆ پێشوەبردنی کەرتی گەشتیاری هەرێم داڕێژراوە.

ناساندن و بە بازاڕکردن
سەرچاوەی گەشەکردنی وەبەرهێنانن

نادر روستی

وەبەرهێنان و بەبازاڕکردن دوو بابەتن وەک دوو ڕووی یەک دراو وانە، هەریەکە و تەواوکەری ئەوەی دیکەیانە، بەواتایەکی دیکە وەبەرهێنان بەبێ بەبازاڕکردن بەفیڕۆدان و لە قالبدانی سامان و توانا نیشتمانیەکانە، لەهەمانکاتدا بەبازاڕکردن بەبێ وەبەرهێنان پڕۆسەیەکی تەمەن کورت و فریودەرە، بۆیە دەکرێت بڵێین پەیوەندیەکی ڕووحی و زیندوو لە نێوان وەبەرهێنان و بەبازاڕکردن هەیە.

بۆ پشتڕاستکردنەوەی تێگەیشتنی هاوکێشەکە دەکرێ نموونەی زیندوو بخەینەڕوو:

لە هەرشوێن و وڵاتێک کە زەمینەی وەبەرهێنان دەڕەخسێت و وەبەرهێنەران دێنە مەیدان و پڕۆژەکانیان لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە پەرەپێدەدەن پێویستیان بە ساخکردنەوەی بەرهەمی پڕۆژەکانیانە لە دەرەوە یان لە ناوەوەی وڵات، بۆ ئەمەش پێویستە پێشتر دراساتی بازاڕەکانیان کردبێت و پلانی بەبازاڕکردن یان ناساندنی بەرهەمەکانیان داڕشتبێت. بەواتایەکی تر بەرهەمی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان پێویستیان بە فرۆشتنە، فرۆشیار پێویستی بە ڕازیکردنە، ڕازیکردنی کڕیار پێویستی بە کوالیتی و دڵنیایی بەکارهێنانە، ئەم پڕۆسەیە پێویستی بە ناساندن و بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانە. کاتێک وەبەرهێنان و بەبازاڕکردن ئەم خولە بازنەییە تەواو دەکەن، فرۆشتن و ساخکردنەوەی بەرهەمەکان خێرا دەبن و سەرمایەی وەبەرهێنان زیاد دەکات و وەبەرهێنانی نوێ دەستپێدەکات کە سەرەنجام گەشەکردن و پێشکەوتن بەدەست دێت. لێرەدا بەدەردەکەوێت کە بازاڕکردن بە دوو جۆر لە خزمەتی وەبەرهێنان دەبێت: یەکەم بەرهەمەکان لە بازاڕ بە خێرا ساخ دەکاتەوە و سەرمایە بە خێرا زیاد دەکات. دووەم سەرنجی وەبەرهێنەری نوێ و سەرمایەی نوێ بۆ ناو بازاڕی وەبەرهێنان ڕادەکێشێت. بەپێی نموونەکان ئاستی هاوکێشەکە دەڵێت: پێویستە لە یەک کاتدا کە گرنگی بە وەبەرهێنان دەدەین، گرنگی بە ناساندن و بەبازارکردنیش بدەین، یاخود کە گرنگی بە بازاڕکردن دەدەین پێویستە گرنگی بە بەرزکردنەوەی ئاستی چەندایەتی و چۆنایەتی وەبەرهێنان بدەین، ئەمەش وادەکات هاوکێشەکە بە هاوتەریبی بەرێوەبروات. واتە لە یەک کاتدا بەبازاڕکردن و وەبەرهێنان لە گەشەکردن بەردەوام دەبن، بۆیە دەکرێ بڵێین ئەوەی لە گەشەسەندنی وەبەرهێنانی گەشتیاری هەرێمی کوردستان بەدەست هاتووە بەرهەمی ناساندن و بەبازاڕکردنی کەرتی گەشتیاریە بە تایبەتی کە چەند ساڵێکە ڕاگەیاندنی کوردستان هاوکار و هەماهەنگە بۆ تیشکخستنە سەر کەرتی گەشتیاری و ئایندەی گەشتوگوزار.

ئەشکەوتی بارەگەی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق دەکرێتە پڕۆژەیەکی گەشتیاری


ئەشکەوتی سەردێمان لە باڵەکایەتی

دوای ئەوەی بوونی دەزگایەکی ڕاگەیاندنی بیستراو بە پێویست زانرا بە بڕیاری سەرکردایەتی شۆڕش بە ڕابەرایەتی بارزانی نەمر ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق بە فەرمی لە (28ی ئەیلولی 1963) دەستی بە پەخش کرد .

شۆینی ستراتیژ، شاراوەیی، سەختی و تووندوبەندی وای کرد ساڵی 1965ستافی ڕادیۆ لە گوندی وەلاش کۆچ بکەن بەرەو ئەشکەوتی سەردێمان و بیکەن بە بارەگای سەرەکی ڕادیۆ، ماوەی دووساڵ لە ئەشکەوتی سەردێمان پەخشی ڕادیۆی تێداکرا و بووە مااڵی کۆمەڵێک شاعیر و نووسەر و ئەندازیاری دیاری کورد. دواجار لە ئایاری 1966 ماوەی دوو ڕۆژ سەردێمان کەوتەبەر هێرشی چڕی فڕۆکەکان خۆشبەختانە زیانی گیانی نەبوو بەاڵم بەداخەوە سەردێمان چۆڵکرا و نەتوانرا چیتر وەک بارەگا بێنێ و ستافی ڕادیۆش کۆچیان کرد بۆ گوندی گۆرۆنی و مەمی خەلان و بێخۆاڵن لەوێ دڕێژەیان بە پەخشدا. ڕێکخراوی نەوەکانی ئەیلول وەک وەفایەک بۆ شۆڕشی ئەیلول و پارێزگاری کردن لە میژوو و خەباتی شۆڕش لە ڕێگەی پڕۆژەیەک ئەشکەوتەکە ڕێکەدخەن و خزمەتگوزاری پێدەگەیەنن و دەیکەن بە شوێنێکی گەشتیاری.

هونەر ئەحمەد سەرۆکی ڕێخکراوی نەوەکانی ئەیلول لەم بارەیەوە گوتی: بەمەبەستی ڕێزلێنان لە خەبات و قوربانی دانی باب و باپیرانمان لە شۆڕشی مەزنی ئەیلول بە ڕابەرایەتی بارزانی نەمر و زیندوکردنەوەی ئەو میژووە پر شکۆ و پر زەحمەتیەی کە نەتەوەکەمان خاوەنیەتی، دوای نۆژەنکردنەوەی بارەگای بارزانی نەمر لە حاجی ئۆمەران و بنیاتنانی مۆنۆمێنتی وەفایەک بۆ ئەیلول بەرنامە و پلانمان دانا کە خزمەتگوزاری بگەیەنێ بە ئەشکەوتی سەردێمان لە شارەدێی قەسرێ. ناوەڕۆکی پڕۆژەکە بریتیە لە گەیاندنی ڕێگا و تەزووی کارەبا و چاندنی داروودرەخت و هەڵواسینی تابلۆ و جوانکاری لەگەڵ ناساندن و پاراستنی کە لەلایەن خودی ئەندامانی ڕێکخراوی نەوەکانی ئەیلول بەخۆبەخشی جێبەجێ دەکرێت، لە ئێستادا تەنیا کارە هونەریەکان ماون وا بڕیارە لە ٨ی ئەیلول پڕۆژەکە تەواو بێت و بە ڕووی گەشتیاران بکرێتەوە، چاوەڕوان دەکرێ دوای کردنەوەی پڕۆژەکە گەشتیارێکی زۆر ڕوو لەم ئەشکەوتە بکات چونکە خەڵکی کوردستان بە گشتی بە گرنگەوە دەڕوانن ئەو شوێنەوار و بابەتانەی ڕەهەندی نیشتیمانی و شۆڕشگێڕیان هەیە.

چۆنێتی پێشخستنی کەرتی گەشتیاری لە ئەزموونی وڵاتان

محەمەد عزیز

لەم ڕاپۆرتە باسی ئەزموونی گەشتیاری چەند وڵاتێک دەکەم کە چۆن کەرتی گەشتوگوزارییان بەکارهێناوە بۆ پێشخستنی ئابووری و گشت سێکتەرەکانی وڵات، بە تایبەت لە ڕێگەی پلان و پڕۆژەی ستراتیژی ناوازە و دەگمەن، کە دەکرێ ئێمەش سوود لە ئەزموونی ئەوان وەربگرین و خێراتر کەرتی گەشتیاری پێشبخەین.

یەکەم: گەشتوگوزاری (ئەندەنوسیا)

حکومەتی ئەندەنوسیا پێیوابوو گەشتیاری بناغەی بەهێزکردنی ئابووری وڵاتە بۆیە لە نەبوونی و هەژاری دەستیان پێکرد و سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست هێنا کە لە ساڵی (٢٠١٦)بە (١٢) یەمین وڵاتی گەشتیاری لە جیهان دانرا.

گرنگترین پڕۆژەکانی بەهێزکردنی ئابووری و گەشتیاری وەزیری گەشتوگوزاری ئەندەنوسیا هەستا بە ناساندنی پڕۆژەی (١٠)خاڵی، کە سێ خاڵی سەرەکی ئەمانە بوون:

* دروستکردنی دەریاچەیەکی گەورە بە بەندا و.
* دروستکردنی پارکێکی نێودەوڵەتی گەورە.
* ڕێکخستنەوەی کەنار دەریاکان و گرنگیدان پێیان بوو.

بەم سێ خاڵە ئەوەبوو (١٢) ملیۆن گەشتیار سەردانی ئەو وڵاتەیان کرد تەنیا لە یەک ساڵدا.

گەشتوگوزاری (ئیمارات)

ساڵی (١٩٧١)سەربەخۆیی بەدەست هێنا ، حەوت عەشیرەت کەسێکییان بەگەورەی خۆیان بە ناوی (زائد ئال مەختوم) وەک دەسەلاتداری ئیمارات هەڵبژارد.

لە ساڵی (٢٠٠٤) وە بە خێراترین وڵاتی گەشەسەندو دادەنرێت لە جیهان تاکو ئەم ساڵ.

پڕۆژە گەشتیارییە زەبەلاحەکان بریتی بوون لە:

* دورگەی دارخورما و گەورەترین هوتێلی ناوازەی گەشتیاری.
* دروستکردنی بورجی (خەلیفە) کە گەورەترین بینایە لە جیهان.
* دروستکردنی گەورەترین بازاڕ لە جیهان بە ناوی (دوبەی مۆڵ).
* دروستکردنی گەورەترین هوتێل لە جیهان بە ناوی (گۆڤارا).



* دروستکردنی گەورەترین نافورەی ئاو لە جیهان.
* دروستکردنی گەورەترین باخچەی گوڵ و گەورەترین باخی پەپولەکان.

سێیەم گەشتوگوزاری (تورکیا)

ساڵی (١٩٢٤)کۆتایی هێنرا بە دەسەاڵتی عوسمانیەکان هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرێک درا بۆ ڕزگارکردنی خەڵک لە هەژاری و مردن چونکە بەهۆی جەنگەوە هەزاران کەس کوژران و بریسیەتی ڕووی تێکردن.

چۆن توانییان سەرکەون؟

١- سەرەتا حکومەت هەستا بە دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەر لە نێوان تورکیا و ئەوروپا ئەمەش سەرکەوتووترین ڕێگا بوو بۆ ناساندنی گەشتوگوزاری تورکیا کە بریتیبوو لە شوێنی میژوویی و سروشتی و هونەری.

دروستکردنی فرۆکەخانە و هێڵی شەمەندەفەر و بەندەری کەشتی کە بووە هۆی ئەوەی تورکیا ببێتە ناوەندی بازرگانی و هاتوچۆکردنی خەڵک لە هەرسێ کیشوەری ئەوروپا و ئاسیا و ئەفریقا.

پێشنیار دەکەم گەشتوگوزار ئەو پڕۆژە گەشتیاریانەی ئابووری وڵات بە هێزدەکەن جێبەجێیان بکات.

* دروستکردنی فرۆکەخانەی بچووکی گەشتیاری کە گەشتیار بتوانێت بەنۆی فرۆکەی بچووک بە ئاسمانی شارێک یان ناوچەیەکی گەشتیاریدا بروات بۆ نموونە (شاری سۆران) فرۆکەخانەیەکی بچووکی هەبێت بۆ ئەوەی گەشتیار بەسەر ئاسمانی ئەو شارەدا بفڕێت.
* دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەر لە نێوان هەندێک لە شارەکانی کوردستان بتوانێت بەشێوەیەکی خێراو هەرزان و ئاسان زۆربەی شوێنە گەشتیارییەکانی کوردستان ببینێت.
* دروستکردنی ژمارەیەک زۆر بەنداوی بچووک لە ناوچەکانی گەشتیاری.
* دروستکردنی ڕێکخراوێک لە کوردستان تایبەت بۆ ناساندنی کوردستان نموونە ئەم ڕێکخراوە کوردستان بەجیهان بناسێنێت و هەوڵ بدات گرووپی گەشتیاری لە جیهان بهێنێتە کوردستان.
* دروستکردنی گوندێکی گەشتیاری بۆ نموونە سکۆتلاندا گوندێکی تایبەت بەگەشتیاران هەیە کەسالانە (حەفەت ملیۆن) گەشتیار ڕووی تێدەکات. نموونە بۆ ئەم گوندە (پرژێ) باڵەکایەتی هیوام وایە 5ساڵی دی ئەمانە جێبەجێ بکرێن.





هاوسەرگیرییەک لەنێوان دوو شەترەنجزانی نێودەوڵەتی کورد

پێڕێ لە شاری دهۆک پرۆسەی ئەلقە گۆڕینەوە و هاوسەرگیری لە نێوان دوو شەترەنجزانی کورد بەڕێوەچوو.
لە دیمەنێکی جوان و یەکەمجاردا هەرێەک لە کارین کەمال جەلالەدین شەترەنجزانی نێودەوڵەتی شاری دهۆک و ئاکار عەلی شەترەنجزانی نێودەوڵەتی شاری سلێمانی بڕیاریاندا خێزانێکی شەترەنج پێکەوەبنێن و لە بۆنەیەکی قەشەنگیشدا بە ئامادەبوونی چەندین کەسایەتی شەترەنجی کوردستان، پرۆسەی ئەلقە گۆڕینەوە لەنێوان ئەم دووانەدا بەڕێوەچوو.
بەناوی ستافی لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات وێڕای پیرۆزبایی لەم دوو شەترەنجزانە، هیوای ژیانێکی بەختەوەریان بۆ دەخوازین.



تیرۆپشکی مۆندیالی یانەکان راکێشرا

لە بارەگای یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی سویسرا تیرۆپشکی جامی جیهانی یانەکانی 2019ی قەتەر راکێشرا، یانەی تەرەجی تونسی پاڵەوانی ئەفریقیا رووبەرووی پاڵەوانی ئاسیا دەبێتەوە کە هێشتا ناسنامەکەی ئاشکرا نەبووە، لەلایەکی دیکەشەوە یانەی مۆنتیری مەکسیکی پاڵەوانی ئەمریکای باکوور و کۆنکاکاف رووبەرووی براوەی یاری کردنەوەی مۆندیال دەبێت لەنێوان یانەی سەددی قەتەری پاڵەوانی قەتەر و خانەخوێی پاڵەوانێتییەکە و یانەی هینجێن سپۆرتی کالیدۆنیای پاڵەوانی ناوچەی ئۆقیانۆس دەبێتەوە.
جێی باسە یانەی لیڤەرپوولی پاڵەوانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لەگەڵ پاڵەوانی ئەمریکای باشوور کە هێشتا ناسنامەکەی دیاری نەکراوە لە یاری پێش کۆتایی ئەم مۆندیالەدا بەرەبەک دەکەون.
ئەمە یەکەمجارە وڵاتی قەتەر لە ماوەی نێوان 11و 21ی دیسەمبەری داهاتوو میواندارى ئەم مۆندیالە دەکات، کە 7یانە بەشداری دەکەن کە بریتیە لە پاڵەوانی 7کیشوەرەکە لەگەڵ پاڵەوانی میوانداری پاڵەوانێتییەکە.

محەمەد سەڵاح: جەماوەری لیڤەرپوول منیان خۆشدەوێت

یاریزانی نێودەوڵەتی میسڕی، محەمەد سەڵاح، ئەستێرەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی دووپاتی کردەوە، لیڤەرپوول لە میرکاتۆی هاوینەدا، هیچ دەستەوارەیەکی گەورەی واژوو نەکردووە، چونکە ئێستا کۆمەڵێک یاریزانی باشی هەیە. سەلاح لە دیانەیەکیدا لەگەڵ تۆڕی هەوالّی CNNوتی:"ئەنجام نەدانی دەستەوارەی گەورە دەیسەلمێنێت، ئێمە تیپێکی باشمان هەیە، لەگەڵ کۆمەڵێک یاریزانی زۆر باش". سەلاح لە بارەی تازەکردنەوەی گرێبەستەکەی لەگەڵ لیڤەرپوول وتی:"من لە یانەی لیڤەرپوول و شارەکە دڵخۆشم، جەماوەرم خۆش دەوێت و ئەوانیش منیان خۆش دەوێت، بەڵام قسەکردن لەسەر ئەو بابەتە هێشتا زووە". لەبارەی دووبارە بەدەستهێنانەوەی نازناوی خولی یان پاڵەوانەکانی ئەوروپاش وتی:"بەدەستهێنانی ئەو نازناوە، خەونی هەموانە، ئێمەش یەکێک لەوانین". وتیشی:"سەبارەت بەخۆم خەونەکە بووە راستی، دوای ئەوەی لەحوزەیرانی رابردوودا، جامەکەمان بەرز کردەوە". سەلاح، لە وەرامی پیپ گواردیۆلا، راهێنەری مانچستەر ستی، کە وتبووی، بردنەوەی نازناوی پریمەرلیگ لە چامپیۆنس لیگ گرنگترە وتی:"راستییەکەی، نازانم گواردیۆلا ئەو قسەیەی کردووە یان نا، بەڵام، وای دەبینم، ئەگەر دەرفەتی بۆ بڕەخسێت، لە نێوان هەردوو پاڵەوانیەتی یەکیان هەڵبژێرێت، چامپیۆنس لیگ هەڵدەبژێرێت". ئەوەشی وت:"ئەوە بۆچوونی خۆمە. من باسی ئەو ناکەم، بەڵام وای دەبینم، چامپیۆنس لیگ، گەورەترین رکابەرییە لە تۆپی پێدا، بۆیە هەمووان هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەن".
ڕەمزی میرەکانی


کارۆلینا لە پێشەنگی جیهانی نزیک دەبێتەوە

کارۆلینا پلیسکۆڤای خانمە تێنسزانی چیکی و دووەمی پۆڵینی جیهانی توانی نازناوی 15هەمینی پیشەگەری بەدەست بهێنێت کاتیک نازناوی چنگتچۆی بردەوە و لە یاریی کۆتاییدا لە مارتیچی کڕواتی بردەوە.
کارۆلینای چیکی تەمەن 27ساڵ هیچ کاریگەری بەسەریەوە نەبوو لەو یارییەی کۆتاییدا چونکە چەندین جار یارییەکە بەهۆی بارانەوە وەستێنرا، بەم بردنەوەیەش توانی لە پۆلینی یەکەمی جیهانی نزیک بێتەوە کە ئێستا پارتی بۆ دوو هەفتە دەبێت گرتوویەتی.

یارییەکەی ئەمشەو بەیاری پێکانەکان ناودەبرێت

یارییەکەی ئەمشەوی نێوان پاریس سان جێرمان و ریال مەدرید کە لە جەولەی یەکەمی گرووپەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بەڕێوەدەچێت، دەکرێ ناوی یاریی پێکانەکانی لێ بنریت، ئەویش بەهۆی زۆریی ژمارەی پێکراوانی هەردوو یانە لەم یارییەدا.
لە ریزی یانە پاریسییەکە هەریەک لە نایمار و کلیلیان مباپێ و ئیدینسۆن کاڤانی یاری ناکەن، کە نایمار بەهۆی سزایەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا کە سێ یاری سڕی کردووە ناتوانێت یاری بکات، لەبەرامبەردا یانە مەدریدییەکە حالی لەو باشتر نییە، ئەگەرچی هەریەک لە هازارد و رۆدریگز و ئیبراهیم دیاز لە پێکانەکەیان چاک بوونەتەوە، بەڵام زێدانی راهێنەر بۆ یارییەکەی ئەمشەو کێشەی لە هێلی بەرگری دەبێت، چونکە هەریەک لە سێرجیۆ رامۆس و ناتچۆ بەهۆی سزاوە ناتوانن یاری بکەن.





بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 18. Sep. 2019 No: (5830)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



چیمدی میدیا:
هونەر دەبێت خەڵک بەڕێوەی ببات

خەبات:سولێن سلێمان

هونەرمەند چیمدی میدیا حسێن لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ خەبات دەڵێت؛ لە ساڵی ١٩٩٥ لە گەرەکی"کارێزە وشک" لە شاری سلێمانی لە دایکبووم.

سەبارەت بە سەرەتای دەسپێکردنی کاری هونەری دەڵێت" کاری هونەری لە ڕێگەی باوکمەوە فێربووم چونکە باوکیشم هونەرمەندە، کە زۆر پشتگیری من دەکات لە ڕێگەی باوکمەوە توانیم بگەم بە ڕادەی ئێستا پێی گەیشتووم چونکە لە ڕێگەی باوکمەوە فێری ئالەتی موزیکی عود بووم هەروەها سازو کیبۆردیش ئەژەنم بەڵام زیاتر کیبۆردو ساز ئەژەنم ، چونکە هەر کەسێک کە دەبێت بە هونەرمەند پێویستە شارەزاییەکی هەبێت لە ئالەتە میوزیکیەکان، پیشتر کاری میوزیکم دەکرد، سەرەتا وێستم بچم بۆ پەیمانگای هونەرەجوانەکان لە سلێمانی بەڵام وەرنەگیرام ، دواتر یەکەم کلیپم بڵاوکردەوە لە ساڵی ٢٠١٦ دوێت لەگەڵ هونەرمەند "ئارس عوسمان" کە گۆرانییەکە بە ناوی(بۆ ڕوحی ئالان) گۆرانییەکە تایبەت بوو بە هونەرمەند ئالان عەلی کە بە داخەوە لە دەریای ئیجەدا خنکا ، ئەو پێش ئەوەی بمرێت ئەیویست ئە و گۆرانییە بڵێت بەڵام بەداخەوە نەیتوانی بڵێت؛باوکم و جێگری برام زۆر هاوکاری منن زۆر پشتگیریم دەکەن،لە بارە تۆزە کۆمەڵایەتییەکان دەڵێت؛ من ئێستا بە هیچ شێوەیەک تورە کۆمەڵایەتییەکان بە کارناهێنم وە بە تەواوەتی لێی دورکەووتومەتەوە.

لە بارەی هونەری ئێستا دەڵێت؛بەهۆی ئەوەی هونەرمەندانی ئێستا زۆر لاسایی هونەرمەندە بیانییەکان دەکەمەوە کلتوری ئێمە خەریکە لە ناو دەچێت، چونکە هونەر دەبێت خەڵک بەڕێوەی ببات، بۆ هونەرەی کە ئێستا هەیە چونکە هونەرمەند گۆرانی بۆ خەڵک و هەواداەکانی دەڵێت بۆیە دەبێت ئەوان بڕیار بدەن کە بەرهەمەکانیان لە چ ئاستێکدایە ، هەر دەڵێت؛ زۆر سەرسامی دەنگی هونەرمەندی گەورە (عەبدولقەهار زاخویی)م

لە پرسیارێکدا کە ئایا هیچ بەرهەمێکی نوێی بەدەستەوەیە لە وەڵامدا دەڵێت؛ بەڵی چەند بەرهەمێکی نوێم بەدەستەوەیە کە دوو لە وان بۆ پێش سەری ساڵ بڵاودەبنەوە کە لە تێکستی باوکمە، لە کۆتاییدا دەڵێت؛ڕێزو خۆشەویستیەکی زۆرم بۆ هەواداەکانم هەیە.

پەتات
فریت وێنەکەی زۆر بەکەمی لە هزر و مێشکماندا ماوەتەوە

ئاشتی گەرمیانی-هۆڵەندا

ئۆتۆمۆبێلێکی مۆدێل کۆنی سالانی چلەکان و پەنجاکان کە وێنەکەی زۆر بەکەمی لە هزرو مێشکماندا ماوەتەوە، بەڵام لەئەمڕۆی هاوچەرخی ئەوروپادا بە شێوازو نمایشێکی نوێوە دێتەوە مەیدانی جوانکاری خۆی (شۆفرلێت و جی ئیم سی و دۆج و زۆری تریش) ئەمانە لە مۆزەخانەو لەژیر دەستی پیشەسازەکاندا گرنگی پێ دەدەن و نمایشی دەکەن و دەیکەن بەو کۆشکە دوکانە گەڕۆکەی کە پەتاتەو هەمبەرگرو چای و خواردەمەنی و خواردنەوەی سەرپێی تێدا دەفرۆشرێت، بەڵام بە دیزاینێکی زۆر جوان کە سەرەنجی هەمووان ڕابکێشێت و بەدەم خواردنەوە نیگا لە هەموو جەستەیەکی ئەو نمایشە جوانە دەگرین کە مێژوویەکی دوورو درێژی ڕابردوومان بۆ دەهێنێتەوە پێش چاومان ، لە زۆربەی نێو جەرگەی پایتەختەکانی ئەوروپاو ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە لە ڕۆژئاوای ئەمەریکا ئەم وێنەیە دووبارە دەبنەوە و خەڵکانیش دێن لەسەرشەقامەکان تاوێک بەتەماشاو خواردن و خواردنەوە زیندووکردنەوەی ئەو کەلتوورە دەبین ، تەنها ئۆتومبیلەکە نییە ! بەڵکو کۆمەڵێک دیزاینی تری تێدا دەکرێت وەکو بەکارهێنانی کەرەستە زیندووەکان لە جل و بەرگ و دارو سەتڵ و پۆشاکی سالانی بیستەکان بەدواوە ، لەم سالانەی دوایدا لە کەرنەڤاڵ و ئاهەنگە تایبەتی یەکانی هاوینەو زستانە لە ناوەڕاستی شار شوازێکی بەوشێوەیە دروست دەکرێت و سەرەنجی هەموو خەڵکان ڕادەکێشن ، ئەوەشمان لەبیر نەچێت تاکە خواردنی ئەوروپییەکان و ولاتانی تر ئەو پەتاتەیە کە بە فینگەر ناسراوەو بێگومان خواردنەوەیەکیشی لەگەڵدایە وەکو نووسراوە بەدەم ڕێگاوە.





مالّی دۆست لە کوێیە لە ئیسفەهان نمایش کرا

بەرهەم شێخ عزدین

ئەمسال حەوت بەرهەم لە بەشی فیلمە نۆژەنکراوەکانی سینەمای منداڵان و پێنج بەرهەم لە بەشی فیلمەکانی پڕ لە یاد و بیرەوەریی لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمەکانی منداڵان و میرمنداڵانی ئێران نمایش کران. بەپێی ڕاپۆرتی لێژنەی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندنی سی و دووهەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمەکانی منداڵان و میرمنداڵانی ئێران، فیستیڤاڵی ئەمسال میواندارییە بەشێکە بە ناونیشانی "نمایش کردنی فیلمە نۆژەنکراوەکانی سینەمای منداڵانی ئێران". ناوەکانی ئەو فیلمانەی کە لەم بەشەدا نمایش دەکرێن، بریتین لە؛ "ساز دەهەنی" لە دەرهێنانی ئەمیر نادری، "مالّی دۆست لە کوێیە؟ "لە دەرهێنانی عەباس کیارۆستەمی، "نیاز" لە دەرهێنانی عەلیرەزا داوودنیژاد، "بەرهەمە هەڵبژاردەکانی بنکەی بارهێنانی هزریی منداڵان و میرمنداڵانی ئێران"، "شاری مشکەکان" لە دەرهێنانی مەرزیە برومەند، "دزی بووکەڵەکان" لە دەرهێنانی محەمەدرەزا هونەرمەند و "پاتاڵ و ئاواتە چکۆلەکان" بەرهەمی مەسعوود کرامەتی. ئەم فیلمانە لە دوو سینەمای پەردیسی سینەمایی چوار باغ لە هۆڵی چل ستوون و لە هۆڵی ئیسفەهان سیتی سەنتەری 4 نمایش کران.

چا
دەبێتە هۆی کەمی ماددەی ئاسن؟



زۆر خواردنی چا ڕەنگە ببێتە هۆکاری کەمی ماددەی ئاسن لە لەشدا ئەگەر بڕێکی زیاتر لەو ڕێژەیەی کە دانراوە کە خواردنی زیاتر لە پێنج کوپ چایە لە ڕۆژێکدا،دکتۆر گۆڤان محەمەد پسپۆڕ لەجوانکاری بەڕۆژنامەی خەباتی ڕاگەیاند: ئەو خواردنانەی کە ڕێژەیەکی کەمتر لە ماددەی ئاسنییان تێدایە لەوانەیە زیاتر هۆکار بن بۆ کەمی ماددەی ئاسن چای ڕەش زیاتر ئەبێتە هۆکاری کەمی ئاسن بە بەراورد بە چای سەوز.هەروەها ئەو پێکهاتەیەی کەلە چا دا هەیەو دەبێتە هۆکاری کەمی ئاسن پێی دەوترێت "تانیین" کە بە هۆی یەکگرتنی لە گەڵ ماددەی ئاسن دەبێتە هۆی دروست بوونی ماددەیەک کە هەڵمژینی لە لایەن گەدەوە زۆرکەمتر بێت .هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند خواردنەوەی چا یەکسەر دوای نان خواردن ئەبێتە هۆی کەم کردنی مژینی ماددەی ئاسن بە ڕێژەی لە سەدا پەنجا خواردنەوەی چا بە یەک سەعات دوای نانخواردن کاریگەری لەسەر ماددەی ئاسن نابێت.

ئەمازۆن کەوتووەتەوە، تا ئێستا لە پۆلیۆپیا ڕووبەری 500هەزار هێکتاری لێ سووتاوە و لە بەرازیلیش چەند هەزار هێکتارێک سووتاوە، بەڵام ڕوونکردنەوە لەبارەیەوە نادرێت.بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی چاودێریی دارستانی جیهانی(WRI) کە لە 25ی نیسانی 2019دا بڵاویکردووەتەوە، لە ساڵی 2015وە تا ئێستا، ڕووبەری 800 هەزار هێکتار لە دارستانەکانی ئەمازۆن لە ناوچووە

ئەکتەری بەناوبانگی ئەمەریکی، لیۆناردۆ دیکاپریۆ، بڕی پێنج ملیۆن دۆلاری وەک هاوکاریی بەخشییە هەوڵەکانی کۆنترۆڵکردنی ئەو ئاگرەی ماوەیەکە لە دارستانەکانی ئەمازۆن کەوتووەتەوە و بەردەوامە.

بەپێی ڕاگەیەنراوێکی ڕێکخراوی ژینگەیی Earth Alliance کە دیکاپریۆ دایمەزراندووە، بڕی پێنج ملیۆن دۆلار دەبەخشن بۆ هەوڵەکانی کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکەی ئەمازۆن.بەپێی ڕاگەیەنراوەکە، ئەو بڕە پارەیە ڕاستەوخۆ دەدرێتە هاوبەشە خۆجێییەکان و ئەو خەڵکە خۆجێییەی بەرگریی لە ئەمازۆن دەکەن.

ئەو ئاگرەی لە وڵاتانی بەرازیل، پیرۆ، پۆلیسڤیا و پاراگوای دارستانەکانی ئەمازۆنی گرتووەتەوە، لە دوو هەزارو 500 خاڵدا بەردەوامە. دارستانەکانی ئەمازۆن کە دەکەوێتە بەشی باکووری ئەمەریکای باشوور، ڕووبەرەکەی پێنج ملیۆن و نیو کیلۆمەتر دووجایە و خاوەندارێتی لە چەندین جۆری ڕووەک و ئاژەڵی کێوی دەکات. ئەو ئاگرەی لە دارستانەکانی

کاتێ مۆبایل گەرم دەبێت چی ڕوودەدات

ئەندازیار کێوان حەسەن

بەوپێیەی هاوینی ئەمسال زۆر گەرمە و پلەکانی گەرما زۆر بەرزبوونەتەوە، بۆیە لەپاڵ کاریگەری ئەم شەپۆلە لەسەر تەندروستی مرۆڤ کاریگەری لەسەر ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانیش هەیە لەنێویاندا مۆبایلی ئایفۆن. کۆمپانیای ئەپڵ هەوڵ دەدات کەمۆبایلەکەی بەرگەی پلەی گەرمی سفر بۆ ٣٥ پلەی سەدی بگرێت بەڵام ئەگەر گەرمتر بوو ئەوا ئایفۆن شێوازی کارکردنی دەگۆڕێ تا کۆنترۆڵی پلەی گەرما بکات.دەکرێ بەکارهێنانی ئایفۆن لەپلەی سەروو ٣٥ پلەی سەدیدا کاریگەری لەسەر تەمەنی باتریەکە بکات ئەمەش ئەپڵ پشتڕاستی کردۆتەوە. کاتی مۆبایلەکەت گەرم دەبێ باتریەکە تەمەنی کەم دەبێتەوە و لەبەرامبەردا ناهێڵێت پێکهاتەکانی ناوەوە زیانیان پێ بکەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا درەنگتر و هێواشتر بارگاوی دەبێتەوە، ڕووناکی شاشەکەی دادەبەزێت و شەپەکەی لاواز دەبێت. هەروەها هەندێ جار فلاشی کامێراکە لەکاردەکەوێ و مۆبایلەکەت لەوئەپڵیکەیشنانەی کەپشت بەگرافیک دەبەستێ، هێواش دەبێتەوە.ئەگەر نامەی ئاگادارکردنەوە لەبەرزی پلەی گەرما دەرکەوت لەسەر مۆبایلەکەت، بۆیە یەکەم شت پێویستە بیکەیت، کوژاندنەوەی مۆبایلەکەت و گواستنەوەیەتی بۆ شوێنێکی فێنک.

- ئەگەر هەر بەردەوامبوو:
- مۆبایلەکەت لەئامێرەکانی تر دوورببەرەوە
- ئەو ئەپلیکەیشنانەی بەکاریان ناهێنیت بیانسڕەوە
- مۆبایلەکەت بارگاوی مەکەرەوە تا سارد نەبێتەوە
- هەر کەڤەرێک هەیە بەسەر مۆبایلەکەتەوە لاببە

